# تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارسان دا

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان
بەرێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

ئەدەبیات و کلتووری یارسان 1

# تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارسان دا

## لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی ئەدەبی کوردی
و
## سەرەتای سەرهەڵدانی شێعری سۆفیگەریانەی ژنی کورد

نامق هەورامی

2011


**تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارسان دا**

- نووسەر: نامق هەورامی
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: چۆمان عادل
- نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- نەخشەسازیی ناوەوە: چۆمان عادل
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: ٢/١ A٤
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٨٠٩)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی کەمال
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (٢١١٨)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشـنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

ئەم هەوڵە پێشکەشە بە:

- براو مامۆستام... فەلەکەدین کاکەیی

رامانەکانی ئەو زۆر دەرگایان لێکردمەوە تا لێیەوە تێکەڵی فەلسەفەی ئەم ئایینە ببم.

- بە پیر و رابەر و یارانی یارسان

کە سنگیان کردە ئەرشیفی پاراستنی ئەم سامانە گەورەیەی نەتەوەکەمان.

بەرایی...

## ژن لە فەلسەفە و عیرفاندا

فەلەکەدین کاکەیی

### بەرکۆڵ:

کارلێکردنی فەلسەفە و عیرفان و سۆفیگەری ئەوەندە توندوتۆڵە مرۆڤ کە دەچێتە سەرباسی عیرفان وا دەزانێ لە ناو قوولاّیی فەلسەفەدا دەخولێتەوە، هەروەها پێچەوانەکەی، بەڵکو زەحمەتە سنوور لە نێوان هەردووکیان بکێشین یا دیاری بکەین، چونکە هەردوو لەیەك سەرچاوەوە هاتوون، ئەویش سەرسامی ئینسان و رامانی بەرامبەر بەم گەردوونەیە. هەر لەحزەیەك بەبێ پەردە چاو هەڵبێنێ خۆی لەو جیهانە نادیار و نەزانراوەدا دەبینێ کە ناشزانێ بۆچی لێرە وایە و کێ لێرە دایناوە و، چ هێزێکی شاراوە لە پشتی ئەم دەزگای وجودەیە.

ژن بەرامبەر بە پیاو: ئایا تەواوکەریەتی؟ یا نیوەکەی دیکەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە رامانیی قووڵی فەلسەفیی دەوێ، خۆ ئەگەر ((تەواوکەری)) پیاو



بێ واتە: تەنیا پاشکۆیەکە و وەزیفەی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەیە کە پیاو هەیەتی. کەواتە: پیاو، بە تاکی تەنیا، چیی بە سەردێ و چۆن لە بوونی خۆی تێدەگات...؟ لێرەدا دەبێ زەینمان بۆ ئەوە بچێ کە ژن پاشکۆی پیاو نییە تا پەراوێزێکی بۆ بڕازێنێتەوە، بەڵکو وجودێکی سەربەخۆیە، تەنانەت دەشێ بڵێین کە پیاو پاشکۆی ئافرەتە: چ لە مناڵییەوە، یا لە جوانی و گەنجێتییەوە یا لە دامەزراندنی هاوبەشی لانە و مناڵ وەك جووتێ پەڕەسێلکە کە بەبێ مۆڵەت و بێدەنگ قوڕ و پووش و پەڵاش دێنن تا لە پەناگەیەکی حەشاردا لانەکەیان دابمەزرێنن.

ئەگەریش بڵێین کە ژن ((نیوەیەکی دیکەی)) پیاوە، ئەدی پیاو بەبێ ژن هەر بە ((نیوە و نیوە چڵی)) نامێنێتەوە؟ کەواتە: بۆچی ناڵێین کە پیاو نیوەکەی دیکەی ژنە، کە ئەمەیان لە لۆژیکەوە نزیکترە. چونکە ژن بەبێ پیاویش ژیاوە، بەو بەڵگەیە (کە هێشتا ساغکردنەوەی زەحمەتە) کە لە خودی وجودی ژندا تۆخمی ژنانە و تۆخمی پیاوانە هاوێتەن. لێرەدا رەنگە یەکێك بڵێ کە وجودی پیاویش جمکە.

بەلاّم وا پێدەچێ کە ژن ئەسڵەکە و سەرچاوەکەیە وەکو بیرمەند و رۆماننووسی میسری (نەوال سەعداوی) دەڵێت:

سروشت ویاسای ژیان و گەردوون لەسەر پێکەوە بوون و نەبوونی دوانەیە، واتە: دووئالی و دووفاقە، هیچ کامەیانیش بەبێ ئەوی دیکە "تەواو" نییە.

# ژن لە ئاست و پلەی بیری فەلسەفیدا

هەر وەختێك باسی فەیلەسوف و عارف (خۆناس و خواناس) ئەکەین، بەبێ ئاگا، مەبەستمان پیاوە وەك بلێی ژن بە پلەی فەلسەفەیا عیرفان ناگات، لەکاتێکدا ئەگەر ژن، لەو پایینەی بیری لێدەکەینەوە، بمێنێتەوە ئەوا پیاویش قەت بەوێ ناگات. بە پێچەوانە... ژن سەرچاوەی فەلسەفە و عیرفانە، لە چاوپێخشاندنی کورت و خێرای تۆماری فەیلەسوفاندا، بەوە دەگەین کە ژن یەکەم مامۆستا و رێنومایییکەری پیاوانە بەرەو ئاقاری فەلسەفە و عیرفان.

جارێ، ئەگەر سرووشتی شاراوەی ژن و پیاو نەبا، ئەوا هیچ پیاوێك بە پلەی بەرزی عیشقی فەلسەفە و عیرفان نەدەگەیشت. لە ژیان و ئەزموونی هەر عاشقێکی مەزن ژن هەیە، چ دیار نادیار، چ ناسیاو، یان ناسیار (نەناسیاو).

هەر فەیلەسوفێکی مەزن لە دەستی مامۆستا ژنێکی مەزن فێربووە.

نە بەس لەم دونیا (یا لەم دیوی دونیا) بەڵکو لە دیوەکەی دیکەی دنیاش ژن دەبێتە داوەر و پاداش، یا سزای ویژدانی ئینسان چ پیاو بێ یا ژن. لە کلتوور و ئایینی زەردەشتی هاتووە کە (دئنا = دنیا = دین = ویژدان) یارمەتیدەری ئینسانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی بەختەوەر یا چارەنووسی مەینەتباری خۆی، واتە: مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردندا ئەویش بە هاوکاری و رێنومایی ویژدانی خۆی (کە ئەم ویژدان، دین و باوەڕ و ئایینیەتی).

لە دوای مردن رۆحی ئینسان بەرهەمی چارەنووسی خۆی دەناسێتەوە. ئەگەر ویژدانی ئەو بەرەو راستکرداری و راستگۆیی و چاکە رێنومایی کردبێ ئەوە پاداشتی دەبینێتەوە، کە لە شێوەی کیژێکی پاکی هەرەجوان بە خۆشی



پێشوازی لە رۆحی دەکات، کە ئەوە ویژدانی پاك و دروستی خۆیەتی.

ئەگەریش خراپە و کاری ناشرینی لە دەس دەرچووبێ ئەوا سزای لە شێوەی پیرەژنێکی کەنەفتی دزێودا تووشی دەبێ.

## ژنان له پیاوان نزیکترن له رۆشنبوونەوە

(ئیکهات تۆ)ی ئەڵمانی، تازەترین رۆشنبووی بێداری رێگای بوداییزم دەڵێ: ژنان له پیاوان نزیکترن لەوەی زووتر به رۆشنگەری رۆحی بگەن، چونکه ژن ئاسانتره بۆی به جەستەی هەستبکات و تێیدابێ، واته: له (بوونەوه Being) نزیکتره هەر بۆیەش زووتر له پیاو به رۆشنبوونەوە دەگات، یانی زووتر هەست به کامەرانی و خۆشبەختی ئەکات، هەر بۆیەش کلتووره کۆنەکان وێنەی چارەی ژنیان دەکرد به هێمای حەقیقەتی نا ـ شەکلی، بەڵکو حەقیقەتیان وەکو رۆحمێك (منالّدانێك)یان دەبینی که هەموو شت دەزێ و له ژیانی شەکلییدا خۆراکی پێدەدات و دەیژینێ.

له کتێبی (تائۆی گۆڕانکاری سەرمەدی) که گرنگترین کتێبی چینییه: (تائۆ = دائۆ) بەمانای بوون وەسف دەکرێ... که: ((تائۆ دایکی هەتاهەتایی گەردوونه، و هەمیشەش له ئێستادا ئامادەیه و ... ئافرەت، بەپێی سروشتی خۆی، نزیکتره له دایکی گەردوون تا پیاو، چونکه ئافرەت بەرجەستەی ((نادەرکەوتەیه)). لەوەش زیاتر، گشت بوونەوەر و هەموو شتەکان له کۆتاییدا بۆ سەرچاوگەکە دەگەڕێتەوە. هەموو شتێك له نێو (تائۆ = تاو Tao)دا لەبەرچاوان نامێنی، که له کاتێکدا تائۆ هەرخۆی بەتەنیا بەردەوام دەبێت. هەر لەبەر ئەوەش که سەرچاوگەکە به ژن و مێینه دەزانرێ، ئەوا ئەم سەرچاوەیه به دوو لایەنی رووناکی و تاریکی نموونەی مێینه له زانستی سایکۆلۆجی و میسەلۆجیدا وێنادەکرێت. خواوەندەکانیش یا دایکی خواوەندی دوو لایەنی هەیه:



هەم ژیان دەبەخشێ هەم ژیان دەباتەوە (دەسەنێتەوە).

کۆمەڵگاکانی بەشەر وەختێك له حەقیقەت و رۆحی خواوەندیی خۆیان دابڕان ئیتر خوایان له چەشنی چارەی نێرینه دەتدیتن و، کۆمەڵگا بوو به نێرینه و، مێینه کەوته ژێر دەسەڵاتی نێرینەی پیاو.

بۆ ئەوەی جارێکی دیکه عەقڵ بەجێبهێڵین و پەیوەندی به حەقیقەتی (بوونەوه) بکەین، پێویستمان به خەسڵەتی مێینه هەیە، که به رووی ژیاندا بکرێنەوه و مقاوەمەی هیچ شتێکی (بوون) نەکەین، بەڵکو هەموو شتەکان بگرینه ئامێزی رۆحی وجودمان. له کاتێکیشدا وزەی عەقڵ به هێز و پتەوی دەناسرێ، ئەوا وزەی (بوون) به نەرم و نیانییەوه دەبینرێ، بەڵام له عەقڵ زۆر بەهێزتره. لەکاتێکدا عەقڵ بەسەر شارستیماندا زاڵه، ئەوا (بوون) بەرپرسه له گشت شێوه و دیاردەکانی ژیانی ئەرز و، پشتی ئەوەش. بوون هەر هەمان ژیرییه که گەردوونی مادی روونترین دەرکەوتەکانیەتی. هەرچەنده ژنان له وزەی گەردوونەوه نزیکترن، وەلێ پیاوانیش دەتوانن له دەروونی خۆیاندا پێی بگەن. لەم سەردەمەدا هێشتا زۆرینەی پیاوان و ژنان گیرۆدەی چنگی عەقڵن... ئا ئەوەیه که رێگه دەگرێ له رۆشنبوونەوەیان.

شادمانیی (بوون): لێرەدا جێگەی خۆیەتی، به کورتی، مەبەستی نووسەر له (بوون) روون بکەینەوه. دەنووسێ که: بوون تاکه ژیانی سەرمەدی هەمیشه ئامادەیه، ئا له ئێستادا، و له پشتەوەی شێوه فره لایەنه جیاجیاکانی ئەم ژیانانەیه که رووبەڕووی لەدایکبوونەوه و مردن دەبێتەوه. (بوون)، له سەرێکی دیکەوه تەنیا له پشتی ئەو شتانەوه نییه، بەڵکو له قووڵایی هەموو شێوەکه، وەك قووڵترین جەوهەری نەبینراوه که له فەوتان

نایەت. ئەوە بە مانایایەکە هەر ئێستا تۆ دەتوانی بەو (بوونە) بگەیت کە قوولترین بەشی خۆتە (دەروونتە) و سروشتی راستەقینەتە. بەلام نابێ هەولبدەیت بە هێزی عەقلّ ئەو حەقیقەتە بگریتە چنگ (بێنێتە دەست). هەولّ مەدە لێی تێبگەیت. تەنیا دەتوانی بیناسیتەوە ئەویش لەو کاتانەی کە عەقلّ هێمن و ئارامە. جا هەر کاتێك ئامادە ببی (لە ئێستادا ببی) و ئا لە ئێستادا بە تەواوی وریا و هۆشیار ببی... ئەو کاتەیە دەتوانی هەست بە بوونەکەت بکەیت، بەلام ناتوانرێ بە عەقلّ لێی تێبگەین. کەواتە: حالّەتێکی ((دەرکی هەستە)) ئەویش بە گێڕانەوەی تێگەیشتن لە بوون و، مانەوە لەو حالّەتەدا... ئا ئەوەیە ((رۆشنبوونەوە)).

دیارە خەریکە لە بابەتەکە دەردەچین. پوختەی دێڕەکانی پێشوو لە دەوربەری فەلسەفەی ((ئێستا)) و ((ئێستا لێرەدا)) دەخوولێتەوە کە لە رێبازی ((زەن))ی بودایی ژاپۆنی و کەلتووری بودایی، بەگشتی دێتە دەس.

ئەو کتێبەش کە ئاماژەم بۆ کرد هەر بە ناونیشانی ((هێزی ئا ئێستا، یا وزەی ئێستا))یە کە رێنومابییە بەرە و رۆشنایی و رۆشنبوونەوەی رۆحی(١).



## سۆفیگەری ژنانە

رەنگە وشەی ((ژنانە)) لێرەدا بە دیقەت مانای خۆی نەداتە دەست، چونکە سۆفیگەری هەیە و بەس، چ پیاو شوێنی بکەوێ، یا ژن.

لە سالانی دواییدا لەو سۆفیگەرییە دەکۆلّنەوە کە ژن دایدەنێ، واتە: توێژەرانی زانستی بەوەش گەیشتوون کە ژن لە پیاو کەمتر نییە لە بواری سۆفیگەری و فەلسەفەدا، هەروەکو بوارەکانی دیکەی ژیان.

لەبەر ئەوەش کە باسەکەم دەربارەی (ژن لە فەلسەفە و عیرفاندایە) هەر بۆیەش بە پەسەندم زانی سەرێك لەم توێژینەوەش (٢) بدەین کە (کارول بی کریست) سالّی ٢٠٠٦ دایناوە، بەگشتی لەبارەی کۆشش و رامانی ژنان لە ئەزموونی سۆفیگەری دەدوێ. واتە: دەشێ ناونیشانی کتێبەکە، بە کوردی، ئەوەبێ: سۆفیگەریی بەرهەمی ژن، یا سۆفیگەریی هی ژن، یا رێبازی ژنان لە سۆفیگەریدا، یا: سۆفیگەری لە دیدی ژنانەوە...

مەبەستم لە گواستنەوەی زانیاریی ئەم تۆژینەرە نزیکخستنەوەی مەرامی بەرایی من و کتێبەکەی کاك نامیق هەورامی یە، کە ئایا ژنان تا چ رادەیەك بە قولایی سۆفیگەریدا چوونە، چونکە ناشێ ئەم جیهانە رۆحانییە تەنیا پاوانی پیاو بێ، دەبێ ژنانیش زیاد یا کەم (رەنگە زیاتر و قوولتریش) غەرقی ئەو جیهانەنە، نەخاسمە دیتمان کە چۆن لە فەلسەفەی ((ئێستا و... ئا ئێستا))دا ژن نزیکترە لە سروشتی مرۆڤانەی خۆی و لە خودی سروشتی ماددیش و، بە ئاسانی دەچێتەوە حالّەتی هەست بە بوونی خۆی، کە دۆخێکی قوولّی سۆفیگەری و عیرفانە، بەلّکو سەرچاوەی بیری فەلسەفی و

سۆفیگەرییە. هەر بۆیەش دەبێ ئافرەتیش، وەك پیاو، لە جیهانی سۆفیگەریدا نوقوم بووبێ، بەڵكو زیاتریش. هەروەك لە كۆتایی ئەم بەراییە دەبینین كە... هەر وەختێ بارودۆخی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بواری دابێ ئەوە ژن، لە تێگەیشتن و وەرگرتنی فەلسەفە و سۆفیگەریدا، هیچی لە پیاو كەم نییە، وەك لە قوتابخانەی فەلسەفیی فیساغۆرسی یۆنانی دەردەكەوێ، هەروەها لە حاڵەتی دەگمەنی ئەم ژنانە لەم كتێبەدا، كە نموونەی ژیری و تێگەیشتنی ژنی كوردستانە، هەر لە (جەلالە خانم لوڕستانی — لەدایكبووی **٣٨٧**ی كۆچی)یەوە، تا نزیكەی ١٤ ژنی دیكەی كوردی یارستان كە زۆربەیان لوڕستانی، یا هەورامانین، كە هەر یەكە بەشێوەیەك و لە سەردەمی خۆیدا سەرمەستی ((پیاڵەی)) رازی قووڵی یارستانین و باس لە رۆشنبوونەوەی ((زێڵ)) واتە: دڵ و مێشك و دەروون دەكەن. هەرچەندە بەرهەمی كورتیان لێ بەجێماوە، بەڵام ئەوەندەش بەسە بۆ دەركەوتنی پلە و مەقامی ژنانی كوردستان، لە سەدەی چوارەمی كۆچییەوە تا سەدەی هەشتەم و نۆیەم. جەلالە خانمی لوڕستانی، بەخۆی دەڵێ —بە پێی- (وەرگێڕان لە هەوارامانییەوە بۆ سۆرانی ئەمڕۆ:

مەستم لە بادەی رۆژی ئەلەستی تۆ
بەسە یەک جامیٚ مەی لە دەستی تۆ
ئاوێنەی دڵم رۆشنە وەک مەی
بۆیە من بوومە مەی پەرستی تۆ



چ جوان و قووڵە ژنە كوردستانییەك بەر لە هەزار ساڵ زیاتر بچێتە ئەنجومەنی پیاوان و ژنان سەربەست و سەرفراز لە جامی مەیی عیرفانی و رۆشنبوونەوەی دڵ بدوێ... وەك دەڵێن ئەم ژنانە لە سەردەمی خۆیان تەمیرە (تەمبوور)ەشیان ژەنیوە و لە تەك پیاواندا بە ئاواز و ئاهەنگی ئاسمانی عیرفانی و سۆفیگەری سروودی خۆیان خوێندووە.

جەلالە خانمی هەمیشە رەوان شاد، ئەو ژنەیە كە لە كۆشیدا خواناس و عاشقێكی سۆفیگەری و مۆزیكی وەك شاخۆشێنی لوڕستانی پەروەردە كردووە، كە هەر بەخۆی دەورەیەكی گرنگی یارستانییە و بە زمانی كوردی (زاراوەی هەورامی) بەشێكی فەرهەنگی كوردیی پێش ئیسلامی ژیاندووەتەوە و دەزگایەكی گەورەی بۆ كۆمەڵگای یارستان دامەزراندووە كە تا ئێستا هەرماوە و تا دێ دەوڵەمەندتر و فراوانتر دەبێت.

لێرەدا با بچینەوە سەر مەبەست كە سۆفیگەریی هی ژنانە.

(كارول بی كریست)ی نووسەر، لەو كتێبەیدا، دەڵێ:

ـ ژنانیش هەوڵدەدەن رێڕەوی پێگەیشتنی رۆحانی ببڕن و بە دۆخی (بێداری) و (رۆشنبوونەوەی) دڵ و مێشك بگەن.

بۆ نموونە ئەدەبی ژنانە ئەوە نییە تەنیا ئافرەت نووسیبێتی، كەواتە رەگەزی مێینە بە تەنیا نابێتە هۆی ناولێنانی بە ئەدەبی ژنانە، بەڵكو بیروبۆچوون و جیهانبینییەكەیەتی. واتە: دەق یا تێكستی ژنانە ئەوەیە كە ژن وەك كاریگەر و كردگار وەربگرێت. ئەو جۆرە دەقە تواناى ئەوەی تێدایە تا دیدی مەعرفی و ئەنەتۆلۆجیی ئافرەت بۆ پەیوەندی تێكست وەرگەڕێنێ، كە وەرگەڕاندنی دەقی هاوێتە بە خەمی پەراوێزكراوی مێینەییە، ئەو مێینە گەرایەكە كە لە

کەلوبەری ئەم کلتوورەدایە، واتە: ئەو مێینە گەرییەیە کە پەراوێزی کەلتووری کۆمەڵگای داگرتووە.

نووسەر هەروەها دەڵێ:

ـ لە سۆفیزمی کلاسیکیدا ((فەنابوون)) ئامانجی سەفەری سەختی سۆفییە کە لەتەك خودییەتی تەسکی خۆیدا دەیبڕێ. کەواتە: سۆفی هەمیشە دەگەڕێ تا بەڵکو لەگەڵ ((خودی بالادا)) یەکبگرێتەوە، کە ئەوە رەنگە بەخۆی ئامانجی خودی سەفەرە رۆحییەکەی نەبێ.

(لێرەدایە کە...) مەرج نییە ژنیش هەمان ئامانجی هەبێ لە سەفەری رۆحییدا. هەر لەبەر ئەوەش کە ئەزموونی ئافرەت لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ کۆمەڵگا و مێژوودا بازنەگەل و رێڕەوگەلی جیاوازی هەیە لەوەی پیاو هەیەتی، ئەوا مەرامی ژنان لە سەفەری رۆحیاندا. سەرەتا یەککگرتنەوە لەگەڵ خودی خۆیاندا و ئاشتبوونەوە لەگەڵ جیهاندا.

لەکاتێکدا سۆفیی پیاو هەوڵ دەدا گۆشەگیری ببێ و، بەشێوەیەکی کاتیش بێ، لە کۆمەڵگا خۆی دابڕێت تا (ئازادانە) سەفەرەکەی بباتە سەر، ئەوا بەرزترین ئامانجی ژنان تێکەڵبوونەوەیە بە کۆمەڵگا، ئەو کۆمەڵگایەی کە پێشووتر، لە جیابوونەوە لێی ئازاریان چێشتووە، تا بۆ خۆیان جێگەیەکی لێبوردەیی لە کۆمەڵگاکە دەدۆزنەوە، قبوولیان دەکات و دەرفەتی فراوانی ئازادییان بۆ بەجێدێڵێ. ئەو ئامانجەش رەنگە لە میانەی ئەزموون لە سروشت، یا لە میانەی پەیوەندیی میهرەبانانەی ویژدانیی مرۆڤایەتییەوە، بەدەست دێن.

نووسەر بایەخی گرنگ بە دۆخی بێداری و بێداربوونەوە دەدات و وتەی



(شوبین)(٣) لەم بارەوە بەیاددێنێ کە: "سەرەتای شتەکان لەم جیهانەدا، بەتایبەتی، تێکەڵ و پێکەڵ و لێڵ و تێکچرژاو و ئاڵۆزە، زیادیش ئاڵۆزە... نازانم چونکە کەمینەیەك لە ئێمە، هەر لە سەرەتای دەسپێکەوە، بێدار دەبنەوە و هەوڵدەدەن تێبگەن!".

هەروەها دەنووسێت:

سەفەری رۆحیی ژنان دادەکۆکێ (دادەچەقێ) لەسەر بێداری ئافرەت و وریابوونەوە لە ناخی رۆحیدا و پێگەی لە گەردووندا. سەفەری رۆحییان لەحزەگەلی تێر لە رامان و دەستی یەکبوون دەگرێتەوە، بەلام بەشداریی بە کۆمەڵ بەهێزتری دەکات. سەرەتای سەفەرەکەی، دەشێ چەند پرسیار بێ ژنەکە لە خۆی دەیکات وەك: من کێم؟ و بۆچی ئالێرەدام؟ و جێگەم لە گەردووندا چییە؟... ژن دەبێ گوێ بگرێت لە دەنگی تایبەتی خۆی لە کاتی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەش ژن دەبێ گوێ لە دەنگی تایبەتی خۆی بگرێت و زاراوە و مانا و چەمکی هەڵقولاوی ئەزموونی خۆی، بدۆزێتەوە. دەبێ داب و نەریتی جێگیر و نەگۆڕ تێکبشکێنێ، ئەو دابونەریتانەی کە رێگە دەگرن لە سەفەری ئازادی رۆحانی، کە هەمیشە والێدەکات لە جیاتی رازیکردنی خودی خۆی، هەمیشە ناچاری دەکەن لە دەوروبەری داوای "رەزامەندی" بکات گەرنا خۆی ئازاد نابینێ...

(بی کریست) باس لە ئەنجامی پێشکەوتنی ژنانی سۆفی دەکات. دەڵێ کە لەو هەوڵدانە رۆحییەدا بەوە دەگەن کە بایەخ بە پتەوبوونی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوانیان و بەهێزبوونیان بدەن. زۆرانێ لەو ژنانە هەوڵ دەدەن لە سروشتدا بەهێزتربن و ریشەداربن و لە ناخی سرووشتەوە.

نووسەر دەڵێ: زاڵبوونی کەلتووری نێرینە دژ بە کەلتووری سروشتییە.

بەشێکی زیادی کەلتووری ژنان لە راستیدا گیانی سروشت و پرۆسە سروشتییەکان بە خۆیا دەگرێتەوە. واتە: فەرهەنگی ژنان تەعبیر لە بۆچوون و چەمکێکی زیاتر تێکەڵاوی پەیوەندیی نێوان سروشت و ئازادییە.

لەسەر ژنانی فەیلەسوف و لاهوتووتییەکان دەمێنێتەوە تا فەلسەفە و بۆچوونێکی نوێ بۆ سروشتی بەشەری بدۆزنەوە و دابهێنن.

نووسەر دەڵێ کە ئەو پرۆسەیە بە کردەوە دەستی پێکردووە، بەڵام وەکو هەر وەرچەرخانێکی کەلتووری وەختی زیادی گەرەکە.

لە سەرێکی دیکەوە ژنان بەردەوامن لە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵایەتی و چاککردنەوەی پێگەیان لە کۆمەڵگادا و بەدەستهێنانی ئازادی فراوانتر.

نووسەر هەروەها دێژێ کە هەوڵ و تێکۆشانی رۆحانیی ئافرەتان پێچەوانە نییە لەگەڵ هی کۆمەڵایەتییان، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. ئەو ژنانەی ئەزموونی رۆحییان دەوڵەمەندتر بووە چاکتر بەوە گەیشتوون کە دەتوانن گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیاندا ئەنجام بدەن. چونکە هەوڵدان لە سەفەری رۆحییاندا دید و بۆچوونی تازەیان بۆ دەکاتەوە و هێز و توانای مەعنەوی زیاتریان پێ دەبەخشێ تا لە تێگەیشتنی تازەی (هێز)دا پێشبکەون و وزە نووستوەکانیان چ بەرامبەر سروشت یا کۆمەڵگا، بدۆزنەوە و بەگەڕ بخەن.

ژنان بەو بڕوایە گەیشتوون ئیتر دەتوانن بەسەر زۆرێک لە دەرد و ئازار و برینی کۆنا زاڵبن، لە جیاتی ئەوەش بەدیلی باشتری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان بدۆزنەوە و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان، ئەو دەزگایانەی تا ئێستا دانیان نەدەنا بە توانا و هێزی ئافرەتاندا. کەواتە: سەفەری رۆحیی ژنان



بەدیلی کۆشش و هەوڵدانی کۆمەڵایەتییان نییە، بەڵکو رەهەندێکی تێکۆشانی فراوانتری ئەو ژنانەیە کە خۆیان بۆ خوڵقاندنی جیهانێکی نوێ تەرخان کردووە.

ژنانی پێشگو و غەیبزان و (جادووگەر): یەکەمین مرۆڤی فەیلەسوفی مێژووی بەشەرییەتن.

دیارە، لە سەرەتاکاندا، هەر پەرستگا و جێگەیەکی پیرۆزی سەردەمی خۆی (عرافە = عەڕافە)ی تایبەتی هەبووە، پیاوان و ژنان، بەتایبەتیش گەورە پیاوانی سەردەم، دەچوون بەخت و داهاتووی خۆیان دەپرسی و وەڵامێکیان (هەندێ جار) لە پشت پەردەوە وەردەگرت، دەنگیان دەشنەفت کەسیان نەدەدی. ئێستاش لە ژیانی زۆر لە سەرکردە و ناودارانی سیاسەت و هونەردا ناوی پێشگۆ (عەرافە) دەبیستین، کە بە نهێنی پرسیان لێکردوون.

ئەم ژنە عەڕافانە چەندین ناو و ناونیشانیان لێدەنرا، کە لە زمانی کوردیدا هاتووە وەك: ئەستێرەناس، بەختگرەوە، فالبین، فاڵچی، جادووگەر، غەیبزان، ساحیر، سیحرباز، غەیبگۆ، پێشکۆ، دەستخوێنەر، پزیشك، پێزان، لێزان و... ناوی دیکە. هەمووش بە گشتی ئاماژەنە بۆ زانین و ژیری و شارەزایی و لێهاتوویی ئەم ژنانە... (دیارە ئەو ناوانە پیاوانی لێزانیش لەو بوارانەدا، دەگرنەوە).

وابزانم لە نێو ناونیشانەکاندا دووانی نزیکترینن لە شێوەی کاری فیکری و کۆمەڵایەتییانەوە ئەویش: پێشگۆ و لێزان، کە بە مانای زانینی هێماکانی غەیب و بەختە.

(بەختیش) لێرەدا، مانای چارەنووس و داهاتوو و ئەنجامی کار دەدات.

سەرەتاش هەر ئافرەت بووە ژیان و چارەنووس و تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی پەرستگاکان و توێژینەوەی قووڵ لە ئێستا و ئایندە تەرخان کردووە. هیچ ئافرەتێك، ئەگەر نیشانەی لێزانی و پێشگۆیی دروستی دەرنەکەوتبا، لەو جێگەیە دانەدەنرا.



## پیر و مامۆستای فەیلەسوفان دەبێ فەیلەسوف بن

ئەوە حەقیقەتێکی روون و چەسپاوە کە مامۆستا و پیر و رێبەری فەیلەسوفە مەزنەکان بەخۆیان فەیلەسوف و لێزانی ژیر و بەتوانای رۆحیی بەرز بن. هەروەکو مامۆستای پزیشکی دەبێ پزیشك بێ و مامۆستای سەربازی دەبێ سەرکردەی شارەزای جەنگ و مامۆستای هونەر هونەرمەند و هی وەرزش وەرزشوان بێت و... تاد!

## پێشگۆس پەرستگای (دەلفی) لە یۆنان

پەرستگای دەلفی کە لە ئەشکەوتێکی ولاتی یۆنانە لە سەرەتاوە پێشگۆ و لێزانی رۆحیی هەبووە کە ژن بووە و، بوون و دەسەلاتی ژنەکان دەساودەسیان کردووە. لە زەمانی فیساغۆرس، فەیلەسوفی یۆنانیدا ژنێکی پێشگۆی تێدا ژیاوە بەناوی (پاسیینا) کە فیساغۆرس لە دەستی ئەو فێری زانست و فەلسەفە بووە، دەڵێن کە ناوی فیساغۆرس مانای قسەکەر و وتەبێژ بە ناوی (پاسینیا = فیسا) کە زمانی ئیلهامبەخشی سروشی بووە لە (دەلفی) لەو زەمانەیدا. بەڵکو فەلسەفەی (تالیس) دانەری بناغەی فەلسەفەی یۆنانیش لە ژنێك فێربووە بە ناوی (کلیۆبۆلینا) لە ٦٠٠ پ. ز، ئەم ژنە هەندێ لوغزی فەلسەفی داناوە. هەروەها دەڵێن کە رەنگە ئەم ژنە دایکی (تالیسی) فەیلەسوف بێ کە لە مێژوودا بە دامەزرێنەری فەلسەفەی کۆسمۆلۆجی ناسراوە ئەویش لە سەدەی شەشەمی پێش زایینەدا. فیساغۆرس لە هەمان سەدەدا ژیاوە، بەڵام هەندێ درەنگتر.



## شاگردانی قوتابخانەی فەلسەفی فیساغۆرس

فیساغۆرسی فەیلەسوفی یۆنانی، کە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوە، وەك گوتمان، مانای ناوی بۆ شاگردیی ئەو لە ژێر دەستی ژنە پێشگۆی (دەلفی)، پاڤیینادا، دەگەڕێتەوە، یەکەم قوتابخانەی فەلسەفی لە یۆنان دامەزراند کە شاگردی ژنیشی وەردەگرت.

فیساغۆرس هاوسەری خۆی و هەرسێ کچی خۆی لەو قوتابخانەیەدا دانا، کە دوای دەرچوون لە خوێندن پلەی فەیلەسوفیان وەرگرت، هەر یەکێکیان لە بوارێکی فەلسەفەدا لێکۆڵینەوەیان لێ بەجێماوە، بەڵکو دوای مردنی فیساغۆرس، تا ماوەیەك، هەرچواریان قوتابخانەکەیان بەڕێوەدەبرد و زانەی فەلسەفییان دەگووتەوە، کە بە خودی فیساغۆرسەوە (٦٥) ژنی فەیلەسوفیان دەرچوواند، هەندێکیان بە پێگەی بەرزی زانستی و فەلسەفی و هونەری گەیشتن.

هاوسەری فیساغۆرس بەناوی (سیانۆ) و کچەکانی: ئەریجنۆت، مییا، و دامۆ. (سیانۆ) بە یەکەم فەیلەسوفی فیساغۆرسی (دەرچووی قوتابخانەی فیساغۆرس) ناسرا.

لە ژنانی دەرچووی دیکەی قوتابخانەکە کە بە پلەی بەرزی فەلسەفە گەیشتن:

١ـ ئیزارای لۆکانی.
٢ـ فینتسی ئیسپارتی.
٣ـ برکتیونی یەکەم.

له ژنانی فه‌یله‌سوفی دیکه‌ی یۆنانی که شایه‌نی وه‌بیرهێنانه‌وه‌ن بۆ پێشاندانی توانای فیکری و رۆحیی ژنان:

١ـ ئیسپازیا، مامۆستای ره‌وانبێژی که سوقراتی فه‌یله‌سوفی لێوه‌ی فێر ده‌بوو. ئه‌فلاتۆن له دیالۆگه‌کانی سوقرات باسی ده‌کات.

واته: سه‌رده‌می سوقرات ژیاوه.

٢ـ دیتوتیما، مامۆستای سوقرات، که پێشگۆیه‌کی ده‌لفی بوو.

ئه‌فلاتۆن یادی کردووه و په‌سنی داوه‌ته‌وه که چ پایه‌یه‌کی فه‌لسه‌فیی هه‌بووه، به‌تایبه‌تی که مامۆستای سوقراتی مامۆستای خۆی بوو.

٣ـ جۆلیا دۆنا، یا جۆلیای فه‌یله‌سوف ژنێکی ژیر و دانابوو. مێژوونووسان به فه‌یله‌سوفی مه‌زنی سه‌رده‌می خۆی ناویان بردووه، له ١٢١-١٨٠ز ژیاوه.

٤ـ ماکرینا (٣٣٠ز-٣٧٩ز) که به (قدیسه) و فه‌یله‌سوفی یۆنانی ناسراوه، دامه‌زرێنه‌ری یه‌که‌مین سیسته‌می ئایینی سۆفیگه‌رییه تایبه‌ت به ژنان، هه‌روه‌ها که‌له‌پوورێکی رۆحیی ده‌وڵه‌مه‌ندی به جێهێشتووه. بایه‌خی داوه به فێرکردن و بڵاوکردنه‌وه‌ی که‌لتووری خۆپارێزی و راگرتن و به‌ندکردنی هه‌واو هه‌وه‌س و ئاره‌زووی جه‌سته‌یی و ده‌روونی ژنان، بۆ ئه‌وه‌ی به ئامانجی به‌رزی ئایینی و رۆحی بگه‌ن.

٥ـ هیپاشیا، به فه‌یله‌سوفی ئه‌سکه‌نده‌رییه‌ی (میسر) ناسراوه، ساڵی ٣٧٠ی ز له‌و شاره له‌دایکبووه، له ٤١٥ی ز هه‌ر له‌وێ مردووه و، فه‌لسه‌فه‌ی هه‌ر له‌و شاره خوێندووه، که به ئاستێکی به‌رزی زانستی گه‌یشتووه، به‌خۆی قوتابخانه‌ی بۆ عاشقانی فه‌لسه‌فه داناوه و فێری کردوون، که زۆربه‌ی کات هۆڵه‌کانی مووزه‌خانه‌ی ئه‌سکه‌نده‌رییه‌ی به‌کارهێناوه. بابی هیپاشیا به‌ڕێوه‌به‌ری



مووزه‌خانه‌که بووه.

ئه‌وانه، چه‌ند نموونه بوون له‌و ٦٥ ژنه فه‌یله‌سوفه‌ی که له قوتابخانه‌که‌ی فیساغۆرس پێگه‌یشتوون، یا دوای ئه‌و هه‌مان رێچکه‌یان گرتووه، که ژن بۆی هه‌یه و ده‌توانێ فه‌لسه‌فه بخوێنێ و فێربێ و به پله‌ی فه‌یله‌سوف بگات. له‌وه به‌دوا ئیتر ئه‌و زنجیره‌یه پچڕاوه، نه به‌س له یۆنان، به‌ڵکو له هیچ شارستانیی دیکه بایه‌خ به په‌روه‌رده‌ی فه‌لسه‌فییانه‌ی ژنان نه‌دراوه، به‌ڵکو ده‌رفه‌تیش بۆیان نه‌ڕه‌خساوه. به‌ڵام چی ده‌توانین بڵێین سه‌باره‌ت به‌و کۆمه‌ڵه ژنه‌ی یارستانی کوردستانی که له نۆسه‌د ساڵی رابردوو له لوڕستان و هه‌ورامان په‌یدابوون؟، که به پێی ده‌رفه‌تی ره‌خساو بۆیان چوونه‌ته ریزی شاعیرانی سۆفی و، فه‌یله‌سوفان له بابه‌تی به‌رزی عیرفانی دواون؟.

ئه‌م ژنانه‌ش به‌ش به حاڵی خۆیان ئیلهام به‌خشی فیکر و رۆحی پیاوان و ژنانی کۆمه‌ڵگای خۆیان بوونه، به‌ڵکو هه‌ندێکیان وه‌کو کاك نامیق هه‌ورامی ئاماژه به سه‌رچاوه‌کان ده‌کات، رێبه‌ری رۆحی سه‌رده‌می خۆیان بوونه تا ئه‌مڕۆش بوونه به ره‌مز و هێمای که‌له‌پووری مرۆڤدۆستانه‌ی یارسان، که تا ئێستا به ده‌گمه‌ن، به به‌راورد له‌گه‌ڵ فه‌رهه‌نگی رێباز و باوه‌ڕه‌کانی دیکه، به‌تایبه‌تی هی رۆژهه‌ڵات، لێکدراوه یا شیکراوه‌ته‌وه.

هه‌ر له‌و چه‌ند کۆپله شیعرانه که ئه‌و ژنانه دایانناوه کۆمه‌ڵێك وشه و ره‌مزه رازی کلیدی هه‌ن که شه‌رحی زیادیان ده‌وێ، چونکه مانای ریشه‌دار و دێرینیان له مێژووی که‌لتووری سێ چوار هه‌زار زه‌رده‌شتی و میترایی و هه‌ر ئاینێکی دیکه‌دا هه‌یه که له خاکی ئێستای کوردستان هه‌بوونه، یا له دووره‌وه بۆی هاتوون و لێره رواون و لق و پۆپ و گوڵیان ده‌رهێناوه.

لەوەش زیاتری لەسەر ناڕۆم چونکە کاك نامیق، تا ئەوەندەی بۆی ڕەخساوە هەوڵیداوە بە بابەتەکەدا بە قووڵی بڕوانێ و زانیاریی ورد بە دەستەوە بدات. هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەرهەمێکی گرنگی سەرکەوتووی خستۆتە بەردەست، کە بابەتێکی نەگوتراوی شاراوەی وروژاندووە، هەمیشە سەرفرازبێ.

(١) پرۆفیسۆری ئەڵمانی پسپۆری ڕۆحانیی بودا ئێستێ نوێ (ئیکهارت تول)، هێزی ئێستا (یا وزەی قووڵایی ئێستا)، وەرگێڕی بۆ زمانی عەرەبی: حوسێن موحەمەد، بڵاوکراوەی خەیال، بەیروت، لوبنان، ٢٠٠٧ز.

(٢) بە زمانی عەرەبی: الصوفية النسوية، الغوص عميقاً والصعود الى السطح، كارول بي كريست، ترجمة: مصطفى محمود، تقديم: د. سحر الموجي، القاهرة، مصر، دار آفاق للطبع والنشر، ٢٠٠٦.

(٣) کاتێ شوبین نووسەرێکی ژن ساڵی ١٨٩٩ چیرۆکێکی دەربارەی بێداری ژنێکی بە مێردی نووسیوە و هەرای ناوەتەوە... و ڕەخنەگرانی تووشی شڵەژان و سەرگەردانی کردووە.



## پەراوێز و سەرچاوە

ـ لە تۆی وتارەکە یا لە پەراوێزدا ناوی هەندێ سەرچاوەم بردووە. هەندێ لەو سەرچاوانەی دیکەش کەڵکم لێ وەرگرتوون:

١ـ أ. د. امام عبدالفتاح إمام، نساء و فلاسفة (بە عەرەبی)، دار التنوير، بيروت، لبنان، ٢٠٠٩م.

٢ـ تأريخ فلسفه غرب (فارسی) بە سەرپەرشتی سەروپالی رادا اکریشنان، سازمان انتشارات واموزش انقلاب اسلامی، تهران، ایران، ١٣٦٧هجری.

٣ـ سيد حسين نصر، ثلاثة حكماء مسلمين، دار النهار للنشر، بيروت، لبنان، الطبعة الأخيرة، ١٩٨٦م.

٤ـ یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ز.

٥- صدیق صفی زاده، نام اوران یارسان، انتشارات هیرمند، تهران، ١٣٧٦هجری.

**چەند تێبینی و پاشکۆ ماون کە باشترە لێرە –وەك پەراوێز- بنووسرێنەوە چونکە پەیوەندی ناوەرۆکی وتارەکەن:**

١– رابعە عەدەوییە (٧١٧-٨٠١ز)، یەکەم و تاکە ژنی عەرەبی سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی عیرفان و سۆفیگەرییە، کە ئافرەتێکی پاك و لە خواترس و خواپەرست بوو، بەشێوەی فەلسەفی خۆی رێبازی خۆشەویستی پەروەردگاری دامەزراندووە.

دەیگوت: ((ترسی من لە خوا لە ترسی ئاگری دۆزەخ، یان بۆ چوونە بەهەشت نەبووە، بەڵکو تەنها خۆشەویستی خوا بووە هەر بۆ پەرستنی ئەو. نابێت هیچ شتێك لە خواپەرستیم دوورنەخاتەوە)).

ئیتر دوای رابیعە سۆفییەکی ژن لە جیهانی عەرەبی – ئیسلامیدا دەرنەکەوتووە، مەگەر مامۆستایانی موحیدین بن عەرەبی...

٢- فاتیمەی قورتبی لە سەدەی شەشەمی کۆچی لە ئەندەلوس ژیاوە. فەیلەسوفی سۆفیی بەرز مەحیەدین بن عەرەبی کە لە ساڵانی (١١٦٥ز – ١٢٤٠ز) ژیاوە، دان دەنێ بەوەدا کە یەکەم و گرنگترین مامۆستا و رێنومێی لەو سۆفیگەری و عیرفاندا دوو ژن بوونە لە ئەندەلوس (یاسەمین مەرشەفییە) و (فاتیمە قورتوبی)، کە کاریگەری زیادیان بەسەر ژیانی بن عەرەبی بووە و بەرە و سۆفیگەری و فەلسەفە ئاراستەیان کردووە. زیاتر باسی فاتیمە دەکات کە پیرەژنێکی بەساڵاچوو بووە.

بەڵام جوانی کچێکی جوانی گەنجی شازدە ساڵە هەبووە، رابیعە بۆ دوو ساڵ رێبەرو پیری رۆحیی محییەدینی گەنج بووە و خۆی بەدایکی روحی ئەو زانیوە،



ئالێرەوە پەنجەرەی رووناکی دەروونی ئیبن عەرەبی بەرووی جیهانی پاکی رۆحانی دەکرێتەوە و ئیتر بەردەوام دەبێت تا ئەو فەیلەسوفەی لێدەرچووە.

٣- ژنانی ئیلهام بەخشی یۆنانی: ژنانی یۆنانی نەزان و نەخوێندەوار بوونە، بەڵام کۆمەڵە ژنێك هەبوون بەناوی ( هەتائیرا= واتە ژنانی هاوشان و هاودەم) کە سەرچاوەی ئیلهامی پیاوان بوونە.

هەموو پیاوە زاناو داناکانی یۆنانی پەیوەندییان بەم جۆرە ژنانەوە هەبووە، کەلە زانست و ئەدەب و زمان و فەلسەفە دەستی باڵایان هەبووە، وەکو بڵێی خۆیان تەنیا بۆ ئەو بوارە تەرخان کردووە، هەرچەندە بەژمارە کەم بوون بەڵام کاریگەرییان لە فەلسەفەدا تا ئەمڕۆ ماوە، ئەو پیاوانەی کە لەبەردەستی ئەو ژنانەدا فێربوونە لەوانەش سوقراتی فەیلەسوفی ناسراوە کە پەیوەندیداری (دیۆتیما)ی داناو فەیلەسوف بوو، لە ئەوو ژنێکی دیکە بەناوی( ئیسبازیا)وە فێر بووە.

هەروەها (پریکلیسی) فەیلەسوف پەیوەندی فێرکاری لەتەك ( ئاسپاسیا)ی پسپۆری زانست و فەلسەفەدا هەبووە، ئەوە یادی قوتابخانەی فەلسەفی (فیساگۆرس) مان بیر دەخاتەوە کە (٦٥) ژنی فەیلەسوفی پێگەیاندووە.

٤- فەرهەنگی زەردەشتی بایەخی هەرەگرنگی بەفێربوونی ژنان و پێگەیاندنیان داوە.

ژیان و شیعری ئەم ژنانەی یارسانی کوردستان ( هەرچەندە کورتە) نموونەی گەشی ئەوەیە کە هەر کاتێ دەرفەتی گونجاوی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئازادی برەخسێت، ئەوا ژنانی کوردستان لە ژنانی گەلانی دیکە و لە پیاوان کەمتر نین و دەتوانن لە پرۆسەی بیرکردنەوە و بیرکاری و زانست و فەلسەفە

سەربەرزانە دەربکەون.

سەیر نەبێت کە لەناوەندی نیوەڕێگای مێژووی هەزاران ساڵەی میدیا-کوردستاندا لە زەمەنێکی کتووپڕدا کۆمەڵێك لەو ژنە ژیر و زانایانە سەرهەڵبدەن، بەڵکو ئەم بزووتنەوەیە ریشەدارە و پێشینەی مێژوویی هەیە.

دوورتر بگەڕێینەوە بۆ نزیکەی ٥٠٠ — ٦٠٠ ساڵ پ . ز (واتە دووهەزار و شەشسەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ) دەبینین کە زەردەشتی میدی نەژاد و دانای تیژبین، کە لەهەمان کاتدا زانا و پزیشك و فەیلەسوف بووە، پەیامی ئایینەکەی پڕە لە رەگەز و هێمای سۆفیگەری و عیرفان و فەلسەفە کەلەدوای خۆی لە ئاینی یەهودییەت و مەسیحییەت و دواتر ئیسلامدا رەنگی دایەوە، فەرهەنگی کلتووری زەردەشت بەسەرچاوەی رۆحی سۆفیگەری دەزانرێ.

ئەو لەو سەردەمەدا گوتوویەتی دەبێ کچان (واتە مێیینە) شانبەشانی نێرینە بخوێنن و فێر بن، یەکەم شاگردی خۆی (پورچەسیا)ی کچی بوو کە زانایەکی لێهاتووی لێدەرچووە، هەروەها لە پەرستگاکانیشدا ژن بەشدار دەبوون رێنمایی رۆحیشیان دەکرد.

دوای دەرچونی زەردەشتیان لە کوردستان و ئێران بەرەو هیندستان بەر لە هەزار و چوارسەد ساڵ، هێشتاش شوێنەواری چەندین (پیر)ی رێنوێن هەن کە هەموو ژن بوونە، هەر لەو روانگەیەوە زەردەشت مافی ژنی بەیەکسان لەگەڵ پیاو زانیوە، لە یاساو شەریعەتەکەیدا لایەنگری خورت لە ژنان دەکات، ئەوەش پەیامێکە هێشتا لێی ورد نەبوینەتەوە، لێی تێنەگەیشتووین، کەلەپووری زەردەشت گەنجینەیەکی هەرە دەوڵەمەند و بەهادارە و هێشتا قەدرمان نەزانیوە.



کەواتە کۆمەڵگای میدیا — کوردستان لە سێ چوار هەزار ساڵدا وانە و پەند و شارستانییەتی خۆی دەرخستووە، پاشاکانی ماد (میدیا) بەوە ناسراو بوون کە بەدیقەت و لەسەرخۆ و بەبڕوای پتەوەوە هەوڵیان داوە شاکارەکانیان بنەخشێنن، واتە متمانەیان بە مانەوەی کیانی کلتووری و کۆمەڵایەتی و مێژووی خۆیان هەبووە، چ لە دامەزراندنی کیانی یەکەم دەوڵەتی مێژووی ئەم دەڤەرە یان لە کارەکانی دیکەیان، وردەکاری جوان و پڕبەهایان نواندووە.

ئێستا لەم سەردەمەدا وردە وردە گوڵی توانا و وزە و لێهاتوویی گەنجان دەمدەکاتەوە کە پەیامی ئێمە دەگەیەنێت، پەیامی کوردستان کە ئەویش جوانی و چاکی و زانست و هونەرە، بەدەر لەهەر کۆسپ و کەموکاسی و نەفامی هەندێك کەس.

ئەگەر تۆزێك بڕوا بەخۆیان بهێننەوە و مێژووی نیشتمانەکەیان بەسەر بکەنەوە شتگەلی جوان و سەرسامهێنەر دەبینین و دەژنەفین، خۆزگە بەو رۆژەی چاو و دڵ و دەروونمان دەکرێتەوە.

## دەربـــازە

بێ دوودڵی دەیڵێم کە ئێمەی کورد دەبێت لە ئاست گەورەیی پیر و یارانی ئەهلی هەقدا خۆمان بە قەرزار بزانین، چونکە ئەرشیفێکی گەورەیان بۆ ئێمە درووست کردووە ئەویش بە رێگای پەیڕەوانی ئەو ئایینەوە کە سەرجەم کەلام و بەیت و مەراسیمە ئایینیەکانی خۆیان کە بەشێکن لە دێرۆکی ئەدەبی ئێمە لە رێگای لەبەرکردنەوە و پاراستووە و ئەمڕۆ وەك سەرچاوەیەکی گرانبەها دێتە ژماردن.

بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانە چەند لاپەڕەیەکی درەوشاوە و کەم وێنە لە ئەدەبی نەتەوەکەماندا بەدەردەکەوێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین وەك لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی زانستیانە ئەوەندەی لە تواناماندا بێت قسە لەسەر بەرهەم و ژیانی کۆمەڵێك ئافرەتی شاعیری گومناو و نموونە شیعریان بکەم کە جێپەنجەیان بەسەر سەرەنجام و دەفتەر و کەلامەکانی ئەم ئایینەوە دیارە و ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە دیرۆکی ئەم نەتەوەیە لێوانلێوە لە سەربەرزی و درەوشانەوە.

ئەم هەنگاوەی ئێمە تەنیا خستنە بەردەســتی وێنەیــەکی تازەیــە و نابێتــە



دواین هەقیقەت وەك ئەوەی بارت لە کتێبــی رەخنە و هەقیقەتدا دایڕشتووە و بڕوای وایە "دووبارە تێڕوانین لە بەرهەمە کلاسـیکییەکان بـە تێگەشـتنێکی نوێوە، یەکێکە لە رەوتە باشەکانی بەها دۆزینەوە لە ئەدەبیاتدا"[1]

گەلی کورد بـەر لـە هـاتنی ئـۆردوی داگیرکـەران بـۆ وڵاتەکـەیان نموونـەی گەلێکی زیندوو بوون، ئافرەتانیش وەك پیاوان لە سەرجەم ماف و ئەرکەکاندا نەخشی بەرچاویان هەبووە. دیارە ئەمــەش هــەڵقوڵاوی بـیری ئـایینی رەســەنی کوردان بووە. ئەو خانمە شاعیرانەی لێرەدا باس لە ژیان و بەرهەمیان دەکرێـت سەرجەمیان جگە لە (نەرگز خانمی جـاف) شـیعرەکانیان بـە زوانــی کـوردی هەورامی نووسیوە، چونکە ئەو زوانە زوانی رەسمی ئەو ئاینەیە کە لەپاش لاواز بوونی ئایینی زەردەشت بە چـڕوپڕترین و پـڕ خـەڵکترین و کـامڵترین ئـایینی کوردی دێتە ژماردن ئەویش (ئایینی یارسان یان ئـەهلی هـەق)ە و یەکێکـە لەو گەرەنتیانەی کە تا ئـەو ئاینـە بـرەوی هـەبێت و پـەیڕەوکارێکی هـەبێت هەورامی یان ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن ماچۆ لـە بـرەودا دەبێـت، وەك ئـەوەی محەمەد عـەلی سوڵتانی دەڵێت "وەك چۆن لە هەرکوێدا موسوڵمانێك هـەبێت لەوێدا زمانی عـەرەبی هەیـە، بـەو شـێوەیەش لەهەرکوێـدا ئـەهلی هـەقێك هەبێت لەوێش هەورامی هەیە"[2].

ئەگەرچی کـەمترین پـەیڕەوانی ئـەم ئایینــە لـە جوگرافیــای هەورامانــدان و

---

[1]- بارت، رۆلان: و. ئیسماعیل زارعی: رەخنە و هەقیقەت، ٢٠٠٧ هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، لا٢١و٢٢.

[2]- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر- ژمارە (١) محەمەد عەلی سوڵتانی لە دیمانەیەکدا سازدان- نامق هەورامی.

زۆرترینیان لە ناوچەکانی (کرماشان و تەوریز و مازیندەران و تاران و ئازەربایجان و خانەقین و کەرکووك و گەرمیان و سفەیە و وەردەك ، و ناوچەی شەبەك نشین و... هتد)دان، بەلاَم شێوەی ئاخاوتن و نیاییشی خەڵکەکە زوانی کوردی هورامییە و پەیڕەوانیش بەخۆیان دەڵێن (ماچۆ) کە هێمایە بە زوانی هەورامی، بەم پێییە ئەوانە بەشێکن لە هەورامان و خۆشیان شانازی بەهەورامی بوونی خۆیانەوە دەکەن و ئەمەش سەلمێنەری رایەکەی بەرێز سوڵتانییە.

هەر لەم بارەیەوە سەید فەرزی دەڵێت[3]:

**لەوز عەرەبیمان گێڵا نەدەوران**

**کەردمان کەلام وەلەوز گۆران**

واتە:

زمانی عەرەبی لەلای ئێمە و لە دەورانی ئێمەدا وەرگەڕاو نەما و کەلام و ئاخاوتنمان بە زمانی گۆرانی دەستپێکرد.

لێرەدا مانایەکی قوڵتر ئەدا بەدەستی خوێنەرەوە، زمان یەکێك لە هێماکانە بۆ ئایین، چونکە هێزی مانەوەی زمانێك ئەوەیە هێزێکی ئایینی یان سیاسی لەپشتەوە بێت.

کاتێك بەراورد لەنێوان عەرەبی و گۆرانی (هەورامی) دەکرێت، ئەوە

[3]– تأریخ و فلسفەی سرانجام، فرهنگ یارسان (شرحی بر اعتقادات و نحلەهای فکری در کردستان)، پژوهش و نوشته، طیب طاهري، چاپ اول۲۰۰۹، چاپخانەی روژهەلات (هەولیر) ، ص ۵۹۳.



ئاماژەیە بۆ دوو بەرەی بیرکردنەوە و دوو ئایینی جیاواز، ئێمە بیری عەرەبیمان وەلانا و بە گۆرانی بیرمان کردەوە.

عابیدینی جاف یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئایینی ئەهلی هەق، لە شارەزوور لەدایك بووە و یەکێکە لە هاوەڵە هەرە نزیکەکانی سان سەهاکی بەرزنجی و جێ پەنجەی لەسەر (نامەی سەرەنجام) دیارە. لە شیعرێکی درێژدا کە باس لە مەیل و ئارەزووی خۆی بۆ ئایینی ئەهلی هەق و بنەما و فەلسەفەی ئەو ئایینە دەکات لە جێگەیەکدا دەڵێت:

**بە پێی وتەی سەرەنجامم**
**لەم شارەزوورە هەنجامم**
**یارم لەوێ ئەدا کامم**
**لە بادە پڕ ئەکا جامم**
**سارێژ ئەکا ئێش و زامم**
**تا بگەمە هیمی و دامم**
**من عابیدنی هەورامم**
**دڵداری جوانی خواجامم**

یان لە جێگەیەکی دیکەدا هەورامان بەشاری خۆی دەزانێت، چونکە هەورامان یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق و چەندین جێگای

پیرۆزیان له هەوراماندا هەیه لەوانه (گوندی هاوار که خاکی پیرۆزی ئەهلی هەق)و (شێخان که پایتەختی دەسەلاتداری کاکەییەکان بووه و روباری پیرۆزی سیروان به قەراغ ئەو گوندەدا دەڕوات).

(پردیوەر) له هەورامانه، ئارامگای سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی (سان سەهاك)ی لێیه و قیبلەی ئەهلی هەقەکانه، هەرچەنده له باوەڕی یارساندا بەهۆی باوەڕ بوون به (دۆنادۆن و یەکێتی بوونەوه) هەریەك له (جەم، دڵ)یش به قیبله دەزانن، وەك ئەوەی شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

**کاوه(کعبه)ی من خاسەن نەسەنگ نەبەردەن**
**سەفای جەم یار شفای کول دەردەن**
**کاوەی من خاسەن بامۆزد و میزان**
**کاوەی من خاسەن وەجەوزیٚ رەزان**

ئەمه تەواو لەگەڵ ئەو شیعرەی مەولانادا یەك دەگرێتەوه که دەڵێت:

**تواف کعبه دل کن اگر دلی داری**
**دلست مقصود تو سنگ و گل چه پنداری**
**کمر به خدمت دلها ببند چاکر وار**
**که بر گشاید در تو تریق اسراری**

لەناو یارسانەکاندا هەورامان و زوانەکەی پیرۆزییەکی له رادەبەدەریان



هەیه، عابدین لەبارەی هەورامانەوه دەڵێت:

**شاری هورمزگانم جوانه**
**ئەم شاره بۆ یاران خوانه**
**ئاگرکانی گشت ماوه**
**گەرچی گەلێکی رماوه**
**باغ و بەری فراوانه**
**هەتا حەز بکەی ئاوانه**

زۆرێك لەوانەی کەمەندکێش و باتنداری ئەم ئایینه بوگن هەورامییان کردوەته زوانی خۆیان، بۆ ئەمەش بەڵگەی فره و فراوانمان لەبەردەستان له سەرەنجام و باقی دەفتەر و دەورەکانی دیکەدا که ئەوانەی له ( بولغاريا و چین و یەمەن و کابوڵ و مەغریب و شام و مەککه و ئەستەمبوڵ و هیندستان)ەوه هاتوون و به هەورامی بەیت و کەلامەکانیان نووسیوەتەوه. بابا هندو و که له هیندستانەوه هاتووه بەجۆره باس له هەورامان و هەورامی بەپیرۆزی دەکات، مەرەمو:

**وه ویت عەیانەن وەویت عەیانەن**
**ئینه ئەرەمای زاتی سوڵتانەن**
**پیره بنیامین وەویت عەیانەن**

**واتەی هەورامی جەسەر زوانەن**

**سوڵتانم ساحێو هەردوو جیهانەن**

**مەکانش دوڕەن دوڕش مەکانەن**[٤]

واتە:

لەتۆ ئاشکرا و دیارە ئەی بنیامین کە ئەمە نیشانەی حەزرەتی سوڵتانە کە بەزمانی هەورامی لەسەر زارمانە و ئەو خاوەنی هەردوو دونیایە و ئەو لە دوڕە و دوڕیش لەوە.

لە بەندی ١١ی هەمان دەورەدا بابا هندۆ لە باری ئایین و زوانیی خۆیەوە مەرەمۆ:

**بەسیان وەبارم، بەسیان وەبارم**

**بار یاری چیگا، بەسیان وەبارم**

**ویم عەبدو مەیتەر شای ساحیب کارم**

**خدمەت مەکەرو هیچ نیا عارم**[٥]

[٤]– سام الدین تبریزیان، گرداوری و تدوین، مجمع الکلام سرانجام اهل حق، جلد ٢، دوره بابا هندو، بند١٠و١١و١٣و٣٢ ص ١٤٩ تا١٥٩، دەستنووس.

[٥]– سام الدین تبریزیان، گرداوری و تدوین، مجمع الکلام سرانجام اهل حق، جلد ٢، دوره بابا هندو، بند١٠و١١و١٣و٣٢ ص ١٤٩ تا١٥٩، دەستنووس.



بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**جە زوان ویما بەینێن بیزارم**

**زوان هەورامی ئاما وەچارم**[٦]

واتە: لێرە باری ئایینی وەك ئەرکێك کەوتە سەرشانم و مـن وەك بەنـدە و مەیتەرێك لەخزمەتی شادا خزمەت دەکەم و بە کەمی نازانم، تا ئەگاتە ئەوەی بڵێت:

لە زمانی خۆم کە زمانی هیندییە ماوەیەکە بێزار و بێتاقەتم و بۆ چارەسەری بێتاقەتی و بێزارییەکەم زوانی هەورامی هات بە فریامەوە و چارەی کردم،کە ئاماژەیە بۆ ئایینی یاری کە بەزمانی هەورامییە. مەسەلەی هەورامان و زمانی هەورامی بۆ یارسانەکان واجبی ئایینییە و دەبێت پێوەی پەیوەست بن و خودی سوڵتان بەشای هەورامان ناسراوە و هەر خودی حەزرەتی شای هەورامان بە پەیڕەو وکارو یارانی دەفەرموێت:

**هەرکەس جەوزش دان، هەرکەس جەوزش دان**

**نە دلی یاران، هەرکەس جەوزش دان**

**پەی کردەی ویەردە نەوو پەشیمان**

[٦]– هەمان سەرچاوە.

**دایم بواچۆ خوداما سوڵتان**

**دایم نام یار باران وە زوان**

**پەی رای سەرەو ویش بوەخشتانان**

**وەماڵ دنیا نەویش سەرگەردان**

**دایم بواچۆ سەرم سپاران**

**سەلام هەن وەدەس شای هەورامان**

**هەرچی مەکەرو هەن سایەو سەرمان**

**ئیختیار وە ویشەن پەی ئاماو لوان**[7]

واتە:

هەرکەس سەری سپاردوە بەم ئایینە و گوێزی سەرسپاردنی شکاندوە (ئەمە ترادسیۆنێکە لەناو یارسانەکاندا، دەبێت هەموو منداڵێك کە لەدایك دەبێت یان هەرکەسێك ئایینی یاری قبوڵ دەکات مەراسیمێکی لە جەمدا بۆ سازبکەن و گوێزی بۆ بشکێنن، ئەمە مەراسیمێکی تایبەتە و لە دەرفەتێکی دیکەدا بە بابەتێکی سەربەخۆ لەسەر ئەم بابەتە دەنووسین).

لەناو یاراندا نابێت کەس لە رابردووی خۆی پەشیمان بێت، دەبێت هەمیشە بڵێت خودام سوڵتانە و لەم پێناوەدا گیان فیدا بن و ماڵی دنیا وایان

[7]- سام الدین تبریزیان، گرداوری و تدوین، مجمع الکلام سرانجام اهل حق، جلد ۲، دوره بابا هندو، بند۱۰و۱۱و۱۳و۳۲ ص ۱۴۹ تا۱۵۹، دەستنووس.



لێنەکات لەبیریان بچێتەوە سەریان سپاردووە و سڵاو و سوپاسگوزاری شای هەورامانین و ئەو سایە و سێبەرمانە و هاتن و چون و مردن و ژیانمان لەدەست ئەودایە.

ئەسڵی بابەتەکە ئەدەب و سۆفیگەری ئافرەتانە لە ئایینی یارساندا، بەڵام ئەم دەرکەوتنە بەرچاوە لەخۆڕا نییە و نابێت میللەتێك ئەم پێشکەوتنە گەورەیەی هەبێت بەبێ بوونی رەگێکی مێژووی قوڵ.

دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ بەر لەزاین ئارياييەکان گەورەترین جمانی مرۆییان لە مێژوودا تۆمارکرد و بەرەو هیند و سەرزەمینی ئێران (مەبەست لە سەرزەمینی ئارياييەکانە) هاتن، بەبڕوای مێژوونووسان شارستانییەتی ئارياييەکان رەسەنترین توخمی شارستانییەتی مرۆڤایەتییە، ئەمانە لەگەڵ هاتنیان شارستانییەتێکی گەورەیان پێبوو، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا ئەلبانییە کۆنەکان زۆر پێشکەوتوو بوون، بەڵام وەك دیاکۆنۆف دەڵێت: "سەرباری لێکچونی فەرهەنگی مادەکان[8] و ئەلبانییە کۆنەکان کەلەو سەردەمەدا لەپێشەنگی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بوون، ناکرێت بگوترێت مادەکان کاریگەر بوون بە ئەلبانەکان، لەوانەیە ئەلبانییەکان لەژێر

[8]- ئاریاییەکان کە هاتنە سەرزەمینی تازەیان بەسەر سێ ناوچەدا دابەشبوون، بەشێکیان لە رۆژهەڵاتی خۆراسان بڵاوبوونەوە و پێیان دەگوترا پارتی یان پارتییەکان، بەشێکی تریان لە ئازربایجانەوە تا کوردستان و سنووری ئیلام کە دەکاتە چیاکانی زاگرۆس، بەمانە گوتراوە مادەکان یان میدییەکان، بەشی سێیەمیان لە ناوچەکانی فارس و ناوەڕاستی ئێران و خوارویدا بڵاوبوونەوە و ئەمانەش پارسییەکانیان پێ گوتراوە.

کاریگەری مادەکاندا بووبن لە زۆر رووەوە"[9] .

پێگەی ژن لەناو مادەکاندا زۆر هێقم و چەسپاو بووە، نموونەی زیندووی ئەمەش (سترابون) باسی دەکات، لە ساڵی ٦١٢ پ.ز، کاتێك (هوەخشتەر)ی ماد شاری موسڵ داگیر دەکات ئافرەتێکی میدی دەکا بە پارێزگاری ئەو شارە[10].

لە رووی ئایینیشەوە لەناو زاگرۆس نشینەکاندا ئافرەت پێگەی ئایینی خۆی هەبووە، لە ئایینی میترائیسمدا پایەی دووەمی ئەو کەسانەی ئەچنە بازنەی ئایندار بیەوە پێیان دەگوترێت (هامسەر یان هاوسەر) و بە یۆنانی پێی گوتراوە (نیمفوس[11]-nymphus) و ئاماژەیە بۆ ئەستێرەی زوهرە کە کاتی خۆی(ناهید)ی پێ گوتراوە و (ئاناهیتا)ش یەکێکە لە سیمبولە دیارەکانی ژن لەم ئایینەدا کە شوێنەوارەکەی لە شاری (کەنگاوەر)ی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەم ئایینە کاریگەری لەسەر ئایینەکانی زەردەشتی و مەسیحییەت و ئیسلامیش کردووە، لە ئایینی میترائیسمدا ئەو شوێنەی نیایشی لێکراوە روو بە خۆر بووە و پێی گوتراوە (میهرابە) کە هەمان شت لە ئیسلامدا هەیە

[9]- دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، تهران، چاپ ششم ١٣٨٠، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ص ١٣.

[10]- هەمان سەرچاوە، ص ٢٨١.

[11]- مرکلباخ، راینهولد، میترا (ایین و تأریخ)، ترجمەی توفیق گلی زاده، تهران، ١٣٨٧، نشر اختران، ص١٠٤.



پێی دەگوترێت (محراب).[12]

پاش ئایینی میترائیسم لەناو مادەکاندا ئایینێکی دیکە دەرکەوت کە ئاینی زەردەشتییەتە، سیما دیارەکانی ئەم ئایینە ژینگە پارێزی و ژن پارێزییە.

لە ئایینی زەردەشدا خولقاندنی ژن و پیاو جیاوازی نییە و هەردووکیان لەیەك ریشەن.

لە یەکێك لە رۆژەکانی مانگی میهردا دوو ساقە رێواسی لەیەك ئاڵاو لە زەمیندا سەریان دەرهاورد و وردە وردە لە شێوەی گیاوە گۆڕان بۆ مرۆڤ و یەکێکیان نێر بوو ئەوی دیکەیان مێ، نێرەکە ناوی نرا (مەشی) و مێیەکەش (مەشیانە)[13].

یەکەمین قسەیەك دوای ستایشی ئاهورامەزدا کە مەشی و مەشیانە کردیان گوتیان: " هەرکام لە ئێمە دەبێت خۆشنوود و دڵگەرم و خۆشەویستی و دۆستی یەکتر قبوڵ بکەین".

لەوەش گرنگتر قسەو پێشنیارەکەی خودی ئەشو زەردەشتە کاتێك کە (جاماسب)ی دانا و ئەستێرەناس بۆ کچەکەی هەڵدەبژێرێت کە ببێتە هاوسەری، لەو کاتەدا بە(پروچیستا)ی کچی دەڵێت: "من جاماسبم بۆ هاوسەری تۆ پێشنیار کردوە، تۆ بەعەقڵ و فامی خۆت پرس و را بکەو بزانە ئایا ئەو کەسە شایستەی هاوسەری تۆیە یان نا"

[12]- شورتهایم، اسمار، گسترش یك ایین ایرانی در اوروپا، ترجمەی نادر قلی درخشانی، چاپ اول، تهران، ١٣٨٧، ص ١٣١.

[13]- ئاوێستا، بەندی هەشت، بەشی پانزەهەم.

ئەوەشمان لەبیر بێت لەناو زاگرۆس نشینەکان و ئارياييەکاندا چەندین ژنـی بە ناو و پێگەمان هەن وەك لە بـەرگی ١١ ی کتێبـــی (فرزانگـان ایـران)دا هاتووە، لەوانەش:

١- یوتاب، یەکێکـە لـەو ژنـە مادانـەی لـە جـەنگی دژی ئەسـکەندەردا پاڵەوانییەتی نواندووە و لە کێوەکانی چوار مەحاڵی بەختیاریدا و دواتر بووەتە فەرمانڕەوای ئازەربایجان.

٢- ئاتوسا، فەرمانڕەوای زیاتر لە ٢٨ وڵات بـووە لـە سـەردەمی داریوشـی گەورەدا و لەبەرامبەر لەشکرکێشی یۆنانییەکانـدا پاڵەوانییـەتی نوانـدووە و (هرودوت)ی یۆنانی چەندین جار ناوی هێناوە.

٣- ئەرتاداخت، لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ئەردەوانی چوارەمدا وەزیـری دارایی بووە.

٤- ئازەر میدیخت، سی و دووەمین پاشای ساسانییەکان بووە.

٥- پەرین، کچی کەیقوباد بووە، ساڵی ٩٢٤ پێش زایین، هـەزاران لاپـەڕەی لە ئاوێستا کۆکردووەتەوە و بۆ یەکەمجار لە مێژوی ڕۆژهەڵاتـدا ئاوێـستای بـە تەواوی نووسـیوەتەوە و دابەشـی سـەر دەوڵەتـەکانی ئیمپراتۆرییـەتی مـادی کردووە.

٦- پوران دوخت، بیست و پێنجەمین پادشای ساسانییەکان بووە.

پاش ئایینی زەردەشت ئایینێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە کە ریشەکەی لـەنێو ئایینە کۆنەکانەوە دێتەدەرەوە ئەویش ئایینی یارسانە و لـەم ئایینەشـدا ژن و پیاو یان راستە بێژین نێر و مێ لەیـەك هـەویر دروسـتکراون و لـە ئـەرك و



مافدا یەکسان بن وەك ئەوەی لە سەرەنجامدا هاتووە:

**سکەی سابتی موهرەی نێروما**

**شەهادەت رموز راستگۆ و راهنوما**

# سۆفیزم

لێرەوە دەچینە نێو بابەتێك یان بەشێكی دیكەی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەویش مەسەلەی سۆفیزمە، لەهەر ئاین و كلتوورێكدا بەجۆرێك لێكدراوەتەوە، سۆفیستا لای یۆنانەكان بەمانای شارەزا دێت، لای هیندییەكان لە رستەیەكدا خۆی دەبینێتەوە كە بریتییە لە: ( دەسبەرداری دنیا و ئارەزووەكان بۆ گەیشتن بە نەمری و پاكبوونەوە و ئاسودەیی رۆحی).

سۆفیزم لای عەرەب ماناگەلی جودای هەیە بەڵام مانا دروستەكەی بریتییە لە (التحلية والتخلية)، یەكەمیان واتە ( توانەوە لە شتی باشدا) و دووەمیان بە مانای( دووركەوتنەوە یان دابڕان لە گشت شتێكی خراپ و بێزراو)[14]

مرۆڤ دەتوانێت بەبێ هیچ لەمپەر و بەربەستێك بگاتە ئەو حاڵەتانەی خۆی دەیەوێن، بەتایبەت گەیشتن بە حەقیقەت، بۆ ئەمەش دەبێت پەیڕەوكار لەگەڵ پەیڕەوكراوەكەی لەوپەڕی گوێڕایەڵیدا بێت[15].

[14]- حسن المقصود في عمل المولود، جلال الدين السيوطي، ١٤٢٥ هـ، من منشورات موقع المسلم، موسوعة إسلامية صوفية سلفية شرعية.

[15]- رسالة آداب سلوك المريد، سلسلة كتب الإمام الحداد (٧)، للإمام شيخ الإسلام قطب الدعوة والإرشاد الحبيب عبدالله بن علوي الحداد الحضرمي الشافعي رحمه الله تعالى، لايوجد سنة و مكان النشر ودار النشر، ص ٦.



سۆفیگەری لە گشت ئایین و رێباز و كۆمەڵەیەكدا هەیە و هەر كۆمەڵە و ئایین و گروپێكی سۆفیزم بەجۆرێك لەو مەسەلەیە گەشتوون و لێكیان داوەتەوە.

## سۆفیزم لە یۆناندا

سەرەتای دەرکەوتنی سۆفیزم لە یۆناندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی بەر لەزاین، سۆفیستا بەمانای شارەزا لە هەر بوارێکی مەعریفەدا، ئەمەش لە وشەی ( سۆفیستۆس- sophistos) وەرگیراوە[١٦].

مەسەلەی بایەخدان بە مرۆڤ و ئاوێتەبوونی لەگەڵ خواوەندا لە یۆناندا هەمیشە باسکراوە، لە سەدەی نۆیەمی بەر لە زاییندا هۆمیرۆسی گەورە شاعیری یۆنانی لە ( ئەلیادە و ئۆدیسە )دا بە روونی ئەمەی بەرجەستە کردووە کاتێك شتە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە لە روانگەیەکی ئینسانییەوە، بەرادەیەك هەموو سیفەتەکانی مرۆڤ دەبەخشێتە خواوەندەکان، ئەو کەسێکی ئاسایی فەرامۆش ناکات.[١٧]

سۆفیستاییەکان باوەڕیان بەوە هەبوو مرۆڤ بەتەنها بریتی نییە لە جەستە، ئەو جەستەو عەقڵی هەیە، دەبێت بە پێکهاتەی عەقڵی و جەستەییەوە ببێتە مرۆڤ، ناودارترین فەیلەسوفی سۆفستایی (برۆتا گوراس)[١٨] بڕوای وایە کە

[١٦]– د.محمد حسين النجم، السوفسطائيّة في الفكر اليوناني، إصدارات بيت الحكمة ببغداد ، ٢٠٠٨.

[١٧]– محمد صقر خفاجة، هوميروس، مكتبة نهضة مصر، القاهرة، بدون تأريخ، ص٥٦–٥٧.

[١٨]– (٤١٠–٤٨٠) لە ئەدبیرا لەدایك بووە خاوەنی کتێبی (راستی)یە کە لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی: "ناتوانم بزانم کە خوداوەندەکان هەن یان نین و کێشەی من ئەوەیە بزانم شتەکان لە دەوروبەرمدا چی دەبێت، بەڵام لەبەر کورتی تەمەن ناتوانین بەو حەقیقەتە بگەین".



مرۆڤ پێوەری خێر و شەڕە، ئەم بیرکردنەوانە سوقراتی نیگەران کرد وکەوتە هەوڵدان بۆهۆشیارکردنەوەی خەڵك لەدژی بیرو فەلسەفەی سۆفستاییەکان ، سوقرات و هاوڕێکانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تەنها عەقڵ دەتوانێت مەعریفەی راستەقینە لای مرۆڤ دروست بکات، دەرککردن پێویستی بە مامۆستا نییە چونکە شتێکی بەرجەستە یان زانستێك نییە تا فێربکرێت، سوقرات باوەڕی وابوو تەنیا چاکەیەك کە هەبێت، ئەوەیە مرۆڤ دەتوانێت دەرکی چاکە بکات[١٩].

خودی فەلسەفەی سۆفستایی لەکاتێکی هەستیاردا لە یۆنان دەرکەوت ئەویش لاوازی باوەڕی ئایینی بوو، ئەمان هاتن بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

گەردون چۆن دروس بوو، مرۆڤ چۆن ئافرێنرا، ژیانی دیکە کامەیە و چییەو چۆن دەبێت؟.[٢٠]

هەر لەسەر ئەو کتێبە فتوای لەسێدارەدان و سوتاندنی کتێبەکەی درا و هەڵهات و لەکاتی راکردندا کەوتە ئاوەوە خنکا.

السوفسطائيّة في الفكر اليوناني، د. محمد حسين النجم، إصدارات بيت الحكمة ببغداد ،٢٠٠٨.

[١٩]– فلسفة أرسطو والمدارس المتأخرة، دار الثقافة العربية ٢٠٠٦م، ص١٥٦–١٧٧.

[٢٠]– نظرية المعرفة عند أرسطو، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، القاهرة ٢٠٠١م، الفصل ٤، ص٥٧.

## سۆفیزم لە هیندستان

هیند بە مەڵبەندێکی گرنگی بیری سۆفیزم لەجیهاندا دەناسرێت، هۆکاری ئەم ناسینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژمارە زەوەندەی لە ئایین و بیروباوەڕە جیایانەی لەوێدا سەریان هەڵداوە.

باوەڕی براهمی گەورەترین قوتابخانەی ئایینی و فەلسەفی سۆفیگەراییە لەو وڵاتەدا کە زۆرترین ئەرزش و پەیڕەوکاری هەیە، براهەم وشەیەکی سانسکریتییە بەمانای ( کەسێك گەردونی ئافراندوە)[21] وە گرنگترین کتێبەکانیان بریتی بوون لە (فیلا، مەهابەهاراتا، رمیایانا، بوراما) کە بە زمانی سانسکریتی، چەند سەدەیەك پێش زایین نووسراونەتەوە.

پاش پەیدابوونی ئایینەکانی دیکەی وەك (بودی )و(جاینی)، براهامییەکان گۆڕانکارییان لە ئایینەکەیاندا کرد بەجۆرێك لەبەین نەچێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، هاتن ئەم ئایینەیان لەگەڵ ئایینە نوێکانی ئەو سەردەمە و داستان و میتۆلۆژیاکاندا ئاوێتە کرد و ئایینێکی تازەیان بەرهەم هێنا بەناوی (هیندۆسی)، ئەم ئایینە تازەیە چووە ریزبەندی یەکەم و کتێبی پیرۆزیان (ریك ڤیدا) بوو، ڤیداکان چواربەشن ( ریگ ڤیدا، ساماڤیدا، یاجور ڤیدا، ئاتەرڤە ڤیدا) کە بەشێوە نووسینی (دیڤاناجاری) و بەزمانی کۆنی سانسکریتی نووسراونەتەوە[22].

---

[21]– ادیان آسیایی. د.مهرداد بهار. نشر چشمه. تهران. ١٣٧٥ش.ص ٣٤.

[22]– بیبێك دێبرۆی و دیپاڤالی دێبرۆری، ئوم ریگ ڤیدا، وەرگێرانی، ئاری ئەنوەر صالح، د. نیگا حسێن رەحیم، د. سایە حەسەن مستەفا، د. کۆزارا



لەدوای ئەویش ئایینی بودی بە پلەی دووەم هەژمار کرا کە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ تەمەنی هەیە و زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن شوێنکەوتووی هەیە لە هیند و چین و یابان و تبت و زۆر جێگەی دیکەدا، بودا وشەیەکی سانسکریتییە، بەمانای (گەیشتنە بە کەماڵ)،[23] هەردوو کتێبی (تری بیتاکا، بیتاکا) پیرۆزترین کتێبی ئەوانن.

بەشێوەیەکی گشتی سۆفیگەری هیندی بە بودایی و هیندۆسییەوە کۆمەڵێك وێکچویان هەیە لەمەڕ ژیان و نەفس و خەڵوەتەوە، کۆی ئەو چەمکانە لەڕستەیەکدا بەرجەستە دەبێت ئەویش

(دەسبەرداری دنیا و ئارەزووەکان بۆ گەیشتن بە نەمری و پاکبوونەوە و ئاسودەیی رۆحی)، ئەمەش وەك شوناسی فەلسەفەی سۆفیزمی هیندی دەناسرێتەوە.

دۆنادۆن تاکە رێگەیە لای ئەوان بۆ گەیشتن بە پلەی نیروانا و دوورکەوتنەوە لە بێزاری.

نیروانا لە زمانی سانسکریتیدا بەمانای داماڵین دێت، لای بەراهیمییەکان بەمانای کوژانەوەی مۆمی ناخ و فەنابوون دێت، ئەبو رەیحانی بیرونی وای دەبینێت نیروانا ئەنجامی گەیشتنە بە کامڵ بوون و حەقیقەت.[24]

هەروەها بەراهمییەکان چەند قۆناغێکیان هەیە بۆ نەمان وەك ئەوەی لە

---

حەمەرەشید نادر، پیاچوونەوەی عەبدوڵڵا حەسەن سیوەیلی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥ سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم،لا٧.

[23]– سرزمین هند، علی اصغر حکمت، تهران چاپ اول، ١٣٣٧ش، ص ١٢.

[24]– ما للهند. ابوریحان البیرونی. ترجمه علی اکبر دانا سرشت. تهران.

زاراوەکانی سۆفیزمدا پێی دەگوترێت (الفناء):

١- داواکاری و پابەندبوونی مورید بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ڕابەرەکەیەوە.

٢- زاهید و گۆشەگیرانە بژیەت.

٣- قۆناغی نێروانا و بیرچوونەوەی خود.

ئەمە جگە لەوەی لە بودایزمیشدا هەشت قۆناغ هەن بۆ ئەو کارە.[25]

---

[25]- ارزش میراث صوفیة. د. عبدالحسین زرین کوب. أمیرکبیر. تهران. ١٣٦٢ش، ص٤٨.



## سۆفیزمی عەرەبی

هەندێك لەو باوەڕەدان سەرەتا سۆفیزمی عەرەبی لە بەسرە دامەزرا و یەکەمین کەسێك ماڵەکەی خۆی کردە شوێنی کۆبوونەوەی سۆفیان، هەندێك لە یارانی (عەبدولواحیدی کوڕی زەید) بوون کە ئەویش هاوەڵ و یاری (حەسەنی بەسری)یە.

دیارە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە لە بەسرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توندڕەوییە ئایینییەی لەو شارەدا هەبوو.

سەبارەت بە ناوی سۆفی لێکدانەوەی جودا هەیە، (نەجمەدین کەبری[26]) دەڵێت: وشەی سۆفی لە خورییەوە هاتووە و یەکەمین کەسانێك کە بەرگی خورییان پۆشی ئادەم و حەوا بوون، چونکە کە هاتنە سەرزەوی ڕووت بوون، جوبرەئیل بەرخێکی بۆ هاوردن و ئەوانیش خورییەکەیان لێکردەوە و حەوا ڕستی و کردی بە جلوبەرگ بۆ هەردووکیان[27].

هەندێك بیروبۆچوونی دیکە هەن لەسەر ناوی سۆفی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١: وشەی سۆفی لە (سوفیا)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، واتە ژیر و دانا.

٢ : لە (الصفا)وە هاتووە واتە ڕوون و بەرچاو خاوێن.

---

[26]- ئەبوعەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد کوڕی عومەری کوڕی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای خوارزمی ناسراوە بە نەجمەدین کبری، نازناوی (طامة الکبری)یە و ساڵی ٦١٨ کۆچی مردووە و بە زمانی فارسی و عەرەبی نووسراوی هەیە.

[27]- إحسان إلهی ظهیر، التصوف...المنشأ والمصادر، الطبعة الاولی، ١٤٠٦ هـ، ادارە ترجمان السنە، قومی پریس، لاهور – پاکستان.

٣ : ئەم ناوە لە (أهل الصفه)وە هاتووە، کەسانێك بوون لە هاوەڵانی پێغەمبەر کە هەژار و دەستکورت بوون لە مزگەوت ژیانیان بەسەر دەبرد.

٤ : مەبەست لەوانەیە کە هەمیشە لە ریزی پێشەوەن لە خواپەرستیدا.

٥ : لە (بنی صوفه)وە هاتووە هۆزێك بوون خزمەتکاری کەعبەیان دەکرد پێش هاتنی ئیسلام.

٦ : یەکەم کەس کە خزمەتکاری ماڵی خوای کردووە پێی وتراوە (صوفه) ناوی (**الغوث بن مر**) بوو.

٧ : ناوەکە دەگەڕێننەوە بۆ (صوفه بن بشر) کابرایەکی ناودار بوو بە خواپەرستی پێش هاتنی ئیسلام.

سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای التستری لەبارەی میتیۆدی سۆفیزمەوە دەڵێت: "سۆفیزم لەسەر بنەمای چاولێکەری پێغەمبەر لە کار و رەوشتدا، خواردنی حەڵاڵ، نییەت پاکی لە گشت کارێکدا دامەزراوە."[٢٨]

هەر لەم بارەیەوە ( ابو الفتح البستی) لەسەر ناوی سۆفی و جیاوازییەکان بەم دێڕە شیعرە وەڵام دەداتەوە:

تنازع النـــاس في الصوفي واختلفوا
وظنه البعض مشتقا من الصـوف
ولست أمنح هذا الاسـم غيـر فتـى
صافي فصوفي حتى سمى الصوفي[٢٩]

---

[٢٨]– هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢٩]– نشأة الفلسفة الصوفية وتطورها، دکتور عرفان عبد الحميد ص ٧٤.ط المكتب الإسلامي بيروت ١٩٧٤ م.



ڕێبازەکانی سۆفیزم لە دنیای ئیسلامیدا زیاترینیان لە دوو تەوەردان کە ئەوانیش:

- ئەهلی شەریعەت: ئەمە بەو کەسانە دەگوترێت کە ئاینیان بەشێوەی فۆرمی باو و وەك ئەوەی لە نۆرمە باوەکانی ئاینەدا هاتووە، بەمانەش دەگوترێت خەڵکی گشتی یان روکار.
- ئەهلی تەریقەت: ئەوانەن شوێنکەوتەی ڕێبازە سۆفییەکانن، ئەمڕۆ لە کوردستاندا وەك نموونە دەتوانین تەریقەتی نەقشبەندی و تەریقەتی قادری وەك دوو سامپڵ بۆ ئەم ئەهلی تەریقەتە ناو بهێنین.

## ئەهلی حەقیقەت

ئەمانە بە ئەهلی باتن یان باتنداریش ناودەبرێن و بڕوایان وایە کە مرۆڤ مادام بۆ ئەوە هەوڵ دەدات بگاتە حەقیقەت ئیدی پێویستی بە تەیکردنی قۆناغەکانی شەریعەت و تەریقەت نییە، ئەمە لەناو یارسانەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە، هەرچەندە هەڵەیە یارسان لەگەڵ سۆفیزمی ئیسلامیدا باسبکرێت، سۆفیزمی یارسان یان باشترە بڵێین قوتابخانەی فیکری سان سەهاك، ئەو قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی سۆفیزمی سەربەخۆ و تایبەتە، بەڵام وەك نموونە ناوی یارسانمان هێناوە.

یارسانەکان ( ئەهلی هەق) بەناوەکەیاندا دیارە کە تەنها ئەهلی هەقیقەتن، باوەڕیان وایە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە حەقیقەت پێویستی بە تەیکردنی قۆناغەکانی دیکە نییە، وەك ئەوەی (قولی) سەبارەت بە بنەمای ئایینی یارسان لە کەلامێکدا بە بەراورد لەگەڵ شەریعەتدا، بەم جۆرە باسی دەکات و دەڵێت: "

**جەلا دا وەشەرع، شەرعش شەریعەت**
**خەڵکان غافڵ کەرد نەڕای حەقیقەت.**[30]

[30]- دفتر كلام حضرت شيخ امير، باهتمام حسين روحتافى، بخط سيد ايمان خاموشى، صحنه ١٣٧٩، دەستنووس.



بەشێك لە سۆفییەکان باوەڕیان وایە کە شەریعەت و پەیڕەوکردنی کاری خەڵکە ئاساییەکەیە، بەڵام حەقیقەت کاری چینە تایبەتەکەیە، ڕێبازەکانی سۆفیزم لەدنیای ئیسلامیدا زۆرن لەوانەش: ( تیجانی، دامەزرێنەرەکەی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی موختاری تیجانییە، شازلی، دامەزرێنەرەکەی ئەبوحەسەن عەلی کوڕی عەبدوڵڵای مەغریبییە، سنوسیە، خەتمییە، نەقشبەندی، قادری، رفاعی... هتد ).

## پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری عەرەبیدا

سەرلەبەری لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی سۆفیگەری عەرەبی بگەڕێیت جگە لە ناوی رابیعەی عەدەوی کەسێکی دیکەت بەرچاو ناکەوێت لەو بوارەدا.

رابیعە کچی ئیسماعیل عەدەوی بەسرەییە، لە سەرەتاکانی سەدەی دووەمی کۆچی لە بەسرە لەدایك بووە، ئەو لەسەردەمێکدا ژیاوە کە سەردەمی دەرکەوتنی ناودارانی وەك (حەسەنی بەسری، یەحیای کوڕی حەی، شافیعی، ئیمام مالیك، مەعروفی کەرخی، هتد...[٣١])، بۆیە ئاسان نەبووە لەو سەردەمەدا کەسێکی بەناوبانگی وەك رابیعە دەربکەوێت، چونکە کەلتووری عەرەبی تا بە ئەمڕۆش مێیینە بە کەم تەماشا دەکات، نەخاسمە لە سەرەتاکانی ئەو قۆناغەدا.

شتێك کە جوانترین سیمای شیعری رابیعەیە، ئەویش نیشاندانی خۆشەویستییەتی بۆ خودا نە لەترسی دۆزەخ و نە لەخۆشی بەهەشت بۆیە تاقانە و بالاترین نموونەی شیعری عەرەبییە :

إني جعلتك في الفؤاد محدّثي
وأبحث جسمي من أراد جلوسي
فالجسم مني للجليس مؤانسٌ
وحبيب قلبي في الفؤاد أنيسي

[٣١]- الكلاباذي، أبو بكر محمد، التصوف لمذهب أهل التصوف، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٠،ص ١١٠ .



سەراپای ئەم شعرە پڕیەتی لە جوانی بۆیە لێرەدا شیعرەکە دادەنێین بۆ ئەوەی تینوویەتی خوێنەر بشکێنێت و دواتر لەگەڵ تێکستی ژنە کوردەکاندا بەراورد بکرێت.

أحبك حبين: حب الهوى
وحبّا لأنك أهل لذاكا
فأما الذي هو حبّ الهوى
فذكرُ شُغلت به عن سواكا
وأما الذي أنت أهلُ له
فكشفُك الحُجب حتى أراكا
فما الحمدُ في ذا ولا ذاك لي
ولكن لك الحمد في ذا وذاكا
يا سروري ومنيتي وعمادي
وأنيسي وعُدتي ومرادي
أنت روح الفؤاد أنت رجائي
أنت لي مؤنس وشوق كزادي
أنت لولاك يا حياتي وأُنسي
ما تشتتُ في فسيح البلاد
كم بدت مِنة وكم لك عندي
من عطاءٍ ونعمةٍ وأيادي
حُبك الآن بُغيتي ونعيمي
وجلاءُ لعين قلبي الصادي

ليس لي عندك ما حييت براحٍ
أنت منى مُمَكنُ في السواد
إن تكن راضياً عليّ فإني
يا مُنى القلب قد بدا إسعادي
راحتي يا إخوتي في خلوتي
وحبيبــي دائماً في حَضرتي
لم أجد لي عن هواه عِوضا
×××
وهواه في البرايا مِحنتي
حيثما كنت أشاهِد حُسنه
فهو محرابي إليه قبلتي
إن أمت وجداً وما ثم رضا
و اعَنَائي في الورى وشقوَتي
يا طبيب القلب يا كل المنى
جُد بوصلٍ منك يَشفى مُهجتي
يا سروري وحياتي دائما
نشأتي منك وأيضا نشوتي
قد هجرتُ الخلق جمعا أرتجي
منك وصلا فهو أقصى مُنيتي
وارحمتاً للعاشقين ! قلوبهم
في تيه ميدان المحبة هائمه



قامت قيامة عشقهم فنفوسهم
أبداً على قدم التذلل قائمه
إما إلى جنات وصل دائما
أو نار صدٍ للقلوب ملازمه
وزادي قليل ما أراه مُبلّغي
أللزاد أبكي أم لطول مسافتي
أتحرقُني بالنار يا غاية المنى
فأين رجائي فيك أين مخافتي
إني جعلتك في الفؤاد محدثي
وأبحتُ جسمي من أراد جلوسي
فالجسم من للجليس مؤانس
وحبيب قلبــي في الفؤاد أنيسي
كأسي وخمري والنديم ثلاثة
وأنا المشوقة في المحبة: رابعه
كأس المسرة والنعيم يديرها
ساقي المدام على المدى متتابعه
فإذا نظرت فلا أُرى إلا له
وإذا حضرت فلا أُرى إلا معه
وتخللت مسلك الروح مني
وبه سمى الخليل خليلا
فإذا ما نطقتُ كنت حديثي

وإذا ما سكتُ كنت الغليلا
حبيبُ ليس يعد له حبيب
ولا لسواه في قلبــي نصيب
حبيبُ غاب عن بصري وشخصي
ولكن في فؤادي ما يغيب



## سۆفیگەری کوردی

سۆفیگەری کوردی ئەوەی بەرچاوە لە هەردوو تەریقەتی نەقشی و قادریـدا خۆی دەبینێتەوە، تەریقەتی نەقشی زۆرترین سیما و مۆرکی کوردانەی پێوەیە، قوتابخانەی مەولانا خالدی نەقشبەندی[٣٢]، کە سەرچەمەکەی لـە فەلـسەفە و تەسەوفی هیندییەوەیە و سەردانی خـودی مـەولانا بـۆ هیندسـتان و مۆڵـەت وەرگرتنی شێخایەتی و خەلافەتی رەها لە رێبازی نەقشبەندیدا لەسەر دەسـتی (غولام عەلی عەبدوڵلای دەهلەوی) سەلمێنەری ئەو راستییەن.

تەریقەتی قادری کە لەژێر کاریگەری سۆفیزمی عەرەبیدا درووست بووە و (شێخ عەبدولقادری گـەیلانیی٤٧١-٥٦١ کۆچـی) دامەزرێنەرییـەتی و بـە

---

[٣٢]– ضیاء الدین خالدی کوڕی ئەحمەد کوڕی حسەینی شارەزووریيە کە لەنێو شوێنکەوتووەکانیدا بە (مەولانا خالدی ذو الجناحین) بەناوبانگ بووە. مەولانا ساڵی (١١٩٢) ی کۆچی بەرامبەر (١٧٧٨)ی زاینی لە ناوچەی (قەرەداغ)ی نزیك شاری سلێمانی لەدایك بووە، بەنەخۆشی تاعون لە شاری دیمەشقی سوریا لە ساڵی (١٢٤٢)ی کۆچی بەرامبەر (١٨٢٦)ی زاینی کۆچی دوایی کردووە.
گەورەبوون و وانە خوێندنی زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی لە زێدی خۆیدا بووە، بەڵام دواتر بەدوای زانستی زیاتردا ناوچەکەی خۆی بەجێهێشتووە و لە دەوروبەری ناوچەی خۆیدا لای مەلا شارەزاکانی سەردەم زۆرێك لە زانستەکانی سەردەمی خۆی خوێندووە، لەوانەش (شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی و شێخ عەبدولڕەحیمی برای، شێخ محەممەدی کوردی، شێخ ئیبراهیم بیارەی، مەلا عەبدوڵلای خەرپانی) زانستی مەلایەتی تەواوکردووە و ئیجازەی مەلایەتی لە سەردەمی عوسمانیەکاندا وەرگرتووە.

(تاج العارفين و شيخ الشيوخ) ناسراوە، تەریقەتی قادری لە شـام و عێـراق و میسر و بەشێکی ئەفریقادا شوێنکەوتووی هەیە.

تەریقەتی قادری ئەم لقانەی هەیە[٣٣]:

- تەریقەتی قادری البودشیشیة.
- تەریقەتی قادری العرکیة.
- تەریقەتی نەقشبەندی قادری.
- تەریقەتی بریفکانی قادری.
- تەریقەتی العلیه القادریه الکسنزانیة.
- تەریقەتی قادری (بازنەی شێخ حەسەنی قەرەچێوار).
- تەریقەتی الزعبیة القادریة العلیة.

لەنێوان هەردوو تەریقەتدا کۆمەڵێك خاڵی جیاواز هەن کـە گرنگترینیـان مەسەلەی پەیوەستبوونی زیاتر بوو بە مەسەلەی ناسیونالـستییەوە کـە لـەو سەردەمەدا بیری ئازادیخوازانەی گەلان لە ترۆپکی تێکۆشاندا بوو، پاش کۆچی دوایی مەولانا تەریقەتی نەقشبەندی جۆرە لاوازییەکی بەخۆیـەوە بـینی و لـە بەرامبـەردا تەریقـەتی قـادری تێکـەڵ بـە بزووتنـەوەی سیاسـی بـوو ، لـەو ڕێگەیەشەوە پەرەی سەند. هەندێك وای لێك دەدەنەوە کە مەولانا مەبەستێکی سیاسی هەبووە لە دروستکردنی ئەو دەسـەڵاتە، ئـەو مەبەسـتی پێکهێنـانی کیانێکی نەتەوایەتی سەربەخۆ بوو بۆ کورد و بۆ ئـەو مەبەسـتەش کۆشـشی

[٣٣] – موقع الطریقة القادریة العلیة – قواعد الطریقة، www.alkadria.com



دەکرد لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەم کـارە بکـات، وەك دیاریـشە زۆرێـك لـە خەلیفە و موریدەکانی مەولانا و قوتابخانـە و تەریقەتەکـەی رابـەری گـەورەی کوردایەتی بوون[٣٤].

[٣٤] – ئا: راستگۆ عادل حەمەسەعید، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ماڵپەڕی هەژان
http://www.hezhan.org/٪٢٨A٪٢٨٦٧UNBh٨DzAEkAAAAYmMzNmVlZDQtOTRlOS٠٠NzNmLTg٣MTgtNzJhYWM٢MGY٤ZDAy٦qb٣i٣x٨rtKUy١ki١DD٤zaqgzls١٪٢٩٪٢٩/Detail.aspx?id=٢٨٤&LinkID=١٤&AspxAutoDetectCookieSupport=١

# یارسان

ناوی ئایینێکی کوردی و قوتابخانەیەکی سۆفیگەری کوردی ڕەسەن و خۆماڵییە و سەرەتا و گەشەسەندنی لە خاکی کوردستاندا بووە و بەئێستەشەوە ئەم ئایینە شوێنکەوتووی هەیە و لە برەودایە.

یارسان لە دوو وشەی لێکدراو پێك هاتووە ( یار) و (سان) واتە یارانی سوڵتان و ئاماژەیە بۆ سان سەهاکی بەرزنجی.

ئەگەرچی ئەم ئایینە بۆ پێش سەردەمی سانسەهاك دەگەڕێتەوە و کۆنترە و بەڵگەش بۆ ئەمە ڕاپەڕینی موبارەك شا ناسراو بە شاخۆشێن (٣٢٠ – ٤١٠ ی کۆچی مانگی) و پێشتریش بالولی ماهی کە دژی عەباسییەکان یاخیبوونی ڕاگەیاند لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، هەر ئەو بوو دروشمی سپی پۆشی هەڵگرت لە دژی ڕەش پۆشی عەباسییەکان کە تا ئەمڕۆ لەناو پەیڕەوانی ئەهلی هەقدا پەرچەم و پۆشاکی سپی نیشانەیە.[٣٥]

بۆیە بڕوام وایە دەستەواژەی یارسان دەبێت بۆ قۆناغی ئاشکراکردنی ئەو ئایینە لەلایەن سوڵتان سەهاکی بەرزنجیەوە بەکار بهێنرێت، لەو قۆناغەدا ئەم ئایینە گەشتوەتە دوا ترۆپك و قۆناغی کامڵبوون کە قۆناغی هەقیقەتە.[٣٦]

---

[٣٥]- سلطاني، محمد علي: قيام و نهضت علويان زاگرس، جلد ١، تهران، نشر سها، ١٣٧٦-١٣٧٧، ص ٢٦-٢٧.

[٣٦]- عەبدوڵڵا" نەجاتی: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، هەولێر- کوردستان -٢٠٠٥ چاپی یەکەم- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، لا٦٥ و ١٣٦.



قۆناغەکانی دیکە لە ئاینی یارساندا بریتین لە:

- قۆناغی شەریعەت: قۆناغی پێغەمبەرەکانە تا دەرکەوتنی مەولا عەلی.
- قۆناغی تەریقەت قۆناغی دەرکەوتنی مەولا عەلییە.
- قۆناغی ماریفەت لە دەرکەوتنی موبارەك شای لوڕستانی ناسراو بە شاخۆشێن دەست پێدەکات .
- قۆناغی حەقیقەت قۆناغی دەرکەوتنی سوڵتان و یارانییەتی.

هەروەها دەرکەوتنی بابا سەرهەنگی[٣٧] دەودانی لەگەڵ هەندێك لە یارانیدا بە چیاکانی هەوراماندا دەگەڕێت و بانگەشەی زیندووکردنەوەی ئاینی کوردان دەکات.

**سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان**
**ئەز کە نامێمەن سەرهەنگی دەودان**
**چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان**
**مەکۆشم پەریٚ ئائینی کوردان**

---

[٣٧]- ئەگەرچی بەپێی دەوران و ساڵ سەرهەڵدانی بابە سەرهەنگی دەودانی وەك لە مێژووی وێژەی کوردیدا ئاماژەی پێدراوە ساڵی ٣٢٤ی کۆچی بووە و لە بەرامبەردا شاخۆشین لە (٤٠٦)دا لەدایك بووە، کەواتە دەرکەوتنی بابا سەرهەنگ کۆنترە.

ئەمانە وەك فاكتێك هێنراون بۆ كۆنی ئەم ئایینە، كەواتە بە هەركام لە ناوەكانی (ئەهلی هەق یان كاكەیی یان یارسان ناوببرێن هەر یەك جەوهەر و ناوەڕۆكی هەیە، خودی یارسانەكانیش پێیان خۆشە "بەشێوەیەكی گشتی وایان پێ باشە بە (یاری و یارسان) ناو بهێنرێن[38]"

[38]– رۆستەم، ئەیوب: یارسان، ٢٠٠٦ – سلێمانی، لە بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان، ل ٢٦.



## نامەی سەرەنجام

گرنگترین و پیرۆزترین كتێبی یارسان یان ئەهلی هەقەكانە و بە شێوەیەكی تەواوەتی لە سەدەی هەشتەمی كۆچیدا لەلایەن سوڵتان و هاوەڵانییەوە نووسراوەتەوە بە هەورامی.

ئەوەی كە گرنگە ئەوەیە ئەم كتێبە بەسەر شەش بەشی سەرەكیدا پۆلێن كراوە ئەوانیش بریتین لە: " بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانە،گڵیم و كۆڵ، دەورەی چلتەن، دەورەی عابدینی جاف، وردە سەرەنجام" كە بنەما و تایبەتمەندی و هەموو یاسا و رێساكانی ئەم ئایینە لێرەدا نووسراوە.

سەربارى ئەوانە چەندین كتێبی دیكەیان هەیە كە بەپێی پۆلێن بەندی بەم جۆرەن:

١- دەورە: ئەو كتێبانەن پێشەكی دەورە بە ناوەكانیانەوە هەیە وەك"دەورەی بالولی ماهی، دەورەی بابا سەرهەنگی دەودانی، دەورەی شاخۆشێن، دەورەی بابا ناوسی سەرگەتی یان بابا ناوسی جاف، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی دامیار، دەورەی شاقولی، دەورەی پیرئالی، دەورەی شا هەیاس."

٢- ئەو كتێبانەی پێشگری (كەلام) بەناوەكانیانەوە هەیە لەوانەش: "كەلامی سەی ئاكبەری خامۆش، كەلامی پەردیوەری، كەلامی شاتەیموور، كەلامی زولفەقار، كەلامی جەناب، كەلامی قاسید، كەلامی مجرم، كەلامی خان ئەڵماس، كەلامی ئێڵبەگی جاف، كەلامی حەیدەری، كەلامی دەروێش ئاجاق – كە ئەمەیان بە زمانی توركی نووسراوە و كەلامی ئێڵبەگیش بە شێوەی جافی نووسراوە.

ئەیوب رۆستەم لە کتێبی یارساندا لە لاپەڕە ٣٢-٣٣ دا کەلامەکانی بە ١٢ کتێب دەستنیشان کردووە بەڵام ئەوەی نەورۆز کەلامی لەسەر نەنووسراوە و لەو دەستنووسەی لەلای منە نووسراوە دەفتەری نەورۆز[39] و لە چاپکراوەکەشدا کە بە کۆششی بەڕێز فەرەیدونی دانیشوەر، نووسراوە (دفتر نوروز سورانی)[40].

٣- ئەو کتێبانەی بە دەفتەر ناسراون وەك: "دەفتەری شندروێ، دەفتەری ساوا، دەفتەری نەوروز سورانی، دەفتەری شێخ ئەمیر، دەفتەری غولامان".

٤- یەکێکی دیکە لە کتێبە پیرۆزەکان کە هاوشانی سەرەنجامە ئەویش دیوانە گەورەیە.

---

[39]- دفتر درویش نوروز-دەستنووس- بیاری پروردگار توانا بتاریخ بیست و هفتم اردیبهشت ماه، هزار و سیصد و شصت و هفت -١٣٦٧/٢/٢٧ شمسی بدست بنده خاص علی نوروزی برابر اصل رونوشت گردید.

[40]- دانیشور، فریدون: دفتر نوروزی سورانی، مقدمه و حاشیه نویسی و معانی لغات - تهران ١٣٨٢- چاپ اول.



## گرنگی لێکۆڵینەوە

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە تا ئێستا دەقەکانی نێو نامە و کتێبەکانی ئەهلی هەق وەك تێکستی پیرۆزی ئایینی تەماشاکراون، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەروازەیەکی نوێ بە رووی ئەو دەقانەدا دەکرێتەوە و لە بازنەی ئایین دێنە دەرەوە و وەك دەقی ئەدەبی مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت و لەبەر رۆشنایی تیۆرییە ئەدەبییەکان بەتایبەت تیۆرییەکانی خوێندنەوەی هاوچەرخ ئەم دەقانە شرۆڤە دەکرێن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە رۆشنایی دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگ ئەویش سۆفیگەری ژنی کوردە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ئەگەر شەن و کەوی تەواوی نووسراوەکانیان بکەین جگە لە (رابیعەی عەدەوی ٧١٧-٨٠١ز)، یەکەم و تاکە ژنی عەرەبی سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی عیرفان و سۆفیگەرییە، بەشێوەی فەلسەفی خۆی رێبازی خۆشەویستی پەروەردگاری دامەزراندووە.

دەیگوت: ((خودایە ئەگەر خۆشەویستیم بۆ تۆ لە ترسی ئاگری دۆزەخە، بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا بمسوتێنە، یان ئەگەر بۆ چوونە بەهەشتە ئەوا لەبەهەشت بێبەریم بکە)).

ئیتر دوای رابیعە سۆفییەکی ژن لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا دەرنەکەوتووە، کەچی لە ئایینی یارساندا چەندین ژنی سۆفی دەرکەوتوون کە لەم کتێبەدا خراونەتە بەرچاو.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە

ئایینی ئەهلی هەق یان یارسان یەکێکە لەو ئایینانەی کە سەراپا کوردییە و تا ئێستاش زۆرێك لە خوێندەوارانی کورد لەبارەی ئەم ئایینەوە شارەزایی تەواویان نییە.

بەتایبەت لە زۆرێك بۆنەدا دەگوترێت کە کۆمەڵگەی کوردی لە دێر زەمانەوە دواکەوتوو بووە بەرامبەر بە مافەکانی ژنان.

لەم توێژینەوەیەدا دوو ئامانجی سەرەکی بوونەتە فاکتەری ئەم بابەتە:

١- لە ڕابردوودا لەسەر زەمینی کورداندا بەتایبەت لە هەورامانـدا ژنان نەك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆژانەدا بگرە لە ئایینی ناوچەکەشدا بەشدارییان هەبووە و جێ پەنجەیان دیارە.

٢- ساغکردنەوەی لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی قەڵەمی ژنانی کورد لە سەدەکانی رابردوودا و بەمەش خەرمانی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکەین.

وەك دەبینین لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەی وەك نووسراو هەیە هەندێك دەڵێن لە دوو بەیتییەکانی باباتاهیرەوە دەست پێدەکات[٤١] ، بەڵام بە چاوخشاندنێك بە کتێبە پیرۆزەکانی یارساندا ئەوەمان بۆ بەیان دەبێت کە پێشتر بابا تاهیر لەو کتێبانەدا تێکستی نووسراو هەیە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە لە زۆرێك لە کتێبەکانی تایبەت بە مێژووی

٤١- خەزنەدار، دکتۆر مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل١٦٠.



ئەدەبی کوردی کە ئەوەی بەڕێز دکتۆر خەزنەدار باشترینیانە، کەموزۆر نەچووە بەلای هیچکام لەو ژنانەدا کە جێپەنجەیان لەناو کتێبەکانی یارساندا دیارە.

بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دکتۆر خەزنەدار لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەمی لەسەر نووسراوە، بەڵام هەندێك ناوی کەم نەبێت کە ئەویش تەنها هی پیاوەکانە ناوی کەسی دیکەی نەهێناوە و بەمەش ئەڵقەیەکی نارۆشن لەو نێوەندەدا بە نادیاری ماوەتەوە.

بەداخەوە نووسەر و لێکۆڵەر و خوێندەوارانی کورد زۆر بەکەمی نەبێت ئاگایان لەو گەنجینە کلتووری و ئەدەبی و رۆشنبیرییەی یارسان نییە و ئەو کەمە شارەزاییەش هەبێت لە زمانی کەسانی بیانییەوە وەریانگرتووە، کە ئەو کەسانە زۆربەی زانیارییەکانیان هەڵەن.

## کرۆك

لە کرۆکی توێژینەوەکەدا لە ژیانی ئەو هۆنەرانە و ئەو تێکستانەی بەردەستمان کەوتوون، دەکۆڵینەوە و شرۆڤەی تێکستەکانیان دەکەین بە سود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی سەرەکی کە بریتین لە کتێب و دەفتەر و کەلامەکانی ئەهلی هەق لەلایەکەوە لەلایەکی دیکەوە بۆ ساغکردنەوە و لێکدانەوە و دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان سوود لەو کتێبانە وەردەگرین کە رۆژهەڵاتناسەکان و نووسەرانی دیکە لە بارەی ئەو ئایینەوە نووسیویانن.



### ١- دایە تەورێزی هەورامی

دایە تەورێز شاعیرێکی هەست ناسك و پەیڕەوکارێکی ئایینی کوردان و رۆشنبیر بووە. لە سەرەنجامدا هاتووە: لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەوراماندا هاتووەتە ژیانەوە. لەگەڵ شالاوی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی مۆرکی ئایینی و کلتووری کوردان و کاتێك هەستیان بە مەترسی هێرشی بێگانان کردووە بۆ ناوچەکەیان، بەدەم بانگەوازەکەی "بابا سەرهەنگی دەودانی"یەوە چووە. بابا سەرهەنگ یەکێك بووە لە پەیڕەوانی ئایینی کۆنی کوردان و لەو پێناوەدا گیانی بەخشیوە و ئێستا ئارامگاکەی لە تەوێڵەیە و بووەتە زیارەتەڵانی تەوێڵەییەکان .

لەگەڵ کزبوونی ئەم ئاینەدا سەرهەنگ یان (سەرەنگ)یشی پێدەڵێن، جاڕی ڕێ و ڕەچەیەکی تازەی داوە و زۆرێك شوێنکەوتووی هەبوون کە دایە تەورێز یەکێکە لەو شوێنکەوتووانە.

کاتێك (بابا سەرهەنگ) هەواڵی کوژرانی هاو ئایین و هاو زمان و هاو نیشتمانیانی بەدەستی هۆردوی داگیرکار دەبیستێ و هەواڵی بەدیلچوونی شەن و کەنیکان دەژنەوێت، دەداتە کێوەکانی هەورامان و بانگەوازی ئاین و شۆڕشێکی نوێ دەکات وەك لەم دوو بەیتەیدا دیارە:

پەی ئامانتان، پەی ئامانتان

گرد ئامادەیان پەی ئامانتان

**ئەز مەڵهەم مەنیەو ئەزامانتان**
**مەڕەسم وەهەق ئیمامانتان**

واتە: خۆتان ساز و ئامادە بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و منیش دەگەمە لاتان و تۆڵەی ڕابەرە لە خوێن شەڵاڵەکانتان دەسێنم.
دایە تەورێز دەبێتە یەکێك لە یاروشوێنکە و توانی بابا سەرهەنگ و سەراپای تەمەنی بە فێربوونی زانست و خەبات دژی داگیرکەران دەباتەسەر.
ئەم خانمە شاعیرە لەگەڵ ئەوەدا بوێژێکی خامە ڕەنگین و وشە ناسك بووە (تەموورە) ژەنێکی لێهاتووش بووە و لەگەڵ زایەڵەی (تەموورە)دا (کەلامی) خوێندووە.
دایە تەورێز یەکەمین شاعیری ئافرەت بووە لە (سەرەنجام)دا شیعری هەبووە، کۆمەڵێك دەقی جوانی لەپاش بەجێماوە لە شێوەی دوو بەیتی و لە کتێبێکدا بەناوی "دەورەی بابا سەرهەنگ ".
دایە تەورێز لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەورامان کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

ئەمەش نموونەی شیعرەکانیەتی کە دوو بەیتین و شەش دووبەیت دوو بەیت شیکاریان دەکەین.

**ڕازەن پیاڵەم، ڕازەن پیاڵەم**
**سەرسامم نەبەزم ڕازەن پیاڵەم**



**بادەی پیاڵەم یاوا وەناڵەم**
**چونکە ناڵەکەم بەرز بی نەعاڵەم**

واتە: پیاڵەی مەی نۆشی و رازی جوانیم پڕە لە نهێنی و لە بەزمی جەمدا سەرسامم و بادەی پیاڵەم بە فریادم گەشت و ناڵەم گەشتە بەرزایی دونیا.
تەورێز دەیەوێت بڵێت لە ئەفسونەوە پیاڵەیەك مەی درایە دەستم و مەستی کردم. لە مەستیمدا سەرسامی بەزمی جەم بووم. لەوێدا یاران لە پەنهانی ئەودیو نهێنییەکانەوەن، من دەروونم گڕی گرتبوو بە گڕی عەشقی پیاڵەی خاوەندکارم و ناڵە و هاوارم گەردوونی گرتبوو بەو پیاڵەی پڕ لە مەیە جۆش و خرۆشی دەروونم دامرکایەوە .

**جەم پەی ڕاسانەن، جەم پەی ڕاسانەن**
**یاران یاوەران جەم پەی ڕاسانەن**
**هەرکەسێ نیکی کەرۆ ئاسانەن**
**جەم پەی ڕۆشنی زێڵ خاسانەن**

واتە: ئەی پەیڕەوانی ئەم ئاینە کۆبوونەوە لە جەمخانەدا بۆ ڕاستان و ئیماندارانە، هەرکەس لە جەمخانەدا نیاز و قوربانی و چاکە بکات کاری لەبەر دەڕوات، کۆبوونەوەیە بۆ ڕۆشنی دڵ و دەروونە.
بەپێی بنەماکانی ئاینی ئەهلی هەق دەبێت پەیڕەوان هەر هەفتەی جارێك لە

جێگایەکدا کۆببنەوە کە ناوی جەمخانەیە، لە جەمخانەدا بەدەم نەوای تەمبوورەوە سروودەکان دەخوێنرێن.

زێڵ کەران رۆشن، زێڵ کەران رۆشن
یاران وەخوەر[٤٢] زێڵ کەرا رۆشن
سەرسپەردە بان وەیاری وەشەن
بسازن پەریٚ وێتان بوو جەوشەن

بە بڕوای پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە، زێڵ[٤٣] تەنیا بە تیشکی جوانیی ئایینی یاری ڕۆشن دەبێتەوە، لێرەدا دایە تەورێز داوا دەکات یاران لەسەر پەیڕەوی یاری سەر بسپێرن بەم ڕێبازە، چونکە سەرسپاردن ئاسوودەییە وەك ئەوە وایە بۆ ڕۆژی پەسلاَن کراسی زێر بۆ خۆیان درووست بکەن.
سەر سپاردن لە ئایینی ئەهلی هەقدا یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی

[٤٢]- وشەکە بە مانای خۆر یان تیشکی ئیلاهییە بەبڕوای یاران هەرکەس ئەو تیشکە بیگاتیٚ دەگاتە پایەی زانیاری و فەڕو شکۆی مەولا بەسەریدا دەپژێت. مێژووی وێژەی کوردی –سدیق بۆرەکەیی– دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر – ٢٠٠٨ –بەرگی یەکەم –لاپەڕە ٧٥.
[٤٣]– لە زمانی هەورامیدا زێڵ بەمانای کانگای هەست و شتە سۆزییەکان دەگوترێت، ئەم وشەیە جیاوازە لە دڵ کە وەك ترومپایەك کردارێکی فیزیکی ئەنجام دەدات و تا ئێستاش ئەو وشەیە ماوە وەك ( زێڵم نمیٚ، زێڵێت نەسۆچۆ و... هتد).



پەیڕەوان و دەبێت هەر منالێك لەدایك دەبێت پاش هەفتەیەك لە جەمخانەدا سەر بسپێرێت پێویستە هەر خانەوادەیەك پیرو دەلیلێکی هەبێت.

بلمیٚ ئەو باسی، بلمیٚ ئەو باسی
یاران چەنی شا، بلمیٚ ئەو باسی
داوای داو باقی گەرچک غەواسی
بیان ئەو مەقام هندۆ وەسازی
دەودانیان یەریٚ هەفتاد، تەعین کرد نەڕا
تا ئاشان بابا سەرهەنگ بکەران قەزا[٤٤]
جە دەودانیان، جەدەودانیان
هەفتاد یەری مەلای موعتەبەر، جەدەودانیان
بابا سەرهەنگ و دەروێشان بەر ئەو هەورامان
عەرزو دادشا بەرد جەلای سەبوورە سوڵتان

سەرباری زوانی شیرینی کوردی هەورامی، بە زوانی فارسیش ئەم خاتوونە

[٤٤] - لە سەرەنجامێکی دەسنووسدا کە ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە و ساڵی ١٩٥١ زاینی لە دامێنی دالاهۆ نووسراوەتەوە و لە زەردە دەستم کەوت ئەم بەیتە بەم جۆرەیە:
داودانیان یەری نەفەرشان، کیاستەن نەڕا ...... تا ئوشان سەرهەنگ بکەران قەزا

له سەرەنجام و دەفتەرەکانی ئایینی یاریدا جێگە پەنجەی دیارە:

**یا شا من ساحب سر نبودم تو سرم بخشیدی**

**بخشیدنی سرم را بتو مکرر خود می دیدی**

یان دەڵێت:

**بابا ان نوری که در نور تو نشود تاقی**

**هرکس در میدان تو سرش نبود سلاقی**

**ان کس در زات تو شک اورد**

**مزەی تو با نچشد در روز باقی**

یاگێوی تەرەنە ماچۆنە:

**پا بەرزە وازە، پا بەرزە وازە**

**یاریمان نیان، پا بەرزە وازە**

**داود و موسی بیان جە سازە**

**بنیام مەدەران پا شەرت تازە**[45]

[45]– طاهري، طيب گرداوری، تحقيق و ويراسته: سرانجام ( دفتر اول) مجموعه کلامهای یارسان، کاکەیی، اهل حق، اربیل، انتشارات اراس، صفحه ٥٦-٥٩-٦١-٦٢-٦٣.



## ٢- جەلالە خانمی لوڕستانی ٤٠٦ تا ٤٦٧

ئەم خانمە شاعیرە خودان ژیانێکی پڕ لە ئەفسانە و ڕووداوی سەرنج ڕاکێشە، ژیانی و شێوازی لەدایکبوونی شاخۆشێنی کوڕی وەك لەدایکبوونی عیسای کوڕی مریەمە.

له کتێبی مێژووی وێژەی کوردیدا، سدیق بۆرەکەیی دەڵێت[46]: سەرەنجامدا هاتوە جەلالە خانم بەیانییەك لە خەو ڕادەبێتەوە دەچێتە سەر بانیژەی ماڵەکەیان و لەپڕ تیشکێکی خوایی دەچێتە جەستەی ئەو خانمە، بەسەرهاتەکە بۆ دایکی باس دەکات بەڵام دایکی بەهەند وەری ناگرێت . پاش ماوەیەك نیشانەکانی سك پڕی لە جەلالەدا دەردەکەوێت، ئەم ڕووداوە باوکی زۆر دڵگران کرد، لە ترسی ئابڕووی بنەماڵەکەیان فەرمان دەدا بە کوڕەکانی بیبەن لە چۆڵەوانییەکدا بیکوژن، جەلالە بەقۆڵ بەسراوی دەیدەن بەدەست براکەیەوە بۆ کوشتنی و سەندنەوەی ئابڕووی بنەماڵەکەیان، لەو کاتەدا برا

له سەرەنجامێکی دەسنووسدا کە ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە و ساڵی ١٩٥١ زایینی لەدامێنی داڵاهۆ نووسراوەتەوە و لە زەردە دەستم کەوت ئەم بەیتە بەم جۆرەیە

( بنیامین مدران پای شەرت تازە)

[46]– بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە٧٦.

ئەگەر چی ئەم باسە لە دەماودەمی کاکەییەکاندا هەیە بەڵام لەو ٤ سەرەنجامەی لای منن تەنها لەوەی سەفی زادەدا ئەم چیرۆکە نووسراوەتەوە.

بچووکەکەی بەزەیی بە خوشکەکەیدا دێتەوە و بـە براکـانی دەڵێـت بادەسـت نەخەینە خوێنی خوشکی خۆمان لەم چۆڵەوانییەدا جێی دەهێڵین تا گیانـداری دڕندە دەیخوات.

هەموو براکانی بڕوا بەم قسە دەهێنن، برایەکی نەبێت کە دەڵێت "ئێوە بچنەوە من لە فەرمانی باوکم دەرناچم دەبێت بە خوێنی ئەو ڕیسوایی خانەوادەکەم بکڕمەوە".

ویستی بەخەنجەر خوشکەکەی بکوژێ، لە غەیبەوە دەنگێك بانکی کرد (خوشکەکەت مەکوژە پاکیزەیە، سکەکەی نوری خوایە و دەبێتە ڕێنوێنیکەری خەڵکی)

براکەی سەرپای لاشەی هاتە لەرزە و داوای بەخشینی لە خوشکەکەی کرد و پێکەوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و بەسەرهاتکەی بۆ باوکی گێڕایەوە.

پاش ماوەیەك کۆرپەیەك لە دایك بوو ناویان نا (موبارەك شا) لە هەفتەی یەکەمیدا پیاوێکی خواناس هاتە لای دایکی بە ناوی (کاکەردا[٤٧]) و مژدەی دایە لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆرپەکەی دەبێتە ڕێنوێنکەری خەڵکی بۆ بڵاوکردنەوەی هەقیقەت.

جەلالە خانم کچی میرزان ئامانای فەرمانڕەوای لوڕستان، لە لوڕستان لەدایك بووە و لە منداڵیەوە کچێکی پارێزگار بووە و زۆر تێکەڵی کۆمەڵ نەبووە و زۆر کاریگەر بووە بە دیمەنە دڵڕفێنەکانی سروشتی ناوچەکە. باوکی ناویەتە بەر خوێندن لای باشترین مامۆستای ئەو سەردەمە، ئەم خانمە جگە لە شیعر

٤٧– دۆنی پیر بنیامینە.



لە هونەری موسیقادا مامۆستایەکی کارامە بووە بە تایبەت لە ئامێری (تەمبور)دا هەردەم بەدەم زایەڵەی تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی خوێندووەتەوە.

وەك شاعیرانی دیکەی ئەو سەردەمە شیعرەکانی بە شێوەی کوردی هەورامی و لە قاڵبـی دو بەیتیدا نووسیوە.

ئەو کارەساتەی بەسەر ئەم خانمەدا هات لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە پاش خۆی هەندێك دووبەیتی لێجێماوە لە کتێبـی (دەورەی شاخوشین) تۆمار کراون ،کە کتێبێکی پیرۆزە لای ئەهلی هەقەکان.

لێرەدا چەند نموونەیەك لە دوو بەیتییەکانی ئەو خانمە شاعیرە بڵاودەکەینەوە لەگەڵ لێکدانەوەی دەقەکان:

**ئەی کاکەڕدا، سوار دانا**
**ئی فەرمان ئاماجە هەفت ئاسمانا**
**خەلق لوڕستان (وەزۆش) مەزانا**
**پاکەن جەلالەی میرزا ئامانا[٤٨]**

٤٨– بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، بەرگی یەکەم ، لاپەڕە ٩٢.

لە بەرگی دووەمی (مجمع الكلام سرانجام اهل حق[49])دا بەم جۆرە هاتووە:

**کاکەڕدا، سوار دانا**
**یە حوکمیٚ ئاما چەی هەفت ئاسمانا**
**خەلک لوڕستان بە زۆڵش مزانا**

لەم دوو بەیتەدا ئەو ڕەنگدانەوەیە ئاشکرا دیارە و بووەتە گڕی لای ئەم شاعیرە، لەم دوو بەیتیەدا قسە لەگەڵ کاکەڕدا دەکات و پێی دەڵێ ئەی سواری زانا و لێهاتوو فەرمانی درووستبوونی شاخوشین لە هەفت ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و تۆش مژدەت دامێ کە کوڕەکەم ڕێنوێنی کارە، خەڵکی لوڕستان کوڕەکەم (زۆڵ) و خۆشم بە داوێن پیس دەزانن بەڵاَم جەلالەی کچی میرزا ئامانا داوێن پاکە.
ئەم دوو بەیتییە لە نوسخەکەی (سدیق بۆرەکەیی)دا هەڵەیە بەڵاَم لە دەفتەری دەستنووسی (دەورەی شاخوشین)دا[50] نیوەدێڕی دووەم بەم جۆرەیە.
**خەڵقی لوڕستان بە زۆڵش زانا**

[49]– سام الدین تبریزیان، گرداوری و تدوین، جلد دوم ، مجمع الكلام سرانجام اهل حق، لا٦ ، دەستنووس.

[50]– دەفتەری شاخۆشین –دەستنووسە– لەسەر دەستنووسێکی کۆن ساڵی ١٣٦٨ نووسراوەتەوە.



لە سەرەنجامەکەی تەیب تاهیریدا بەم جۆرە نووسراوە:

**ئەی سواری دانا،ئەی سواری دانا**
**یەی حوکمیٚ ئاما چەی هەفت ئاسمانا**
**خەڵک لوڕستان بە زۆڵش مەزانا**
**پاکەن جەلالەی میرزا ئامانا**[51]

جە دوە بەیتییێوی تەرەنە ئی شاعیرما کەمێك ئارامی بە زێڵیدا دێت کاتێك دەبینێت ژن و پیاوی لوڕستان لە دەورەی کوڕەکەی کۆبوونەتەوە و سەری پیٚ دەسپێرن

**نە بەرەی شاهی، نەبەرەی شاهی**
**ئارۆ نیشتەبیٚم نەبەرەی شاهی**
**مێردان و ژەنان مەشین وەشاهی**
**پەریٚ شاخۆشیٚن مەدان گەواهی**

[51]– طاهري، طيب گرداوری، تحقيق و ويراسته: سرانجام ( دفتر اول) مجموعه کلامهای يارسان، کاکەيی، اهل حق، اربيل، انتشارات اراس، صفحه ٢٠.

دیسان له نوسخەکەی (بۆرکەیی)دا له نیـوەی دووەمـی دێـڕی یەکەمـدا هەڵەیەك هەیە کە (نارۆ) واتە ئەمڕۆ و ئەویش راستەکەی (ئارۆ)یە.

واتە: ئەمڕۆ ژیانم لەبەردەم دەروازەی شاه دا بوو، بـەکامی دڵ تەماشـای ژن و پیاوانم دەکرد کە دەستە دەستە دەچوونە لای (شاخۆشێن)ی کوڕم و بڕوایان بەو دەهێنا و شایەدی راستییان بۆ دەدا و سەریان پێ دەسپارد.

دیارە وشەی (شاه) بەو کەسانە دەگوترێت لە دۆنی خوداوەندا دەرکەوتوون، کە لە ئاینی ئەهلی هەقدا خودا حەوت جار دەرکەوتووە[٥٢] بەم جۆرە:

١- خاوەندکار

٢- مەولا عەلی

٣- شاخۆشێن

٤- سان سەهاك

٥- قرمزی (شاوەیس قولی)

٦- محەمەد بەگ

٧- خان ئاتەش

وە بە ئێستەشەوە لەسەر مەزاری سان سەهاکی بەرزنجی نووسراوە ( یا شاه هەورامان)

---

[٥٢]- عەبدوڵڵا، نەجاتی: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان ٢٠٠٥، لا٧٩ ، وتاری ئەهلی هەق- مینۆرسکی.



مەستم جە بادەی رۆی ئەلەست تۆ
وەسەن یەک جامیٚ مەی جەدەست تۆ
ئاینەی زیٚلم رۆشنەن چون مەی
چەو بۆن بیەنم مەی پەرست تۆ

لە لای بەڕێز تەیب تاهیری دێڕی کۆتایی بەم جۆرەیە:

جەو بونە بییەنم مەی پەرستی تۆ[٥٣]

واتە: لە بادەی رۆژی ئەلەسـتدا مەسـت بـووم، تـەنیا جـامێکی دی لـەو مەیەم گەرەکا لەدەستی خۆت، ئاوێنەی سۆز و زێڵم رۆشنا چون بادەی تۆ، هەر پۆچی بیێنا مەی پەرستەو تۆ.

یاران پەریٚ بۆ، یاران پەریٚ بۆ
زاری کەن چەنی بولبول،پەریٚ بۆ
ئەز ئەو وەڵەنان، ئامام وەلای تۆ
ئانە پەیمان ویٚم وەستم چە نۆ

---

[٥٣]- طاهري، طيب گرداوری، تحقيق و ويراسته: سرانجام ( دفتر اول) مجموعه كلامهای يارسان ، كاكەيی، اهل حق ، اربيل، انتشارات اراس، صفحه ٢١.

ئەگەرچی وشەی (بۆ) لە هەورامیدا بە مانای (بۆن) دێت و لە پەراوێزدا بەڕێز تەیب تاهیری لە لاپەرە ٢٢ لە سەرەنجامدا بە بۆن لێکی داوەتەوە بەڵام تا ئاگاداری چیرۆکی گوڵ و بولبولی نێو ئەهلی هەقەکان نەبین مانایەکمان دەست ناکەوێت، چونکە لە مانای بەیتەکەدا بۆ وەك بۆن مانای نییە و ئەگەر بیکەیتە سۆرانی بەم جۆرە دەبێت:

**یاران لەبۆ بۆن، یاران لەبۆ بۆن**
**زاریکەن لەگەڵ بولبولدا بۆ بۆن**

لە دێڕی دوای ئەودا وشەی (وەڵ) بەکارهاتووە و بە گوڵ لێکدراوەتەوە کە ڕاستیەکەی دەبێت بنووسرێت (ول) کە بە هەورامی بە مانای گوڵ دێت و بەڕێز بۆرەکەیی و بەرێز تاهیریش وشەکەیان بە هەڵە نووسیوە.

بۆیە دەبێت و بە ناچاری بۆ تێگەیشتن لەم دێڕە تەواوی چیرۆکەکە بخوێنینەوە کە بەم جۆرەیە:

گوڵ و بولبول لەبەهەشتدا بوون و لەسەر کانیاوێك دەژیان، گوڵ پەری بوو بولبولیش فریشتە، گوڵ پەیمانی لەگەڵ کانیاوەکەدا بەستبوو بەکەس مێرد نەکات، چونکە دەمێك بوو دڵی لە بولبول چووبوو و نەیدەویست پەیمانەکەی بشکێنێت.

ڕۆژێك بە بولبولی گوت کچێك لە سکمدایە و ناوی (بۆ) واتە (بۆن)م بۆ



هەڵبژاردووە، کە کۆرپەکەم لەدایك بوو دەیبەخشم بە تۆ، دەبێت تۆش پەیمانی ئەوەم بدەیتێ ئەم ڕازە لای کەس نەدرکێنی.

بولبولیش پەیمانی دایە کە ڕازدار و ڕاز پارێز بێت و لە دڵی خۆیدا بیهێڵێتەوە.

بۆ ئێوارە گوڵ چویە سەر کانیەکە و پێی گوت "من پەیمانم بە بولبول داوە کە (بۆ) لەدایك بوو پێشکەشی ئەوی بکەم، کانیش گوتی کارێکی باشت کردوە چونکە بولبول فریشتەیەکی شایان و پێکەوتووە.

ئێوارە گوڵ ژانی بە لەدایك بوونی (بۆ) وە دەگرت، بولبول لەخۆشیدا دەستی بە خوێندن و چریکە کرد، گوڵ بەدەم ئازارەوە پێی گوت مەچریکێنە با (با) پێمان نەزانێت چونکە بیستویەتی (بۆ) چ ناسك و نازدار و زەریفەو ئەویش شەیدای بووە، بولبول ئەوەندە سەرمەست بوو ئاگای لە قسەی گوڵ نەماو تادەهات چریکەی بەرزتر دەبویەوە، لەبولێلی بەیانیدا (با) بەدەم چریکەی بولبولەوە هاتوو خۆی مەڵاس دا تا بزانێت ئەو چریکە پڕ سۆزەی بولبول بۆ چییە.

لەو دەمەدا هەستی بە لەدایك بوونی بۆن کردوو، بینی بولبول ئەوەندەی چریکاندوە هۆشی لای خۆی نەماوە، بۆیە لەگەڵ لەدایك بوونی (بۆ)، (با)ی شەیدا هات و لە سروە و شنەی پێچاو بردی، کاتێك وەهۆش خۆی هاتەوە لە گوڵی پرسی کوا (بۆ)؟

- مەگەر نەمگوت ئەوەندە مەچریکێنە ( با)ی شەیدا هاتوو بردی.

لەو ڕۆژەوە چریکەی بولبول نەوەستا، دیسان دوای ئەوە گوڵ بە بولبولی گوت بەسە مەجریوێنە، بەڵام بولبولی داخ لەدڵ لە چریکە نەکەوت تا

**هەردوکیانیان لە بەهەشت دەرکردە دەرەوە"[٥٤].**

**ئەمە وەك پەندێك لای ئەهلی هەقەکان دەماودەم دەگوترێتەوە و رەمز و هێمایە بۆ نەدرکاندنی نهێنی ئاینەکەیان بۆ خەڵکی دیکە کە لەناو خۆیاندا دەڵێن (سڕ نەکەری فاش)، ئەم چیرۆکە کاریگەری و پاشماوەی لەناو ئەدەبی هەورامیدا ماوەتەوە.**

**ئەر بولبولٚ نەبۆش داخیٚ نەدڵدا**
**مەوانۆ سەحەر نەباخی گوڵدا**

[٥٤]– **من ئەم چیرۆکەم لە دەمی رهحمەتی (عەباس چەمچەماڵی) بیست ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری سنە لە کۆنگرەی هەورامان ناسیدا، ناوبراو تەمورە ژەنێکی لێهاتووی ناوچەی کرماشان بوو، ساڵی ٢٠٠٣ لە بەناوی (ئەفسانەی گوڵو بولبول) لە گۆڤاری رامان بڵاوم کردەوە و لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی بەڕێز بۆرەکەیدا لە بەرگی یەکەمدا هەیە بەراوردم کردووە.**



## ٣- رێحان خانمی لوڕستانی

**ئەم خانمە تەنیا ئەوەندە لەسەر ژیانی هەیە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە لوڕستان لە دایك بووە و لە تەمەنی لاویدا چووەتە لای (شاخۆشێن) بۆ فێربوون و هەرزوو بووەتە یەکێك لە لایەنگرانی (شاخۆشێن-٤٠٦ تا ٤٦٧ ی کۆچی) و پاشماوەی ژیانی وەك زاهیدێك بەرێنوێنی خەڵك و خواپەرستی بەسەر بردووە.**

**رێحان خانم ئەستێرەیەکی دیاری سەردەمی فەرمانڕەوایی (عەییاری)یەکان بووە کە ئەم بنەماڵەیە لە ساڵی ٣٨٠ تا ٥١٠ی کۆچی حوکمڕانی ناوچەکانی شارەزوور و دینەوەر و کرمانشان و لوڕستانیان کردووە و لە قۆناغی فەرمانڕەوایەتی ئەواندا گەلێك بایەخ بە هونەر و وێژە و فەرهەنگی کوردی دراوە. لە رێحان خانمەوە چەندین دێڕە شیعری بەرز و پاراو ماونەتەوە ئەمەش نیشانەی شارەزایی ئەو خانمەیە لە ئەدەب و زوان و هونەرەکانی شیعردا، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم خانمە تەمورە ژەنێکی لێهاتوو بووە و بەدەم نەوای تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی لە بۆنە ئاینییەکاندا خوێندووەتەوە.**

**ئەمەش نموونەی هەندێك لە شیعرەکانییەتی.**

**ئەو ڕۆی ماتیان، ئەو ڕۆی ماتیان**
**بارگەی شام وستەن ئەو ڕۆی ماتیان**
**ئارۆ نیشتەبیٚم نە کۆشک کیان**
**دیم ئاوی ئەورۆ گەوارا وە گیان**

واتە/ بارگەی شاو سەروەرەکەم لە (مانیان) هەڵیداوە روباری (مانیان) یان (مادیان) لە نێوان (کۆدەشت، و مەولاوی خورەم ئاوا)دایە و لای پەیڕەوانی ئەهلی هەق ئەم رووبارە پیرۆزە، ئەو رۆژە لەسەر کۆشکی رەوان و گیاندا دانیشتبووم و رووبارەکە کەوتە تافە تاف و باوەڕهێنان بە شاخۆشێن.
یان دەڵێت:

**بینایی ردا، بینایی ردا**

**تۆف رووی ماتیان بینایی ردا**

**مورو نەخری خێز ئەسمانی ردا**

**ئاگادار نەراز نیانی ردا**

واتە: ئەی کاکەڕدا (مەبەستی کاکەڕدای لوڕستانیە، کە یەکەمین کەسە باوەڕی بە شاخۆشێن هێنا و بانگەشەی بۆ کرد تا خەڵکی لە دەروری کۆببنەوە) تۆ تافە تاف و هەڵچوونی رووباری مادیانیت ئەو رووبارەی لەگەڵ هەڵدانی بارگەی شاخۆشێندا تۆ خرۆشایت و گەواهی و بڕوات پێهێنا، تۆ باڵندەی بەیانی ئاسمانی شاخۆشێنی و ئاگات لە گشت راز و نیازێك هەیە.
لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێت:

**جە بالاَ تایی، جە بالاَ تایی**

**ئاما سواریٚ جەبالاَ تایی**



**خەتایی خۆشێن، خۆشێن خەتایی**

**تێغش مەورۆ نە گاو تا ماهی**

واتە/ لە بارەگای باڵاوە سوارێك هاتە سەر زەوی شمشێرێکی بەدەستەوەیە بۆ وەلانانی (گاوماسی) کە ئەویش شاخۆشێنە. شاعیر دەیەوێت مژدانەی ئەوە بدات کە شاخۆشێن هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بەرەو راستەڕێی هەقیقەت و عەقلانییەت ببات و لە چەواشەکاری و خورافە لایان بدات، وەك ئەوە دەڵێن جیهان لەسەر کلکی گایەك وەستاوە و گاکەش لەسەر ماسییەکە و تا دوایی...

**خۆشێن ئەلەست، خۆشێن ئەلەست**

**سەرم جە سەودای تۆ بیەن سەرمەست**

**گوڵو شەمامەم هەردوو هانەدەست**

**گەواهی مەدەن چ خاس و چ گەست**

لێرەدا رێحان خانم وەك بەندەیەکی سەوداسەری مەست، لەگەڵ شاخۆشێندا دەدوێت کە یەکێکە لە دەرکەوتەکانی خوداوەند لە زەویدا بەپێی بیروباوەڕی ئەهلی هەقەکان، من شەیدا و سەوداسەری ئەو پەیمانەم لە رۆژی ئەزەڵەوە داوتە بەوەی جیهان بخولقێنیت بۆ ئەوەی راستی و پاکی و هەقیقەتی تێدا بلاو بکەنەوە، ئەوەتا دوو شەمامەکەی دەسم کە ئاماژەیە بۆ جەلالە خانم و کاکەڕدا، ئەوانیش باوەڕدارن و گەواهیت بۆ دەدەن و سەرت پێدەسپێرن. دیسان

مەرەمۆ:

**چاگە حازر بی نەحزور یار**
**ئەو حازر مەرکۆ ئاما پەی شکار**
**یاران باوەرۆ پەریٚ خاوەندکار**



## ٤- فاتمە لوڕەی گۆران

یەکێك لە ئەویندارانی بابا تاهیری هەمەدانی و دەروێشێکی عاشق بووە، عەشقێك پڕاوپڕ لە مەجاز، تا دواتخووبەکانی عاشق بوون و سووتاوی ئەوینی دڵ.

فاتمە لوڕەی گۆران لە هەمەدان لەدایکبووە و هاوژیانی بابا تاهیرە لەسەردەی پێنجەمی کۆچیدا وەك لە کتێبی دەورەی شاخۆشێن ئاماژەی بۆ کراوە.

فاتمە لە سەرەتای لاوییەوە وەك دەروێشێکی خواناس دەچێتە لای بابا تاهیر بۆ فێربوونی زانست و گەیشتن بە هەقیقەت، بەڵام هەر زوو ئەوینی دڵ زاڵ دەبێت بەسەریدا و بڕیار دەدات بۆ تاوێك لای ئەو پیاوە چۆڵ نەکات، بەڵام ئەم رازە لای خودی بابا تاهیریش نادرکێنیٚ تا جارێکیان شاخۆشێن دێتە هەمەدان و دەچێتە جەمخانەکەی باباتاهیر و لەوێدا فاتمە دەبینێت و لە سوتانی ناخی دەگات، لەوێدا شاخۆشێن مژدەی دەداتیٚ تا رۆژی پەسلان پێکەوە دەبن.

لە فاتمە لوڕەوە کۆمەڵێك دێرە شیعری ناسك بەرچاو دەکەوێت کە زۆرتر هەوای عەشقیان تێدایە و کەمتر سۆفی گەرایی.

**گیان پەریٚ چێشەن، گیان پەریٚ چێشەن**
**هەرکەس تۆ دارۆ گیان پەریٚ چێشەن**

**وەنامت سەوگەند[55] دەروون پڕ ئێشەن**

**بیٚ تۆ گیان و زێڵٚ هەمیشه ڕێشەن**

واتە: سەروەرم گیانم بۆچییە، هەرکەس تۆی هەبێت گیانی ناوێت بە ناوی پیرۆزت سوێند دەخۆم کە دەروون پڕ لە ژانە بەبێ تۆ هەمیشە گیان و سۆزی دڵ پڕ لە ئازار و زامزەدەن.

ئەمە سۆزی عاشقێکە بە رابەرەکەی دەڵێت گیانم ناوێت، گیان بۆچی باشە، راستە من زیندووم، بەڵام سۆزی عەشق کوشتومی ئەگەر تۆ کارێکم بۆ بکەی بگەمە عاشقەکەم دووبارە گیانم وەبەر دێتەوە. لە جێگەیەکی دیکەدا دەڵێت: من (پەیڕەوی یاریم) واتە: پەیڕەو شوێنکەوتەی یارانم و شاخۆوەشین لە ئازاری دڵ رزگاری کردم.

**رازداری یاریم، رازداری یاریم**

**وەفەرمانی شا رازداری یاریم**

**شاهم بەزەیش ئاما وەزاریم**

**رازکەرد و دەرمان دەردەکەی کاریم**

[55]– لە سەرەنجامە کۆکراوەکەی تەیب تاهیریدا لە لاپەڕە (٥٠)دا (قەسەم) نووسراوە و لە سەرەنجامە کۆکراوەکەی سدیق بۆرەکەییدا نووسراوە (سەوگەند).



واتە: من رازدار و پەیڕەوی یاریم بە فەرمانی شاخۆشێن و ئەویش بەزەیی بە ناڵە و گریّماندا هات و دەردی کاریمی دەرمان کرد. دەکرێ بەمانایەکی گشتگیر بگووترێت کە شاعیر لەم شیعرەی دووەمیدا پاش حاسڵبوونی مرازەکانی سوپاسگوزاری شاکەی (مەبەست شاخۆشێنە) دەکات کە هێندە راستگۆ و بەندەیەکی راست بووە بەکوڵ لە بارەی عەشق و ئێشی دڵ پاڕاوەتەوە و ئەویش بەزەیی بەو گریان و زاری ئەو شەیدا دوو جار دڵ سووتاوەدا هاتەوە و ئەوەی لە ناخیدا بوو بۆی جێبەجێ کردووە، چونکە رازداریش بووە نەیتوانیوە ئەوەی لە ناخ و دڵیدا هەس بیدرکێنێت، چونکە رازدار لەناو ئەهلی هەقدا بەکەسێك دەگوترێت هیچ راز و نهێنییەکی ئاینەکەی نەدرکێنێت، هەر بۆیە شەیدابوونی خۆی بۆ باباتاهیر دەرنابڕێت و شای زانا لەرازەکەی دەگات و ئاواتەکەی دێنێتە دی.

ئەگەر بەوردی لەم دوو نموونە شیعرە بڕوانین دەگەینە ئەو راستییە ئەم خانمە شەیدایەکی کەمەندکێش کراوی عەشقی رێبازەکەی و باباتاهیر بووە و لە نێوان دوو عەشقی بەرامبەردا لەگەڵ سووتان و ئازار و گریاندا رووبەڕوو بووەتەوە.

**زێڵٚ کەران رۆشن، زێڵٚ کەران رۆشن**

**یاران وە خوەیشین زێڵٚ کەران رۆشن**

یان ماچۆنە:

**یارم ماهمانە، یارم ماهمانە**

**ئانە دوو رۆژەن یارم ماهمانەن**

**ماهمانم پادشای هەردوو جهانە**

**سینەم تەختگای شاهی زەمانەن**

لێرەشدا وەسفی شاخۆشێن وەك شای هەردوو جیهان دەکات، وشەکانی (پادشا و شا) ئاماژەن بۆ مەقامی شاخۆشێن.

جگە لە زمانی کوردی، نموونەی شیعری ئەم خانمە بە فارسی لەبەردەستایە:

**یا شاه هرکس ترا جوید جان را چە کند**

**فرزند عزیز و خانمان را چە کند**

**دیوانەاش سازی هردو جهانش بخشی**

**یا شاه دیوانەی تو هر دو جهان را چە کند**



## ٥- لزا خانمی جاف

لزا خانم یان نسا خانمی جافیشی پێدەگوترێت لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە شارەزوور لەدایکبووە و پاشان روویکردووەتە لوڕستان و ژیانی لەوێ بەسەربردووە و هەر لەوێش بوەتە یەکێك لە پەیڕەوکارانی شاخۆشێن و تا دوا ساتی تەمەنی لەسەر ئەو ئایینە ماوەتەوە، جیاوازی لزا یان نسا خانم لەگەڵ ژنانی شاعیری نێو سەرەنجامدا لەوەدایە ئەم خاتوونە یەکەمین کەسێکە جگە لە هۆنراوە ئایینییەکانی، پەلی کوتاوە بۆ ناو سروشت و شیعری ناسکی نووسیوە لەو بارەیەوە.

**وەفران بی وەئاو، وەفران بی وەئاو**

**وەهار چون ئاما، وەفران بی وەئاو**

**گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جەخاو**

**پەریٚ ئارایش دەشت و کۆف و کاو**

هەستی دەرککردنی سروشت و هەستی مرۆڤایەتی دووچەمکی تەواوکەری یەکترن کاتێك مرۆڤ لە ئاست دەرککردنی شتە سروشتییەکان و وێناکردندا دەستەو وەستان ببێت ئەوکات چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت هەستە مرۆڤانەکانیشی لاواز بن و لەدەستیان بدات.

خەسڵەتی شیعری هەورامی بەجۆرێکە ناتوانرێت لەگەڵ سروشتدا

دایبڕێت، ئەم نـەریتی ئاوێتەبوونـە لـە زانـستی ئەدەبـدا نـاوی ڕۆمـانتیکی لێنراوە، لێ بەر لەم ناونانە هەورامییەکان خۆیان ڕۆمانتیکی ئـەزەلی بـوون، چونکە هەمیشە پێچراون بە سرووشتەوە و ئاوێتەی بوون، کاتێـك لـەزەت لـە سروشت دەبرێت هەر وەرزێك وەك کەڤاڵێك تەماشا کریۆنە، ڕەنگی گەڵای نیوە سەوز و نیوە زەرد، چـیای خاڵخـاڵ بـە بـەفر، ڕەنگرێـژی سروشـت لـە وەرزی بەهاردا، ئەمانە ئەو هێڵ و فیگەر و هارمۆنیایانەن لە تابلۆکـانی سروشـتدا دەبینرێت و ئەمـەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەروونی لەسەر نەسـتی مرۆڤـەکان هەیە، ئەگەر لە شاردا دوو خێزانی هاوسێ هەبن یەکێکیان هەورامی و ئەوی دیکە گەرمیانی، دیدگای جیاوازیـان دەبێـت بـۆ پـاییز لـە حەوشـەکەیاندا، یەکەمیان لەزەت دەبات لـە مـاڵینی گـەڵاکان و دووەم بێـزار دەبێـت، ئەمـە ڕەنگدانەوەی دوو سروشتی جودایە لەسەریان.

خۆ ئەگەر شاعیریش بێت ئەوا بینینەکەی قووڵتر دەبێتەوە بەتایبـەت شـتە سروشتییەکان، وەك ئەوەی (ورد زورس) لای وایە "شتەکان دەبنە خالقی وشـە و زمانیش گلێرەی ئەو وشانەیە کە مرۆڤ لە شـتەکانی دەوروبـەر دەیانگرێـت، بەجەختیـشەوە ئەڕوانێتـە شـتە سروشـتییەکان، کـە دەبنـە هـۆی ڕسـکان و تەشکبەستی زمانێکی پەرداخ"[56]

هەروەسا (ئەلیزابت درو) پێی وایە "شیعرێك لەسەر سروشـت بێـت، لـە هەموو سەردەمەکاندا جێگەی سەرنجە، ئەگەرچـی جـۆری سـەرنجەکە بـەهۆی

---

٥٦- مەحموود پوور، ڕەووف: خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب، نشر احسان، تاران، ٢٠٠٨ م، لا٦٥.



بەهرەی کەسەکە و تایبەتمەندی سەردەمەوە جیاواز بێت"[57]

لە ڕووی بەهای شیعرییەوە ئەم شیعرە لە ئاستکی باڵادایە و بـێ دوودڵـی دەتوانرێت لە ریز و هاوتای شیعری گەورە شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی گۆراندا لێی بڕوانین.

چون بەهار هاتووە بەفرەکان تواونەتەوە، ئەمە کردنەوەیـەکی زمانەوانییـە بەرووی هەندێك واتـەی دیکـەدا کـە دەیـەوێت بیانڵێـت، کتومـت وەك ئـەو شێوەکارە وایە نەخشەی کەڤاڵەکەی دەکێشێت بۆ ئـەوەی شـوێنی فیگـەرەکان دیاری بکات، کە بەفر توایەوە کەڤاڵەکە نەخشێونە، گوڵو وەنەوشە لە خـەوی متبوونی بن بـەفردا بێـدار دەبنـەوە، چـونکە دەلالـەتی زمـان یەکـسانە بـە بەرهەمی زمان و هەستی زمان و جەستەی دەق.[58]

ئەگەر ئەم وێنەیە لەگـەڵ دوو وێنـەی هاوشـێوەی خـۆی لای مەولـەوی و بێسارانی بکەین، ڕەنگە بتوانرێت قسەی دیکەی لەبارەوە بکرێت.

سەیدی لە شیعری (نەورۆز گوڵ خیزان)دا مەرەمۆ:[59]

**مزانی مدۆ زمستان ویەرد**

**تەختی یەخ بەندش هەوا دابەگەرد**

---

٥٧- هەمان سەرچاوە، لا ٦٦.

٥٨- هەورامی، نامق: زمان سیۆلۆژیا لە (زەڕنەو ئاسۆی)دا، گۆڤاری هەورامان، ژ ٢٠، پاییزی ٢٠١٠ ، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان دەری دەکات، لا ١٠١.

٥٩- مەحموود پوور، ڕەووف: خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب، نشر احسان، تاران، ٢٠٠٨ م ، لا١٢٤.

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

**وەختەن شای وەهار بکیانۆ خەڵات**
**سەوزی ئەتڵەس رەنگ پەی روی سەربیسات**

مەولەوی تاوەگۆزیچ مەرەمۆ:[60]

**وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران**
**نم کەوت نەدیدەش چەن شەو بێداران**
**پەی دڵەی مانیای دەروون مەلاڵان**
**سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان**

سەرباری ئەم شیعرە ناسکانە ئەم خاتوونە لــە شــیعری ئاییینیــدا نموونــەی بەرچاوی هەن و هەموویان لەشێوەی دیالۆگدان لەنێوان چەند کەسێکدا بۆیە لەگەڵ شیعری ئەم خانمەدا نموونەی دیالۆگەکان دەنووسینەوە وەك نیــشاندانێك و دواتر تێکستەکانی خۆی دەنووسینەوە.

[60]– مەولەوی، عبدالرحیم بن سعید معدوم کورد: دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مەلاعبدالکریم مدرس، چاپی پێنجەم ١٣٨٦، انتشارات کوردستان ، سنە، لا ٤٦٧.



- نسا:

**حەیدەر نازدار،حەیدەر نازدار**
**ئەز چەنی تۆمەن حەیدەر نازدار**
**پەرێ قەباڵە مەکەرە ئینکار**
**نسا ماوەرۆش بگیرە قەرار**

- حەیدەر:

**نسای مەست حەق، نسای مەست حەق**
**پەرێ قەواڵە تووەنی مەست حەق**
**وەنازێ خۆشێن شیم ئەو هەفت تەبەق**
**پەرێ قەباڵە ماری ئەو مولەق**

-نسا:

**خۆشێنم وە تاز،خۆشێنم وەتاز**
**خۆشێنم خۆشێن خۆشێنم وەناز**
**حەیدەری نازار مەکەری بەیاز**
**پەرێ قەباڵە مەکەری پەرواز**

- حەیدەر:

نسای مەست دین، نسای مەست دین
وەناز خۆشێن بگێرە یەقین
سەد کە عەورەتی[61] شەمامەت مزوین[62]
پەریٚ قەباڵە ماری ئەو زەمین

---

[61]– عورتا شارێکی نزیکی شاری نابلسە لە فەلەستین و لەوێدا گۆڕی عوزەیری پێغەمبەری لێیە لە شوێنێکی ئەوێدا و گوایە گۆڕی یوشعی کوڕی نون و موفەزەڵی ئامۆزای هارون لەوێدان و دەڵێن گۆڕی هەفتا پێغەمبەر لەوێدا هەن – بڕوانە سەرەنجامەکەی تەیب تاهیری لاپەڕە ٤١.

[62]– جوان و خۆ ئارایش کردوو.



- نسا:

نسا ئیم نەسەن، نسا ئیم نەسەن[63]
خواجام خۆشێنا نسائیم نەسەن
حەیدەر شەمامە وەتۆ پەیوەستەن
سەقام موستەفا دودەرش کەسەن

خوەیشینیٚ بیدار، خوەیشینیٚ بیدار
یا شای بەڕو بار خوەیشینیٚ بیدار

---

[63]– بە روت لێکدراوەتەوە لە سەرەنجامدا، بڕوانە: طاهري، طیب گرداوری، تحقیق و ویراستە: سرانجام (دفتر اول) مجموعە کلامهای یارسان، کاکەیی، اهل حق ، اربیل، انتشارات اراس، صفحە ٤١.
بەڵام رەنگە مەبەستی (ناسوت) بێت کە بەواتەی شوێنی خوداوەن بێت لە دنیای باوەڕهێناندا یان وەك ئەوەی لە لای محی الدین ابن عربی هاتوە (ناسوت) واتە: جیهانی سروشت و جەستە، جیهانی ماددی، جیهانی نیشتنەوە، بەرامبەر بوون بە فریشتە، جیهانی هەست و بینین، چونکە لە بەرامبەر لاهوت ناسوت هەیە، بڕوانە:
– سعیدی، گل بابا: فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، تهران، چاپ سوم ١٣٨٧ ، انتشارات شفیعی، ص ٨٤٧–٨٤٨.

**ئەگەر بفەرمای قەباڵە بیار**
**مەلۆ ماوەرۆش نسای رەمزبار**

- حەیدەر:

**نسای مەست هوو،نسای مەست هوو**
**گولْ و شەمامەم بیەن تانو پوو**
**قەباڵە ماری نەئی تاشیْ کوو**
**پەریْ غولاٚمان یاران وەش بۆ**

- نسا:

**حەیدەر سەراف، حەیدەر سەراف**
**چەندی نە عینە[٦٤] بیم نە گیج تاف**
**ئیسا مەواچان پەنەم کچەی جاف**
**قەباڵە ماری نەتاش و مەساف[٦٥]**

---

[٦٤]– عەینە گوندێکە نزیك لە خوڕەم ئاوای لوڕستان.
[٦٥]– چیایەکی نزیکی لوڕستانە، بە مانای رێگەی دووریش دێت.



-حەیدەر:

**نسای مەست زات، نسای مەست زات**
**گولْ و شەمامە بییەن وە نەجات**
**بەرە مەوانان نەدەرگای وەنات**
**پەریْ قەباڵە ماری ئەو سەمات**

- نسا:

**حەیدەر ناز کێش، حەیدەر نازکێش**
**نەهوزوور شا، پا مەنیەر وەپێش**
**قەباڵەی سرڕەن بکەرە ئەندێش**
**بانەزانۆ پێش جە بێگانەو خێش**

ماوەی گفتوگۆی نێوانیان زۆر زیاترە و ئەوەی مەبەستمانە بەرهەمی خودی لزا یان نسا خانمە.

لەم بابەتەدا چیرۆکی گەیشتن بە هەقیقەت و دەسکەوتنی ئەو سەنەد و قەواڵەیەی کە یاران پێوەی پابەند و رازدار بن و نهێنی ئایینەکەیان نەدرکێنن و ئەم خانمە لە دێڕێکدا خۆی بە رەمزبار دەزانێت، ئەم نازناوە لەبەر گرنگی تەنیا لە دایراکی دایکی سولْتان نراوە کە پێی دەگوترێت خاتوو رەمزبار و ئەویش یەکێك لە دۆنەکانی خاتوو رەمزبار بووە.

## ٦- مەی زەرد:

ئەوەی لەبارەی ژیانی ئەم خاتوونەوە هەبێت ئەوەیە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە لوڕستان ژیاوە و یەکێك لە شوێنکەوتوانی شاخۆشین بووە، لە مێژووی وێژەی کوردیدا بە (مەی زەرد) و لە سەرەنجامەکەی لای تەیب تاهیریدا بە (میە زەرد) ناوی هاتووە و لەوە سەرەنجامێکی دەتنووسیشدا کە لەدالاهۆ نووسراوەتەوە بە (مـی زرد) نوسراوە، بەبڕوای توێژەر ئەم ناوانە خوازراون و سەرەنجام پڕە لەو جۆرە ناوە خوازراوانە و ئەمەش کلتورێکی دێرینی ئایینەکانی رۆژهەلاتە، وەك ئەوەی بە زەردەشت دەگوترا (زەردە ئوشترا) یانی خاوەنی وشتری زەرد، رەنگە ئەم ناوەش لەوێوە هاتبێت و بە خاوەنی (مەڕی زەرد) ناسرابێت، چونکە لە هەورامیدا بە (مەڕ) دەگوترێت (مەی یان مەیە).

یان دەکرێت پەیوەندی بە( زەردە گڵ)ەوە هەبێت، چونکە لەبەرامبەردا بۆ خراپەکاران ( رەشە خاك) هەیە و جگە لەوەش کەسێکی دیکە لە دەفتەرەکانی یارساندا بەناوی (زەردە بام) هەیە.

شیعری ئەم شاعیرەش وەك ئەوانەی پێش خۆی هەمان ریتم و ئاواز و کێشی تێدایە و لەهەمان بازنەدا دەسوڕێنەوە.

**یۆشان هەن نیشان، یۆشان هەن نیشان**
**هەزار سوار ئاما یۆشا هەن نیشان**



**پلیوەش راما جە مانگ و سەیوان**
**سوار شاخۆشێن، گۆش بەرد نەمیان**

**خوەیشین جەبار، خوەیشین جەبار**
**هەزار سوار ئاما یوێشا جەبار[٦٦]**
**جەبار خوەیشینا ئێمەشا شکار**
**وەرەحمەتەوە بژەندیٚ دەیار**

**شەهریار سەرمەس، شەهریار سەرمەس**
**وەرەحمەتەوە بژەندی سەرمەس**
**دیارە بژەندی وەهەی دەس هەی دەس**
**خواجام نەی هوژمت[٦٧] وەنەش نەیۆ گەس**

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو قسەیەی لەناو ئەهلی هەقدا هەیە، گوایە کاتێك شاخۆشێن منداڵ بووە رۆمەکان هێرشیان کردووەتە سەر لوڕستان، ماما

[٦٦]- لە هەندێ نوسخەدا نووسراوە (یۆشانە جەبار) لە رووی هاوسەنگی شیعرەکەوە ئەمەیان درووستترە.

[٦٧]- لای بەڕێز تەیب تاهیری ئەم وشەیە بە ( گەورە) لێکدراوەتەوە، بەڵام زیاتر مانای ( هەڵمەت) دەدات.

جەلالـە شاخۆشـێنی کـوڕی دەربـاز دەکـات بـۆ جێگایـەکی دوور و لـەوێش ڕۆمەکان دوایان دەکەون و لـەپڕ لـە ئاسمانـەوە سوارچـاکێك پەیـدا دەبێـت و هەڵمەت دەبـات بۆسـەر ڕۆمـەکان و لـەناویان دەبـات، دواتـر دەبیـنن ئـەوە شاخۆشێنە.

دیارە نیوەدێڕی دووەم مەبەست لە هوژم ئەو هەڵمەتـە بێـت، چـونکە لـە ڕووی زوانییەوە هوژم بەمانای هەڵمەت دێت نەك گەورە.

خۆشێن یا حەی، خۆشێن یا حەی
ئامانەن ئامان خۆشێن یا حەی
نەسەر تا وەپا دونیات کەردەن تەی
خەشمت کافیا هەژمەتت تاکەی
یاران گردیمان، یاران گردیمان
سەرمان بسپارین وەیار گردیمان
پیرو جوان و گەورەو وردیمان
بکۆشین پەریٚ ڕاگەی پردیمان

خۆشێن یەک قەوڵ، خۆشێن یەک قەوڵ
ئامانەن ئامان خۆشێن یەک قەوڵ



خەشمت کافییەن تاکەی مەدەی هەوڵ
چەلەبی شەماڵ دنیاش دان جەوەڵ

دوو دێڕی یەکەمی ئەم شیعرەش باس لەهەمان بابەت دەکات و دەڵێت تـۆ لە زەویدا بویت و چویتە ئاسمـان و هاتیتـەوە سـەر زەوی و توڕەبـوونی خۆتـت دەرخـست و هەڵمـەتت بـدە سـەریان، دیـسان (هوژمـەت)ی بـەکارهێناوە و هەمیشە لە سیاقی ڕستەی شەڕدا توڕە بوون و هەڵمەتبردن پێکەوە دێن.

سەرباری زوانی شیرینی هەورامی، بـە زوانـی فارسـیش نموونـەی شـیعری لەبەردەستا هەیە:

یا شاه ان گوی تو چوگانش نداند
گر کچ شد از این میدان بی پایان
در حقیقت مزەی گوبا نداند[٦٨]

[٦٨]– دفتری پردیوری، بخط خاص علی نوروزی–لا١٨– دەستنووس، بەڕێز بهمن بهرامی لە کتێبخانەیەکی ئەڵمانیا پەیدای کردووە و کۆپییەکی لێگرتوەتەوە لای منە.

## ٧- دایە خەزانی سەرگەتی:

خەزان کچی ئەحمەد سەرگەتییە، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی لە گوندی سەرگەتی هەورامانی باشوور لە نزیك شاری هەڵەبجە لەدایك بووە، لە سەرەتای تەمەنیدا دەبێت ئەحمەدی باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەتەنیا دایکی خەریکی پەروەردەکردنی دەبێت. بەڵام هەژاری نایەڵێت ئەو پرۆسەی پەروەردەکردنە درێژە بکێشێت. دایکیشی بڕیار دەدات مێرد بە پیاوێکی دیکە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کچەکەی بە باشترین شێوە بژیەنێت.

خەزان لەسەر دەستی دایکی فێری خوێندن و نووسین بووە و دواتر لەلایەن زۆرێك لە زاناکانی ئەو سەردەمەدا خوێندوویەتی و پاشان بووەتە ژنێکی پارێزگار لەسەر ئایینی یاری.

لە سەرەتای ژیانیدا لەگەڵ (بابا ناوسی سەرگەتی[٦٩])دا لە رکەبەرایەتیدا بووە و لە هەندێك لە شیعرەکانیدا بانگەشەی کوشتنی بابا ناوسی کردووە و وەك ئەوە لەم شیعرەدا دەڵێت:

---

٦٩ – ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد نازناوی (بابا ناوس) یا ( ناعوس) و بە (بلە)ش ناسراوە و لەسەرگەت ساڵی ٤٧٧ کۆچی لەدایك بووە و خۆی بە نوێنگەی تیشکی خوا زانیوە و گەلێك شوێنکەوتووی هەبوون لەسەر ئایینی یاری بووە و یەکێك لە کتێبە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق کتێبی دەورانێکە بەناوی (دەورەی باباناوس) و گەلێك شیعری خۆی و شوێنکەوتوانی تێدایە.



**شێرە کریا جەور، شێرە کریا جەور**
**نەدەست بلە، مەردەم کریا جەور**
**دادمان رەسان نەدەست ئی گەور**
**دەستی وەش ئافات دندانش هزەور**

لێرەدا خەزان کە هێشتا سەری بە ئایینی یاری نەسپاردووە لەگەڵ بابا ناوسدا بەربەرەکانی دەکات و کارەکانی بلە بە جەور دەزانێت، (بلە- مەبەستی بابا ناوسی سەرگەتیە کە ناوی ئیبراهیمە) وەك ناوس خۆی دەڵێت:

**نامەن بلە و شۆرەتم ناوس**
**بابۆم ئەحمەدەن صاحێب جا و کووس**
**پێکانم وەسەر جوقەی پەڕ تاوس**
**ژات ئاسوارەنان چەنی کەیکاوس**

خەزان بانگی کوڕانی دەکات تا دژی ئەم کەسە راپەڕن و دەڵێت "شێرە کوڕان، زوڵم و زۆرمان لێدەکرێت لەلایەن (بلە)وە وەرن بگەنە هانامان وەك شێر هەڵمەت ببەن و لەدەست ئەو گاورە رزگارمان بکەن و لەناوی ببەن.

ئەم هۆنراوەیە کاتێك لەلایەن خەزانی شاعیرەوە نووسراوە کە دایە خەزان لەبەرەی بیری عەرەبی تازە گەیشتووە بە ناوچەکەدابووە و بابا ناوسی

سەرگەتیش یەکێك بووە لە رابەرانی ئایینی یاری.

کاتێك خەزان تێدەگات لە درووستی پەیامەکەی بابا ناوس و پەیامەکەی و بنەماکانی و گونجانی زیاتری لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا بڕیار دەدات سەر بسپێرێتە ناوس و ببێتە یەکێك لە یار و شوێن کەوتوانی و وەك یەکێك لە دۆنەکانی خاتو رەمزبار دەرکەوتووە، بەهۆی قاڵبوونەوەی لە زانستەکانی ئەو ڕێبازە دەگاتە پلەی (دایە) کە یەکێکە لە پایەکانی ئایینی یارسان.

لە پاش سەرسپاردنەکەی دایە خەزان لەم شیعرەدا دەڵێت:

**تیری وەت کەفۆ دەم و دگانا**
**مەردەت زیندەکەرد جە گۆڕستانا**
**یارت گلەودان جە وەر ئاوانا**
**چای خودایوەن هەنش نیشانا**

واتە/ تۆ نزیکیت هەبووە کە تیری باوەڕی... ئەو تیرە چەقیە دڵمەوە من مردبووم تۆ لە گۆڕستانا زیندووت کردمەوە منت لە لافاوی رووباراندا گڵ دایەوە تۆ نوێنگەی خوایت و منت ئازاد کرد.

دایە خەزان تا دواساتەکانی تەمەنی لە برەوپێدانی ئەم ئاینەدا بەسەر بردووە و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت بابا ناوسی سەرگەتیەوە نێژراوە.

لە دەورەی بابا ناوسدا دیالۆگێکی کراوە هەیە بەشێوەی شیعر لەنێوان



یاراندا و لەنێوان ئەوانەشدا کە بابا ناوس کردوونیەتە ئامانج بۆ ئەوەی بە رۆشنایی باوەڕی یاری دڵیان رۆشن بێتەوە، کە دایە خەزان یەکێکە لەوانە.

لەنێوان دەورەی بابا ناوس و دەورەی عابدینی جافدا، لە رووی بەسەرهات و ستایلی کارکردندا هاوشێوەیی هەیە، وەك چۆن عابدین بە رۆشنایی سوڵتان دڵی دەگۆڕدرێت و دەسبەرداری رابردووی خۆی دەبێت، خەزانیش هەر بەو جۆرەیە و هەردووکیان سەرسەختی دەکەن تا ئاکام رۆشنایی لە دڵیاندا دەچەسپێت.

چەندین شیعر لە نێوان خەزان و ناوس دا ئاڵوگۆڕ کراون ئەوەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە شیعرەکانی خەزانە و ئەستەمە بەبێ شیعری ناوس و هاوڵاتی بتوانی لە بەسەرهاتەکان تێبگەیت، بۆیە لێرەدا وەك خۆی دەیاننوسینەوە بەبێ شرۆڤە.

دەقی یەکەم:

ناوس نزاوە، ناوس نزاوە
ناوس مەکەرە بیٚ حەد نزاوە
ئەر سەد کە زاتوو خواجات وەبارە
مەکەرە ئی رەنگ،غەزەو مەشمارە
نەی ئەجرو گونای یاران بوویارە
ئارۆ دۆستانت نگاە بدارە
پەریٚ میٚهمانات نیات ئتوارە
زمستانت کەرد تۆ وە بەهارە
دامانت خیٚزناش پرشنگەو
چەنۆ ئاخیٚزنای گرٍەی شەرارە
خاتر وە مهمان مەشکن چەی دیارە
سالٚح[٧٠] و حەمزە[٧١]ت ئامان پەی دیارە

[٧٠]– سالٚح عەربەتی دۆنی پیر موسی یە.
[٧١]– حەمزە خورمالٚی دۆنی داودە، لە هەندیٚك شویٚندا بەناوی غولاٚمی پاك وەتەن خۆی دەناسیٚنیٚت.



مهمانت دۆستەن فەرمان وەردارە
سالٚح نەباتەن ساحب تەلارە
پەریٚ خاترشان مەکەر قەهارە
جاریٚ ئەوشان وەرٍا بسپارە
ئیمجار هوژمەتت بکەر ئیزهارە
کەمان و قەهری تیرت بۆشارە
جگەر شەکاکان بکەر دوو پارە
شیٚرۆ کەر وەپەن و رازو هارە
برەژ گەند و فریز پا قەترەی ژارە
سەرگەت و گولٚپت نەوینان چارە[٧٢]
وەتۆشان نەکەرد رای ئیعتیبارە
خجالٚەت مانان فەردا چە سارە
دیدەم وە دیدەت وەشیانی شارە
رمووزم رەمزم رەوز رەزبارە
چا سەنگو حەجەر،بیم چا قەتارە
ناجەمو ئەلەست بیمان ئیشارە

[٧٢]– لە لاپەرٍە ٧٧ی سەرەنجام کە کۆکراوەی تەیب تاهیرییە لەجیاتی سەرگەت و گولٚپ نووسراوە سەرکەت و گۆل پەت.

**یورتم جەلالەن چاوەرگو دارە**

**ناچشمە نۆشام جام سەلارە**

**نەهەرجا زیایت زۆڵیت وەبارە**

**تانەت مەدەران ئەهل بەد چارە**

ئەمەو دوو دەقی دیکەی درێژ کە لـە داهـاتوودا لـە پـرۆژەی کتێبێکـدا بەرهەمی دایە خەزان و بابا ناوس بڵاو دەکەینەوە کە ئامادەی چاپە.



## ٨- دایراکی ڕەزبار:

دایراك کچی حەسەن بەگە، ڕەزبـار و ڕەمزباریـشی پێدەگوترێت،لـە هەنـدێك شوێنی سەرەنجامدا بە (عاستا) و (ئاتوسا)ش نـاوی هـاتووە، لـە ناوەڕاسـتی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە شاری حەلوان لە دایك بووە، هەر لە منداڵییـەوە باوکی مامۆستای تایبەتی بـۆ گرتـووە و پاشـا لای مـەلایان خوێندوویـەتی. دایراك یەکێکـە لـە ئافرەتـە هونەرمەنـدە خەتخۆشـەکان و زیـاتر خـەریکی خوێندنەوەی کتێبە کوردییەکان بووە وەك دیوانی شاعیران و کەشکۆڵەکان.

ئەم ئافرەتە کەسێکی پارێزگار و خواناس بووە، لە تەمەنی ١٩ساڵیدا شـووی کردووە بە شێخ عیسای بەرزنجەیی و دایکـی سـان سـەهاکی بەرزنجەییـە کـە نوێکەرەوەی ئاینی ئـەهلی هەقـە، ڕەزبـار جگـە لـە هونـەری خۆشنووسـی و شیعردا جێ پەنجەی دیار بووە لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایەکی دڵسۆز بـووە لـە وانەگوتنەوە و چەندین کچی فێـری تـەموورە لێـدان کـردووە، دواجـار سـاڵی ٧٤٥ی کۆچی لە دێی شێخان کۆچی دوایـی کـردووە و هـەر لـەوێش بـەخاك سپێردراوە.

ڕەمزبار یەکێکە لە ئەڵقەی (هەفت تەن)[٧٣] و یەکەمین ژنە کـە بەشـداری

[٧٣]– ئەو ناوە بۆ ئەو بازنەیە لەلایەن سان سەهاکەوە هەڵبژێردراوە، هەفتەن هەتا ڕۆژی پەسڵان بەنەمری دەمێننەوە و دەتوانن لە تەنی دیکەدا دەربکەون، ئەوانیش بریتین لە:

(بنیامین، داودی کەوسوار، پیر موسی، دایراك =ڕەمزبار، مستەفا دەودانی، شا ئیبرایم، بابا یادگار).

جەمی کردووە .

رەمزبار لە دەورەکانی پێش خۆیدا چەندین دۆنی گۆڕیوە و هەر جارە و لە تەنێکدا دەرکەوتووە لەوانەش:

(حورلعەین، فرنگیسی دایکی سیاوەش، کچی نەمرود، زلێخای ژنی بۆتیڤاری عەزیزی میسر، لەسەردەمی فیرعەونەکاندا ئاسیە بووە، لەسەردەمی سلێمان پێغەمبەردا بەلقیس بووە، کیسیازانی دەورەی ئەسکەندەر، مریەمی دایکی عیسا بووە، لەدەورەی پێغەمبەردا (فاتیمەی کچی ئەسەد) بووە، لەسەردەمی حسەیندا زەینەب بووە، مەعصومە بووە لە سەردەمی ئیمام موسای کازمدا، لەعیرفانی شا فەزلدا (دادا ساری) دایکی باوەیادگار بووە، لە دەورەی بابا ناوسی سەرگەتیدا، لەدۆنی دایەخەزانی سەرگەتیدا بووە، لە دەورەی حاجی بەکتاشدا (خاتو ویران) بووە، لە دەورەیەکدا نەرگسە بووە، لە بەرزنجە ئاتووسا و هاتف بووە، لە دۆنێکدا کچی شێخ ئەحمەدی دەگاشێخان بووە، لە دەورەی دووەمی پەردیوەردا رەزبانوو بووە، لە رەنگەکاندا رەنگی سەوز هی ئەوە، لە بەردەکانیشدا گەوهەر بەو بڕاوە) ئەمانە هەندێك لە دۆنەکانی ئەو خاتوونەن کە هەزار و یەك دۆنی خۆی تەی کردووە.

لەدایراکی رەزبارەوە کۆمەڵێك شیعر بە جێماوە لێرەدا هەندێکیان بڵاودەکەینەوە.

**ئەو شۆن ویەردە، ئەو شۆن ویەردە**

**یاران مەگندیٚ ئەو شۆن ویەردە**



**منەت مەکەردی ئەو کردار کەردە**

**هاوەدەس بنیام کلیل پشت پەردە**

**ها پیرالیەن شەرتش ویەردە**

**نەوقو هەفتەوان نوورش بێگەردە**

**جە ئەزەڵ مێردان سەر پێش سپەردە**

**بنیامین جڵەو شاش جەدەس گرتە**

بەو پێیەی رەمزبار یەکێکە لە هەفت تەن و یەکەمین ژنێکە لە کانی گوێزەڵەی بناری شاهۆ جەمی بەستبێت و بەشداربوربێت تێیدا، بۆیە بەشێك لە پایەو مەرجەکانی ئایینی یاری ئەم خانمە نووسیونی.

لەم شیعرەدا رەمزبار مۆچیاری ئەوانە دەکات هاتوونەتە نێو ئایینەکەوە و پێیان دەڵێت: ئایینی کۆنتان لەبیر بکەن و ئەوەی کردوتانە (مەبەستی لەوەیە ئەوەی کە ئایینی خۆتان جێ هێشتووە و هاتوونەتە ناو ئایینی ئێمەوە، منەتمان بەسەردا مەکەن و پیر بنیامین کلیلی خۆشبەختی لەلایە و ئەوە پیر ئالییە لەنێوانماندا دەدرەوشێتەوە و هەموان سەریان پێ سپاردووە و پیر بنیامینیش جڵەوی کاروباری لەدەستدایە.

سەردەمی نووسینی ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی روتێکردنی بێشوماری پەیڕەوکارانی ئایینی ئیسلام بۆ نێو ئەو ئایینە نوێیە و رەمزباریش ئامۆژگارییان دەکات بەوەی ئەم ئایینە بێ جیاوازی هی هەموانە و ئەوانەی پێش ئێوە هاتن ئەوەتا لەناو هەفتەوانەدا دەدرەوشێنەوە، مەبەستی لەوەیە

ئێوەش بە کرداری خۆتان دەتوانن بگەن بە پایە و پێگەی پیاوچاکان.

**قیلەگام جەما، قیبلەگام جەما**
**قیبلەی یارانم پردیوەر جەما**
**کاوەم(کەعبە) سوڵتانا یار ئەعزەما**
**ئەزیٚ پەروانە سوڵتانم شەما**
**بنیامین پیرەن ئەز پیٚش سوجدەما**
**پیر موسی وەزیر دەس وە قەڵەما**
**موستەفا مەئموور پەی خارو خەما**
**ئەیوەت چون رۆحش نەفانی نەما**
**لوا پەی باقی ئەو باغچەو چەما**
**سوڵتان نەعش ئەو مەدفەن کەردش جا**

دیسان بە هەمان شێوە لەم چەند دێڕەدا باس لە پایە سەرەکییەکانی وەك جەم و گرنگی پایەی سوڵتان و هەندێك لە یاران دەکات لەوانەش بنیامین کە لە هەر دەورەیەکدا لە تەنێکدا دەرکەوتووە، لەوانەش لەسەردەمی عەلیدا لەتەنی سەلمانی فارسی و لەدەورەی شاخۆشێندا لەتەنی کاکەردای و بنیامین بووە لە سەردەمی سوڵتاندا و خۆی لە بنەڕەتدا جوبرایلە و سان سەهاك بە پیری خۆی هەڵیبژاردووە و سەری پێ سپاردووە.



هەروەها باسی پیرموسی دەفتەردار دەکات کە لە بنەڕەتدا ئیسرافیل بووە و لە دەورەی عەلیدا لە تەنی پێغەمبەری ئیسلامدا دەرکەوتووە، پاشان باسی مستەفا دەودانی دەکات کە لەبنەڕەتدا ئیزرائیل بووە و لە یارانی سوڵتانە و فریشتەی گیان کێشانە و بە (مستەفای قابز)یش ناوی دەبەن.

**ئامایم جە حەریر، ئامایم جە حەریر**
**عازیز وەی رەزمت ئامایم جە حەریر**
**دادام زەرخاتون بابۆمەن ئەمیر**
**پایانەو عیسی تۆمان بی دەسگیر**
**چا گوڵو بوستان کەردمان عەبیر**
**ئینا مەوانی گەوای ئەزەڵ نویر**
**نا حەجەر زیام نامیٚم بی مەشیر**
**حەجەر نە ئەزە، ئەز نە حەجەر پیر**
**نامیٚم دامیا بی نادەیجوور تیر**
**چا سەر ئەندیلت بی نامیٚم زەڕمیر**
**ئەز پاکم کەرد خاک کیٚشام نە قەڵبیر**
**خزمەتەو پاکیم ئەوسا بی دڵگیر**
**کەردیم خزمەتەو خاک زەرد بەسیر**
**هەم سوجدەم نەکەرد ئەو هەڕەو هەمیر**

بیم وەشەریک بنیامین پیر
وەرمان گرت بارو لەعنەت زاهیر
بنیام ئەلخەناس خاران مەدەوش تیر
چاسەر ئەندیلەدا نیامان تەکبیر
هەم بیم وە فەرزەند بەشەر بەشیر
نامێم بی فەرهەنگ دۆست دڵپەزیر
لەفز وەفەرەنگی ئەز واتم تەحریر
یورت[٧٤] وە یورت ئامایم پەی وەرەو حوزویر
تا زو هوور بیمان چا کوفەو فتویر
فاتمە بن ئەسەد مامات بیم چاویر
هەم نا کەربەلا چا داوای زەویر
عون بن عەلی بیام چا غەدیر
فەرزەندوە وێت بیم مەعسووم و فەقیر
نەڕای دوو هامتا سەر دام بی قوسویر
حەسەن و حوسەین جام کۆی سەیر
نەوێمان تابع بەدڵ خو تویر
خو تویرمان نەوی چا گردین حاڵە

٧٤ – دۆن.



چا لوڕستانت بیم ماما جەلالە
دادای ویت بیام چاوەر مەحالە
کاوی بیم کێشام بارت ئەو نالە
ئەزەنان دامت پەریٚ قەواڵە
ئیگایش چەی حوزوور شای نوور قالە
دایراکەنان شێخ عێسیم مالە
ئیگا رەمزبارەن عەبدو بیٚ تالە

زۆرترین تێکستی ژنـان لـە دەفتـەرو دەورەکـانی یارسـاندا لـەناو ژنانـدا تێکستەکانی رەمزبارن و هەوڵ ئەدەین لە داهـاتوودا لـە کتێبێکـدا چـاپیان بکەین.

## ٩- حەبیبەی شارەزووری:

حەبیبە کچی شێخ سەدەردینی شارەزوورییە و ساڵی ٦٨١ی کۆچی لە شارەزوور لەدایك بووە، بەپێی یادداشتی قرندی، حەبیبە لە لاویەتیدا لای باوکی فێری خوێندن بووە و پاشان لای مەلاکانی شارەزوور ڕێزوانی عەرەبی و ئەدەبی فارسی خوێندووە و دواتر لەگەڵ براکەیدا چووەتە (حەلوان) لەوێدا بۆ ماوەی دوو ساڵ فیقهی ئیسلامی خوێندووە و پاش دوو ساڵەکە گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و دەبینێت باوکی کۆچی دوایی کردووە. ئەویش رووە و هەورامان ڕێگەی گرتوەتە بەر و دواجار لە گوندی (شێخان) گیرساوەتەوە و چاوی بە(سان سەهاکی بەرزنجی) کەوتووە ئایینەکەی ئەوی قبوڵکردووە و هەر لەوێ وەك زاهیدێکی ئەو ئایینە خەریکی ڕێنوێنی خەڵك بووە و لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە ساڵی ٧٤٩ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان خواستووە و لە شێخان بەخاك سپێردراوە.

لە حەبیبەی شارەزووریەوە گەلێك شیعری ناسکی سۆفیگەرانە لەبەردەستتان لێرەدا نموونەیان بڵاودەکەینەوە.

ئازیز بنیاما، ئازیز بنیاما
ئازیز شەرتمان چەنی بنیاما
هاپیرو شەرتی جەگردین جاما
سکەی باشڵغمان بەنیام واما



بەدەریا وەستەن، بە دەریا وەستەن
بارگەی بنیامان بەدەریا وەستەن
یوورت گڵێمە کۆڵ چە کەشتی ڕەستەن
ها بنیامینا جە کۆی غەم مەستەن

ئارامان نیا، ئارامان نیا
ئازیز بێ بنیام ئارامان نیا
پەی ئادی شادی بەهەشتی بیا
نازە و ناخوونمان مەکەرە جیا[٧٥]

هاجە کەشتیدا، هاجە کەشتیدا
یوورت ڕەمزبار هاجە کەشتیدا
سەرافا چەنی خەڵک و ڕەشتیدا
عەلەمدار و چەرخ چەو زەشتیدا

[٧٥]– سدیق بۆرەکەیی بە هەڵە نووسیویەتی (تازەو ناخوونمان) لە بری (نازەو ناخوون) بڕوانە:
بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ ، بەرگی یەکەم ، لاپەڕە١٩٧.

واتە: ئەی رابەرە ئازیزەکەم، هەر لە رۆژی ئەوەڵەوە لەگەڵ بنیامیندا پەیمانمان بەستووە، ئەو پیر و رابەری ئێمەیە و هەر بەویش سەر ئەسپێرین.
بارگەی رابەرەکەم لە دەریادایە و لە کەشتیدا ژیان بەسەر دەبات لە شێوەی گلێم بە کۆڵدا و کەڵپۆسی بەکۆڵەوەیە لە کێوی پەژارەدا مەست بووە.
ئەی رابەرە خۆ نەویسەکەم، بەبێ بنیامین ئارامان نییە، ئەو بۆ ئێمە شادی و خۆشییە و رەمزباریش ئالاهەڵگری ئەو چەرخەیە لە گەشتی ژیاندا و ئێمە لەگەڵ ئەم ئایینەدا وەك (نازە و ناخون)مان لێهاتووە و جیا نابینەوە.



## ١٠- خاتوو نازداری شیرازی

ئەگەرچی مێژووی لەدایکبوونی دیار نییە، بەڵام ساڵی مردنی بە ٧٦٤ی کۆچی دیاری کراوە، هێندە هەیە وەك لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی سدیق بۆرەکەیدا هاتووە (بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شیراز لە دایك بووە).[٧٦]
نازدار لە سەرەتای لاویەوە ئایین کەمەند کێشی دەکات و لای فەقێ و مەلایان دەست دەکاتە خوێندن و زانستە ئایینیەکان دەخوێنێت، پاشان ئاشنای فەلسەفە دەبێت و ئیدی دەیان پرسیار لە ناخیدا چەکەرە دەکەن و خۆی لە شتە خورافیەکان دەرباز دەکات و وەك ژنێکی عەقڵانی بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی ناخیدا دەگەڕێت و سەرەنجام رێگەی شارەزوور و هەورامان دەگرێتەبەر و دەگاتە گوندی (شێخان)ی مەڵبەندی گەشەسەندنی ئایینی ئەهلی هەق و لەوێ لای سان سەهاکی بەرزنجی دەمێنێتەوە و سەری پێدەسپێرێت و پاشماوەی ژیانی لە هەورامان بەسەر دەبات و دەبێتە یەکێك لە ٧٢ یارانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی و دواجار لە ساڵی ٧٦٤ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان دەخوازێت. لە بەیازێکی کۆندا کە لەلایەن (عەلی رەزا کرماشانی) بە مێژووی ١٣١٠ کۆچی نووسراوەتەوە یان بڵێین کۆکراوەتەوە لە بارەی نازدار خانمەوە نووسراوە ( لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا لە شێخان کۆچی

٧٦- بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە٢٣٩.

دوایی کردووه) بەم پێیە دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٧٠٣ بە ساڵی لەدایکبوونی دیاری بکرێت.

شیعرەکانی ئەم خانمە لە بازنەی ئاییینی ئەهلی هەقدان، بەلاَم خۆی لە هەندێك مەسەلەی فەلسەفی داوە بۆ ئەو کاتە و بۆ ئێستاش رەنگە بە قورس لەسەر هەرکەسێك بکەوێت کە دەم لەو باسانە بدات.

لەسەرەنجامدا هەندێك شیعری ئەم خاتوونە هەیە، لێرەدا نموونەیەکیان نیشان دەدەین.

**ئەو یانەی ساری، ئەو یانەی ساری**
**بارگەی شام وستەن ئەو یانەی ساری**
**نمانا جیلوەی جامە عەیاری**
**نیاش مەعریفەت شای خاوندکاری**
**جامەی هەفت تەنان یورتش بۆ جاری**
**نەسیمی بنیام پیر رداباری**
**مەنصور بیٚ داود رەهبەری یاری**
**زەکەریا، موسا پادەفتەر داری**
**تورکە مستەفا کەمان ویقاری**
**یورت ساری بیٚ زات رەمز باری**



ئەگەر بە وردی لەم دەقە رابمێنین شاعیر خۆی لە قەرەی هەندێك مەسەلەی وروژێنەر داوە کە لەوانەیە لە وەرگێڕانی ئەم دەقەدا بۆ سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو هەندێك لە ماناکان وەك خۆیان دەرنەچن، بۆیە پێموابوو ئەگەر دەسکاری واتە وەرگێڕان بۆ ئەم تێکستە بکەم زوڵمێکی گەورە لە دەقەکە دەکەم و خۆی لە خۆیدا وەرگێڕانەکەی هەندێك دەروازەی دیکەت بەڕوودا دەکاتەوە.

**یاران یاوەران رای حەق راسییەن**
**پاکی و دروستی وردا و خاسییەن**
**هەرکەس ویٚش ناسا محەمەد ئاسا**
**بیٚ شک ئا کەسە مەولایچ شناسا**

## ١١- نێرگس خانمی شارەزووری:

نێرگس یان نەرگزیشی پێدەگوترێت، کچی مەلا شوکروڵڵای شارەزوورییە، لە ساڵی ٧١٣ کۆچی لە شارەزوور لە دایك بووە، لای مەلا شوکروڵڵای باوکی زانستە ئاینییەکانی خوێندووە بەو پێیەی باوکی شاعیریش بووە شارەزایی دنیای شیعری ئەو سەردەمە بووە.

نێرگس لە تەمەنی لاویەتیدا دەبێتە هاوسەری (عابیدینی جاف) کە ئەوکات مەلایەکی بەرچاو دیار بووە، بەڵام دواتر عابدین چووە سەر ئایینی یاری و نێرگسیش ئەو ئایینەی وەرگرتووە. کاتێك مەلا عابدینی جاف دەچێتە سەر رێ و رچەی یاری مەلاکانی شارەزوور زۆر شیعری ئامۆژگاری و هەڕەشەیان بۆ نووسیوە بۆ ئەوەی واز بهێنێ، مەلا شوکروڵڵا لە نامەیەکی شیعریدا بۆ مەلا عابدینی زاوای دەنووسێت:

عابدین بە رەسوڵ عابدین بەرەسوڵ
گەواهی و ئیمان بێرە بە رەسوڵ
مەترسە لە رەنگ ئیبلیسی فزول
بخوێنە ئایەت قورئانی مەقبوڵ
تا لێت رەجم بێت شەیتانی مەجهوڵ
خودا نیازت بۆ بکات قبوڵ



بە هەر حاڵ ئەمە وەك نموونەیەك باسمان کرد و ئەوەش بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە.

ئەم خانمە شاعیرەمان بە شێوەی جافی شیعری هۆنیوەتەوە و لەگەڵ عابدین جافدا پێشڕەوی ئەم جۆرە شێوازی نووسینەن لە سەرەنجامدا نەرگس خانم لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە شێخان کۆچی دوایی کردووە و سەرجەمی بەرهەمەکانی لە کتێبی (دەورەی عابدین)دا پارێزراون، ئەم خانمە شاعیرە خاوەن شێوازێکی جیای نووسینە. جیاواز لەم کێشانەی لەو سەردەمەدا شیعری پێ نووسراوە وەك لەم نموونەیەدا دیارە:

بۆ پیر پیرە پیرم
بۆ ژێر ژیرە پرم
بۆ بیر بیرە پیرم
بۆ سیر سیرە پیرم
بۆ کوڕ کوڕە پیرم
بۆ لەیل لەیلە پیرم
بۆ فیل فیلە پیرم
بۆ شین شینە پیرم
بۆ قین قینە پیرم
بۆ جەم جەمە پیرم

بۆ خەم خەمە پیرم
هەروەک شەمە پیرم
شەم ئەچەمە پیرم
"نەرگز" گزە پیرم
گزە نەزەرە پیرم

لە جێگایەکی تردا دەڵێت:

بادەم یارەو جامم یارە
شادیم یارەو کامم یارە
بیرم یارە و هۆشم یارە
هۆچی چی هەر نۆشم یارە
دەربارم بارە زەویم یارە
بەرزیم بارەو نەویز یارە
"نەرگز" خودا بووە یارم
ئیدی بەسە و ئەز رزگارم



یان دەڵێت:

یارم فەرمووی دروسکاری من
بۆ رۆژ دوایی هەر زوگار بن
ئەگەر بکرێن بۆ شاخاسە
راس بن رێگە هەر رێی راسە
رازی دڵتان مەدرکێنن
هەرگیز نەکەن خۆ بنوێنن
لەمەرگ و میر هیچ مەترسن
ئەم رازە لە گیان بپرسن
لەش قاڵبە و هەر بۆ خاکە
گیان ئەگەڕێ وەک ئاو پاکە
پیاو دەبێت دڵ لە ژین بەردا
ئەم چوار چتە ئەبێ سەردا
باکی و راستی و نیستی و ریدا
بکاتە ڕێ ئەمڕۆ و فەردا
رۆژی دوایی هەقە یاران
شام دێتە سەر تەخت وەک جاران

سەرباری ئەمانە چەندین دەقی دیکەی ئەم خاتوونە لەبەردەستدان بەڵام بۆ کاتی خۆی لە کتێبێکدا بڵاویان دەکەینەوە.

ئەوەندە هەیە بێژین سەبك و ستایلی نەرگز جیاوازە لەوانەی دیکە هەم لە رووی زمانی نووسین و هەم فۆرم و هەم ستایلەوە.



## ١٢- زەڕبانوی دەرزیانی (خاتون)

کچی یوسف بەگی دەرزیانییەوە ساڵی ٧٨٠ی کۆچی لە دێی دەرزیان لە دایك بووە، هەر بە منداڵی مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە تا فێری خوێندن و نووسین بووە، بەپێی پایەی کۆمەڵایەتی و ئایینی خێزانەکەیان خەریکی خوێندنەوەی کتێبی شاعیران و سەرەنجام بووە. لە تەمەنی ٢٠ساڵدا بووەتە هاوسەری پیرقەنبەری شاهۆیی کە لە دەورانی مورتەزا عەلیدا دۆنی میکایلی فریشتە بووە و لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا کوڕێکیان دەبێت کە ئەوەیش (شاوەیس قوڵی)کە پێنجەمین دەرکەوتەی خودایی لێ دەرکەوتووە.

پیر قەنبەر لەبارەی خۆیەوە ئێژێت:

ئەسلمەن جە کورد، ئەسلمەن جە کورد
با بۆم کوردە نان، ئەسلمەن جە کورد
من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی کورد
سڵسڵەی سپای زوحاک کەردم هورد

زەڕبانوو لە تەمەنی لاویەتییەوە دەستی داوەتە نووسین و چەندین شیعری تەڕ و پاراوی لە پاش خۆی جێهێشتووە کە لە دەفتەرێکدا بەناوی (دەوری قرمزی) کە نازناوی کوڕەکەیەتی پارێزراوە.

رەزیانۆ هەر لەسەرەتاوە نازناوی (خاتوون)ی بۆ شیعری خۆی داناوە، ئەم خانمە

سالی ٨٤٥ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان خواستووە.

ئەمەش دوو نموونەی شیعریەتی:

**گریبەن رچوان گردبیەن رچوان**
**کارخانەی خواجەم گرد بیەن رچوان**
**ئێد ئو سوارەن شێتیش کەرد خەزان**
**نەپەردیوەردا وست وە کەسنەزان**

لێرەدا لەم خانمە ئاماژە بە گەورەیی (باوەناوسی جاف) دەکات کە رابەرێکی ئاییینی یاری بووە و سەرەتا (دایە خەزانی سەرگەتی) رکابەری کردووە و دواتر سەری پێ سپاردووە.

یان دەڵێت:

**خواجەم لوتفش کەرد خواجەم لۆتفش کەرد**
**وە (خاتون) خواجەم لوتف و کەرەم کەرد**
**پەخشاش پێم (قوڵی) یانی لوتفش کەرد**
**تا پەسڵان خواجەم منەت بارمش کرد**

واتە: خواجە و رابەرەکەم کە (بابا تاوسی جاف)ە لوتفی کرد بە (خاتون) بەزەیی هاتەوە و (قوڵی) پێ بەخشین کە تا رۆژی پەسڵان منەت باری کردم.



## ١٣- سەمەنی دەودانی:

سدیق بۆرەکەیی دەڵێت :[٧٧]

لە دەورەی بابا جەلیلدا شیعر و کەمێك لەسەر ژیانی هەیە، ئەوەندە باسکراوە لە سەدەی نۆیەمدا ژیاوە و سەری سپاردووە بە باباجەلیل و وەك یار و شوێنکەوتووی ئەو خەریکی کاری ئاییینی بووە.

**یا دوڵدوڵ سوار، یا دوڵدوڵ سوار**
**ئامانەن ئامان ساحیب زولفەقار**
**وەناز ئەو وەقت تۆ شیت نە جەببار**
**بنمانە رەمزێ باقی ئاشکار**

**ئەوزارت بنما، ئەو زارت بنما**
**تۆ ئومید منی، ئەوزارت بنما**
**ها فرێ کەس هەن کەردەنش تەما**
**من کەسم نییەن تۆمەنی زما**

---

٧٧- بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە٤١٣.

## ١٤- خاتوون گوڵێ:[٧٨]

هیچ زانیارییەك لەسەر ژیانی نییە ئەوەندە هەیە لە سەرەنجامەکەی بەرێز تەیب تاهیری، لە بەشی کەلامی دەورەی باباناوسدا نموونەی شیعرێکی هەیە و دەڵێت:

**حەرفەو بیجانا، حەرفەو بیجانا**

**ناوس مەواچە حەرفە بیجانا**

**مەشان وە خەڵەت گام وە زیانا**

**مەنی بکەن وەدەم و دگانا**

**تیرت بکەفۆ نە دوو چەمانا**

**تۆ حەرفێوت وات ناموستە جانا**

**کەی خوەرت گلدان چەی هەفت ئاسمانا**

**کەی مردەت وریێزنان چەی قەورسانا؟**

**کەی زەرپێوت شەن سککەت نیانا؟**

**تۆ وەی حەرف وێت مەو وە غورانا**

[٧٨]– طاهري، طيب گرداوری، تحقيق و ويراسته: سرانجام (دفتر اول) مجموعه کلامهای يارسان، کاکەيی، اهل حق، اربيل، انتشارات اراس، صفحه ٨٥.



**پا مەنیەر ئەو بەرز، وی گوفتارانا**

**بەنەیش مەشکنۆ هەزار نیشانا**

**وەرنە وەر دەردت نییەن دەرمانا**

**هەر کە مەنیش کەرد سککەش نارِەوانا**

**ماتەڵ مەمانۆ چە پای دیوانا**

**مەواچی ئاواز وەپڕ بەهانا**

**هەرکە خودا بیٚ ئێدش نیشانا**

**بمانۆ زەربیٚ چەی ماو زەمانا**

**خوەر مارۆوە وار وە یەک تەکان**

**وەرنە زیاد ماچی پەنەت خەتانا**

**واتە و کردارت بکەر میزانا**

**جەلات وە ئەزێش رۆشن بمانا**

**تا کە بگێرِێت قایم دامانا**

**١٥- خاتوون زەینەب:**

لەبارەی ژیانی ئەم خاتوونەوە هیچ زانیارییەك لەبەردەستدا نییە، لەدەورەی شا ئیبراهیمدا ناو و تێکستی ئەم خاتوونە هاتووە و شێوەی شیعرەکانی دیالۆگە لەگەڵ سەید موحەمەددا لەبارەی چونیان لە شاهۆوە بۆ دالاهۆ و لەدایکبوونی شا ئیبراهیمە.[٧٩]

خاتوو زەینەب خێزانی سەید موحەمەدە و دایکی حەزرەتی شا ئیبراهیمە.

**خاتوون زەینەب مەرەمۆ:**

سەید موحەممەد ئەر نەومیٚ وەڕاوە
ئەر ئەمر سوڵتان نەومیٚ وەڕاوە
کیٚ دڵ مەکەنیۆ چەی کەشو کاوە
فرەی وەشەن وەش سەر قوللەی شاوە
ئینا مەنزڵگای جەدو ئاباوە
چۆن بارزۆم وەجا کەسو براوە
چێنون دڵ کەنۆم چە دایەو باوە

٧٩- سام الدين تبريزيان، گرداورى و تدوين، مجمع الكلام سرانجام اهل حق، جلد ٢، دوره شا ئیبراهیم، ص ٩١٤ و ٩١٥، دەستنووس.



سدای هاژەی وەش سیروان تاوە
بنوارِە شاهۆ چێنون وەشیاوە

واتە: ئەی سەید موحەمەد ئەگەر بەجێگەیاندنی فەرمانی حەزرەتی سوڵتان نەبێت کێ دڵی دێت ئەم کەژ و کێوە خۆشە جێ بهێڵێت، چونکە ئێرە مەنزڵگەی بابو باپیرانمە و چۆن کەسوکارم جێبهێڵم و دایك و باوك و دەنگی هاژەی تاف و ئەڵهای سیروان جێ بهێڵم، ئەها تۆ بڕوانە شاهۆ چەند رەنگینە.

لێرەدا هەندێك وشە بە هەڵە نووسراون لەوانەش لە تێکستەکەدا خەتیان بەژێردا هاتووە لەوانەش:

١- (نەومیٚ) لەبری (نەبەرمیٚ) بەکارهاتووە واتە( نەبەین بەڕێوە) و ئەم وشەیە لەهیچکام لە فەرهەنگەکانی یارساندا بەکار نەهاتووە و لە زمانی هەورامیشدا وشەی لەم جۆرە نییە.

٢- کیٚ بەهەڵە بەکار هاتووە و دەبێت (کی) بێت کە پیتی(ی)ەکەی ئەو (ی)یە نییە لە سۆرانیدا بەکار دێت و جۆرێك دەنگی (ھ)ی تێکەڵە و بە نەرمی دەخوێنرێتەوە و مەبەست لە (کیٚ)ی سۆرانییە بەڵام هەڵەکە ئەوەیە لە هەورامیدا بەو جۆرە نانووسرێت؟

٣- (بارزۆم وەجا) ئەمەش لە بری (بازۆ جیا) یان (بازوجیا) بەکارهاتووە کە بەمانای جێهێشتن بەکار دێت، یەکەمیان بۆ ئەوی دیکە بەکاردێت وەك لەم رستەیەدا دەردەکەوێت "چنی کەسوکاریش بازۆ جیا" واتە "چۆن کەسوکاری جێبهێڵێت"

دووەمیان بۆ منی ئاخێوەر بەکار دێت وەك لەم رستەیەدا دەردەکەوێت "مەتاوو شمە بازوجیا" واتە"ناتوانم ئێوە جێبهێڵم".

٤- (چێنون) بەمانای (چەندێك) بەکارهاتووە چەندێك وەك پرسیار نا وەك وەسف، راستییەکەی دەبێت (چننە) بێت وەك لەم رستەیەدا دەردەکەوێت، "بدیە شاهۆی چننە وەشا" واتە: "بروانە شاهۆ چەندە خۆشە".

**سەید موحەممەد مەرەمۆ:**

**خاتوون زەینەو مەودی[80] پەشێوی**
**پەریٚ باوانت مەودی پەشێوی**
**ئەمر خواجامان بییەن وە نەسێوی[81]**
**چە شاهۆ بلمی ئەو داڵەهۆ کێوی**
**تاکوو مودەتی مەودی غەریوی**
**ژەو[82] دوما مەبۆ پەرێت وەشێوی[83]**
**باوانت پەی تۆ دڵشان مەدێوی**
**چە هیجرانەدا مەودی گرەوی[84]**

---

[80] – مەبن – مەبیدی–
[81] – نەسیب – نەسیو–
[82] – لەوەو – چا دمای–
[83] – خۆشییەك – وەشیێو–



**میان[85] وە داڵەهۆ پەی سەرکشێوی[86]**
**ها چەم و چەمشان تازە مەبۆ دێوی**
**ورێز سوار بەرە وە جلۆ چێوی**
**بنیشە وە تەڵمێت پەی راگەو رێوی**
**تا بلمی پەریٚ داڵەهۆ کێوی**

واتە:

خاتوو زەینەو خۆت بێتاقەت و نارەحەت مەکە بۆ ماڵە باوانت، ئەمە فەرمانی زاتی سوڵتانە بووەتە نسیب و چارەنووسمان لە شاهۆوە بچینە داڵەهۆ، ماوەیەك غەریبی دەبینی و لەوەودوا خۆشیت بۆ دێت و کەسوکار دێنە ئەوێ سەردانت ئەکەن، دەی هەستە سواربە و سەفەر و بارگە ببەینە داڵەهۆ.

**خاتوو زەینەب مەرەمۆ:**

**کەفتەنم جەویر............**
**سەید موحەممەد براو باوانم کەفتەنم جەویر**
**ورێز سا بلمیٚ پەریٚ شارەزیور[87]**

---

[84] – بگریەیت
[85] – دێن – مەیا–
[86] – سەردانێك – سەرەکیشای–

ها دڵ پەنەشان مەخرۆشۆ چە دویر

گورڕگور[٨٨] مەگرِیو چون ئاگر تەنویر

پەی براو باوان بییەنم دڵگیر

ئیمشەو تا وەسوی[٨٩] خاوم بییەن پەریر[٩٠]

چمان لوانی وە چاوانم تیر

هەر چێوم مەکەرد چە خۆف، وەخوتویر[٩١]

وەرمم ناواوە[٩٢] نییەنم تەقسیر

خوراِیخورِ[٩٣] ئەسرم[٩٤] مۆیا سەرازیر[٩٥]

ئاخر لوانم پەی خوانچەو خەمیر

خەمیرم پەزا و ناچەو فەتیر

ها ژەنانم[٩٦] ماست مایەمدان[٩٧] وەشیر

---

[٨٧] – شارەزوور.

[٨٨] – ئاگری باباگورِگورِ.

[٨٩] – تا سبەینیٚ– تا بەیانی– تا سۆح.

[٩٠]– بینینەوەی خەونی کۆن.

[٩١]– فریودەر.

[٩٢]– نەهاتەوە– ناماوە.

[٩٣]– بەخورِ.

[٩٤]– فرمێسکم– هەرسم.

[٩٥]– داباریِن– سەرەوژێر.



ئەوەن چە خۆفا بیانم چەویر

ئینا سوچیاوە دەسم وە کەفیر[٩٨]

**واتە:**

سەید محەمەد من خزم و باب و برام کەوتوەتە بیر، با بچین بۆ شارەزوور لەویٚ دڵم دەخرۆشێت چونکە لەویٚ بڵێسەی باباگورِگورِ وەك تەنوور دەجۆشێت و دڵی منیش بۆ بابو برام ئاوا لەخرۆشانایە، ئەمشەو تا بەیانی خەوی کۆنی رابردووم بینییەوە و چاوەکانم وەك ئەوەی تیریان بەرکەوتبیٚ گلیان ئەکرد و بەخورِ ئەسرین ئەهاتنە خوارەوە، بەڵام من هەوێنی ماستم داوە و مەشکەم ژەندووە کە ئاماژەیە بۆ درووستبوونی شا ئیبراهیم لە رەحمی زەینەو خاتووندا.

**مەلەك تەیار مەرەمۆ:**

سەرم بەرد ئەو وار..................

چە مڵەو راهان سەرم بەرد ئەو وار

دیم تفلی چە تەخت مەگریو وەزار

باوەش سەیید موحەممەد نیشتن جەسەرلار[٩٩]

تفل[١٠٠] مەپیٚچا وەشاڵ هاوار

---

[٩٦]– دەمژەنی– ژام– بۆ مەشکە ژەندن بەکاردیٚت.

[٩٧]– مایە– هەوێن– ئامیان.

[٩٨] – کەوگیر.

[٩٩]– تەن– جسم.

دایاش زەینەوا وەبێهۆش و زار

جەسەر تەختەی یا کەفتەن وەکەنار

نەو دەمدا مێشی[101] چاسەر قوللەو دار

وەتاف دەوان ئامانی وە وار

لوا وەسەرین ئاتەختە شکار

وێش کێشا چەسەر ئا تفلەی نازار

دیم کە ورێزا ئاتفلە وەلار

چا شیر مێشە مەنۆشا ئەویار

تفل خوراوەنم ئی مەلەک تەیار

مەلەك تەیار لەم کەلامەدا باسی چۆنییەتی لەدایکبوونی شا ئیبراهیم دەکات کە لەوکاتەدا زەینەو خاتوونی دایکی بێهۆش دەبێت، بۆ ئەوەی شا ئیبراهیم برسی نەبێت لەو کاتەدا مەڕێکی سپی دێت و شیری دەداتێ، مێش لە تێروانینی یارساندا قۆچەو هەر هەمان شتە کە ئیبراهیم سەری بڕی لە بری ئیسماعیلی کوڕی و قۆچی پێغەمبەرانەشی پێدەگوترێت.

---

[100] – کۆریەی ساوا.

[101] – مەڕی سپی – میشن.



لە شوێنێکی دیکەدا لەگفتوگۆ لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕیدا خاتوو زەینەب دەڵێت:

ئیبراهیم وەکەش،................

خاس خاس بنواڕە وەسەر قوللەو کەش

نگا کەر وەتۆی ئا دارانە وەش

بزان ئا مێشە نگا کەر چەنەش

تەخت شارەزویر چا سەرشان رەش

نەوجا کەفتەوێم وەبێهۆش و لەش

چەو دەمدا کەبەرد شکاوا تەختەش

تۆ چا بەردەیا ئامانی وەدەش

ئا مێشە ئاما چاسەر ملەو کەش

شیر مەدەیەنت تۆمەکەردی چەش

ئەر راسی راس بۆ ئا مێش چاو رەش

ئانە دایەتەن بیاوۆ چەنەش

واتە: ئەی ئیبراهیم لەسەر ئەو کێوەوە تەماشا بکە و پێدەشتی شارەزوور ببینە و بزانە ئەو مەڕە دەبینیت، لەو کاتەیدا کە بەردەکە سنگی خۆی کردەوە تۆ لەناو هەناویدا هاتیتە دەرەوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ لەدایکبوونی میترا، کاتێك بەردەکە شەقی برد و لە هەناویدا میترا هاتە ژیانەوە، ئەگەر وابێت

ئەوا شا ئیبراهیم یەکێك لە دۆنەکانی میترایە.

ئەو مەڕە لەوێدا هاتە سەر کێوەکە و شیری دا بە تۆ و تۆش خواردت، ڕاستیت دەوێت ئەو مەڕە دایکتە و شیری ئەوت خواردووە.



## ١٦- دادا سیمە

ئەم خاتوونە لە (دەستنووسی دەورەی باباحەیدەر[١٠٢])دا کۆمەڵێك تێکستی هەیە، لەبارەی ژیان و مردنیەوە شتێك لەبەردەستا نییە ئەوەی هەیە تەنها تێکستەکانییەتی.

ئەم خاتوونە یەکێك لە دۆنەکانی ماما جەلالەی دایکی شاخۆشین بووە لە لوڕستان وەك ئەوەی بابا حەیدەر بۆمان بەیان دەکات:

**سیمە ڕەنگینەن،............**

**یاران بزاندی سیمە ڕەنگینەن**

**سیمە جەلالەن مامای[١٠٣] خۆشینەن**

**هەم ئەدای[١٠٤] ناوس خورماڵ نشینەن**

واتە سیمە ڕەنگین و ڕازاوەیە ئەی یاران، سیمە لەدەورانێکدا دۆنی ماما جەلالە بووە لەدەورەی شاخۆشیندا، لە دەورەی بابا ناوسی سەرگەتیشدا دۆنی دایکی ناوس بووە لە خورماڵ.

---

[١٠٢] – دەورەی بابا حەیدەر دەستنووسێکە ناوی کۆکەرەوە و ساڵی کۆکردنەوە و هیچ مێژوویەکی لەسەر نییە.

[١٠٣] – ئەدا– دایك.

[١٠٤] – ئەدا– ئەیا– دایك– ماما.

له بەندی شەشەمی دەورەی بابا حەیدەردا، یوسف کرمانجیش له ستایشی دادا سیمەدا دەڵێت:

**سیمه یارەنی،.............**

**هەر نەڕۆی ئەزەڵ سیمه یارەنی**

**گاهی نەرگزە، گا رەزبارەنی**

**ئارۆ قەواڵه سەد هەزارەنی**

واته:

سیمه تۆ لەرۆژی ئەزەڵ و پەسلانەوه هەر یار و شوێنکەوتووی هەقیقەتی، جارێك نەرگز خانمی شارەزووری دەورەی عابدینی جاف بویت و جارێکیش دۆنێکی خاتو رەمزبار بویت و ئەمڕۆ قەواڵەت سەد هەزارە.

ئەمەش نموونەی تێکستەکانییەتی:

**١- سفرەو خوانت بۆ[١٠٥]،..........**

**زات گڵەزەردە پرچە خوانت بۆ**

**موعجیزەی یەک رەنگ چە داستانت بۆ**

**شفای شیت و ویت وە خەڵاتت بۆ**

لێرەدا لەگەڵ باباحەیدەردا گفتوگۆ دەکات و نزای بۆ دەکات و پێی ئێژێت زاتی گڵە زەردە لەسەر سفرەو خوانت بێت و موعجیزەی مەولام له

[١٠٥]– بەندی دووەمی دەورەی بابا حەیدەر.



داستانەکانتا بێت و تۆ چاککەرەوەی شێتوویێتەکان بیت.

**٢- یاران بەیدیوە[١٠٦]،...........**

**نەڕاگەی وەیلان یەک یەک بەیدیوە**

**بزانیم زات شا نیشتەن وە کیوە**

**وەهەرکەس نیشتەن شیت بیا لیوە**

واته: یاران وەرنەوە و ئێستا سەرەتای دەورەیەکی نوێیه با بزانین زاتی شاو خوداوەند له کێدا دەرکەوتووە، له هەرکەسدا دەرکەوتبێت شێتو لێوە بووە، مەبەست ئەوەیه شاکامی خۆشی بووە.

[١٠٦]– بەندی چوارەمی دەورەی بابا حەیدەر.

٣- وەش ئامای دەروێش[١٠٧]، .........

پالاٚت[١٠٨] وە دیدە وەش ئامای دەروێش

تۆ رەهبەرەنی پەی بیگانەو خێش[١٠٩]

ئیستاش وەرەحمەت پا نیای وە پێش

واتە: دەروێش بەخێرهاتی پێلاوت سەر دییەمان، تۆ رابەری ئاشناو بێگانەیت و بەرەحمەتەوە هاتویتە پێشەوە.

٤- نەی تەکیەو یانە[١١٠]، ............

بەیدی جەم بەسدی نەی تەکیەو یانە

دەستان دامان گیر زات سوڵتانە

لوقمەو واریمان چە سفرەو خوانە

واتە: یاران بێن لەم تەکیە و ماڵەدا جەم سازبدەن و دەستەو دامانی سوڵتان بن و لوقمەی خۆراکمان لەسەر ئەم سفرە و خوانەی جەمخانەدایە.

---

[١٠٧]– بەندی حەوتەمی دەورەی بابا حەیدەر.

[١٠٨]– پێڵاوت.

[١٠٩]– خێش–خوێش– ئاشنا.

[١١٠]– بەندی شانزەهەمی دەورەی بابا حەیدەر.



٥- قازان یارەنی[١١١]،...........

حەیدەر مزانمی قازان یارەنی

قازان گرفتار دەستی بازەنی

دیلو سەرگەردان نام کۆسارەنی

٦- کرمانج ئیٚ وەڵڵا[١١٢]،..........

کرمانج وەزاتت سەد جار ئیٚ وەڵڵا

وەپانزەی مانگ بیٚ دەردو بەڵا

پەی رۆچی[١١٣] نیەت بکەران سەڵا

واتە: یوسف کرمانج بە زاتی تۆ سەدجار، لە پانزەی مانگدا، مەبەست ناوەڕاستی زستانە، بیٚ دەردوو بەڵا بۆ رۆژووگرتن نیەت بێنن.

---

[١١١]– بەندی بیست و حەوت دەورەی بابا حەیدەر.

[١١٢]–بەندی سی و یەك دەورەی بابا حەیدەر.

[١١٣]–رۆچی– رۆژوو.

**٧- بودی خەوەردار[١١٤]،............**

**یاران نەی ڕەمزە بودی خەوەردار**

**خیڵی ئەغیاران ئامان نۆ قەتار**

**وەحەیدەر واتەن ئەوەڵ ئاخر یار**

واتە: ئەی یارانی حەقیقەت ئاگاداربن لەم ڕەمز و نیشانەیەی خۆمان، دوژمنانی ئایینی یاری بە قەتارە دێن و بە حەیدەر (مەبەست مەولا عەلی)یە دەڵێن (ئەوەڵو ئاخر یار) کە ڕستەیەکە یارسانەکان بۆ هەر کارێك دەڵێن ئەوەڵ و ئاخر یار، واتە سەرەتا و کۆتایی بە ناوی یار، مەبەست لێی ناوی خواوەندە.

١١٤ - بەندی سی و حەوتی دەورەی بابا حەیدەر.



## دەرەنجام

پاش قسەکردن لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەم خانمە شاعیرانە، سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشم بۆ ئەم خالانەی لای خوارەوە کە وەك دەرەنجامێك پێی گەیشتووین.

١- تەواوی تێکستەکان بە شێوەی هەورامی نووسراون جگە لە دەقی شیعرەکانی"نەرگزخانمی جاف و عابەدین بەشێوەی جافین و دەروێش ئاجاقیش بە شێوەی تورکی کە ئەمەش نیشاندەری فەرهەنگ و کلتووری هەڵگرانی ئەو زمانەیە و ئێمە لە ڕووی ڕووکردی زمانەوە دەتوانین ڕادەی ڕۆشنبیری و دەرکی فەرهەنگی هەڵگرانی ئەو زمانە و ئەوەی بەو زمانە نووسراوە بکەین، بە واتایەکی دیکە متاومی واچمی کە زوان "دابینکەری چەشنی جیهان بینی مرۆڤە"[١١٥]

شێوەی هەورامی هەندێك گرنگیی و توخمی زمانەوانی تێدان لەوانەش وزەی گوتار و کاریگەری مانەوەی لە نەستدا کە ئەمەش بەندە بە هێزی زوان و توخمەکانی وەك "دەنگ و مۆرفیم و ڕستەو بەیان و... هتد".

هەر ئەم شیرینی زوانییەیە بیەن بە هۆکار بۆ ئەوەی تا قۆناغی تۆمارکردن

١١٥- شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامیلەگاساکان تا..- نووسین و لێتوێژینەوە: عادڵ محەمەد پوور- لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان-٢٠٠٨ سلێمانی-چاپخانەی بابان- لا ١٣.

و نووسینەوە ئەم کەرەسە ئاینی و فەرهەنگی و کلتورییە بەهۆی ئەزبەرکردنەوە بێتە پاراستن، بۆ ئەمە نموونەیەکی زیندووتر لەبەر چاوانە، ئەگەر سەرنج لە گۆرانیەکانی دەڤەری گەرمیان بدەین دەبینین سەرباری ئەوەی زۆرێك لە گۆرانیبێژ و تەنانەت ئاخێوەران بەو زمانە شێوەی ئاخاوتنی خۆیان لەبیر کردووە، کە ئەمەش لەناو بەشێکی زەنگنە و باجەلان و... هتد دەبینرێت، بەلام کاتێك قەتار و خاوکەر و ئای ئای و ئەللا وەیسی و گۆرانییەکانی دیکە دەچڕن، دەچنەوە سەر ئەو شیعرانەی بەو شێوە زوانە نووسراون، ئەمەش نیشانەی کاریگەرییە نەستییەکانی زوانە.

٢- تەواوی دەقەکان لە بازنەی ئایینی ئەهلی هەقدان و لێکدانەوەیان پێویستی بە وردەکاری هەیە بۆیە مەتاومی بە ئاسانی لەو تێکستانە حاڵی بیمی تا شارەزاییمان لەو ئایینەدا نەبێت، هەربۆیەش هەوڵمان داوە بەو پەراوێزانە کەمێك زانیاری لەسەر ئەو ئایینە بدەین. تا کەمێك ئاسانکاری بۆ وانەر کەرمێنە، هەرچەندە نابێت نووسەر دابەزێتە ئاستی خوێنەر و بەپێچەوانەوە ئەوە خوێنەرە دەبێت سەرکەوێتە ئاستی نووسەر و تێکست.

٣- ئەم تێکستانە و تەواوی تێکستەکانی ناو کتێبەکانی ئەهلی هەق سەرچاوە و گوڕی زوان و فەرهەنگی وەڵێنەمانن و مشیۆ بە چەمێوی بەرێزەوە لێیان بڕوانین و شانازی بە برگە و بابەتەکانیانەوە بکەین ئەگەرچی لەگەڵ بیروبۆچوونیشماندا نەگونجێت، چونکە ئەوە سامانی کلتووری ئەم نەتەوەیەیە و نەك تەنیا هەورامییەکان یان ئەوانەی بەم شێوە زوانە دەئاخڤن ، بەڵکو کورد بەگشتی دەبێت شانازی بەم کلتورەوە بکات.

٤- ئەگەر تەماشای زەمەنی هەریەك لە ژیانی ئەو ژنە شاعیرانە بکەن ئەوا



قۆناغێکی زێڕین بەرچاو دەکەوێت، ئەویش قۆناغی ئایدیایەکی کوردانەی ڕەسەن بووە لەگەڵ برەوسەندنی ئەو ئایدیایەدا یان ئەو ڕێ و ڕچەیەدا کە لە ڕاستیدا من بە ئایینێکی تایبەتی دەزانم و تەواوی پێکهاتەکانی ئایین لەو ڕێ و ڕچەیەدا هەیە و بەدی دەکرێت،

٥- شیعری کوردی لەو قۆناغەدا بەتایبەت شیعری ئافرەتانی شاعیر زۆر لەبرەودابووە، بەڵام وردە وردە ڕووی لە کزی کردووە و لەگەڵ جێگرتنەوەی بە بیرێکی دیکە.

ئەوەی زیاتر هاندەر بوو بۆ من ئەو کارە بکەم و جودی خودی شاعیرەکان و گرنگی قۆناغەکەیان بوو، ڕەنگە بەسەدان کەسی دیکە ئەگەر زیاتر پێ دابگرین بڵێین ڕۆشنبیرانی ئەهلی هەق زۆربەیان لە ئێمە زیاتر تێکست و دەقی ئەو خانمانەیان بینیوە و بیستووە بەڵام ئەوان وەك (دەقێکی پیرۆز) مامەڵەی لە تەکدا دەکەن و ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوانە و هیچ کەسێکی (کەلام) نووسی نێو ئایینەکەیان بە شاعیر نازانن و ڕەنگە ئەستەمیش بێت بە شاعیر ناوی ببەن. نەك خوانەکردە ئەوان شاعیر بە شتێکی خراپ بزانن، بەڵکو بەو پێیەی ئەوان وەك دەقی ئایینی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەیتانەدا دەکەن.

## فەرهەنگی هەندێك لە وشە و زاراوەکانی ئایینی یارسان[116]

| ز | وشە | ماناکەی |
|---|---|---|
| ١ | ئینا | ئەمەیە |
| ٢ | ئەدا | دایك |
| ٣ | ئاما | هات |
| ٤ | ئەونامە | بەمنداڵێك دەوترێت کە سەری دەسپێرن |
| ٥ | ئیوەت | شابرایم |
| ٦ | ئاڵ | رەنگێکە لەنێوان سوور و زەردا |
| ٧ | ئاخر سەڵات | مەحشەر |
| ٨ | ئەوسا | ئەوکات |
| ٩ | ئەژدیهای دووسەر | زولفەقار |
| ١٠ | ئیوەت | لەدەورەی یەکەما دۆنی عالی قەلەندەر و لە پەردیوەردا بابا یادگارە |
| ١١ | ئەڵا | الله |

١١٦_

١- لغتنامە دعاهای یارسان-خط سید ایمان خاموشی- دەستنووس.

٢-کلام خان الماس- گرداوری سید خلیل عالی نژاد-دەستنووس.



| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | بوینی | ببینی |
| ١٣ | بواچان | بڵێن |
| ١٤ | بوینان | ببینن |
| ١٥ | بنیشان | دابنیشن |
| ١٦ | بنیەران | دابنێن |
| ١٧ | بگوزەران | تێپەڕن |
| ١٨ | بەیان | بێن |
| ١٩ | بگیرا | بگرن |
| ٢٠ | بڕەژۆ | ئارایشت بکا |
| ٢١ | بەڕ | بیابان |
| ٢٢ | بولبول | جاڕچی |
| ٢٣ | باتن | دنیای غەیب |
| ٢٤ | بار | دەریا |
| ٢٥ | بەیا | بەکوردی کراوی بەیعەتە |
| ٢٦ | باردی | بێنن |
| ٢٧ | باران | بێنن |
| ٢٨ | بوەسان | ببەستن |
| ٢٩ | بورەشان | بفرۆشن |
| ٣٠ | پۆس | پێست- ئاماژەیە بۆ جەستە |
| ٣١ | پەشمە پۆش | صوفی |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٢ | پەری | بۆ |
| ٣٣ | پەیجۆر | گەڕان |
| ٣٤ | ترکە | بچوك |
| ٣٥ | تویل | بەکوردی کراوی (گویل) ە- گەورە |
| ٣٦ | تەیار | پاك |
| ٣٧ | تەشار | کانی پیرۆزی تەشار لە هەورامان |
| ٣٨ | تشتەر | ئاماژەیە بۆ گەرما- هێمای پیاوە |
| ٣٩ | تاو | خێرا — سرعت |
| ٤٠ | جامە | جەستە-قاوغ |
| ٤١ | جفت و جام | پەیوەست بوونی دوو دڵ (بۆ هاوسەرگیری بەکار دێ) |
| ٤٢ | جفتان | ژن و مێرد |
| ٤٣ | جەم-جەمخانە | شوێنی بەجێگەیاندنی مەراسیمە ئایینییەکانی یارسان |
| ٤٤ | چەی | لەمە |
| ٤٥ | چوار بەحر خامان | ئاماژەیە بۆ چوار رەگەزی ئاو، با، ئاگر، خاك |
| ٤٦ | چەم | چاو |
| ٤٧ | چەنی | لەگەڵ |
| ٤٨ | چین و ماچین | ئادەم و حەوا |



| | | |
|---|---|---|
| ٤٩ | چل چەنی چواری | مەبەست لە چل تەن و چوار مەلائیکەی رێنوێنیکەری خاوەندکارە |
| ٥٠ | چلانە | دەستەی چل دەروێشی حەزرەتی سوڵتان |
| ٥١ | حەفت والآی مەندیل | حەوتەوانە |
| ٥٢ | حەفت نوری نازدار | هەفتەوانە- حەوتەوانە |
| ٥٣ | خانان | ئاماژەیە بۆ پیربنیامین |
| ٥٤ | خۆشکاو | خۆشحاڵ |
| ٥٥ | خاران | خرابکاران-دوژمنانی حەقیقەت |
| ٥٦ | خەناس | ئەهریمەن |
| ٥٧ | خامۆش | سەید ئەکابەری خامۆش |
| ٥٨ | دەلیل و دانان | ئاماژەیە بۆ داودی کەوسوار |
| ٥٩ | دام و دەستگا | ئاماژەیە بۆ دامەزراوەی ئایینی یارسان |
| ٦٠ | دەفتەر | دەفتەری پیرموسی |
| ٦١ | دەفتەردار | پیرموسی |
| ٦٢ | دیای | روانین |
| ٦٣ | دۆنادۆن | گەڕانی رۆح |
| ٦٤ | روچیار-رۆجیار | خۆر-ئاماژەیە بۆ شابرایم |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٤ | ڕێش | برین |
| ٦٦ | ڕەژیان | ئارایشت کراوە |
| ٦٧ | زێڵ | کانگای هەست و سۆز |
| ٦٨ | زام | برین-زەخم |
| ٦٩ | زەمی | زەوی |
| ٧٠ | زەنگبار- حوش | ڕەش پێست |
| ٧١ | زەردە گڵ | ئەو خۆڵەیە ئادەمی لێ دروستکرا |
| ٧٢ | ژیوای | ژیان |
| ٧٣ | ژەرەژ | کەو |
| ٧٤ | ژەنای | ژەنین |
| ٧٥ | ساجنار | خۆر |
| ٧٦ | ساحبکار | خوداوەند |
| ٧٧ | سەرین | سەروتر |
| ٧٨ | سەڕافان | شارەزایانی نهێنی حەقیقەت |
| ٧٩ | سین و ئەلف و میم | سام |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٠ | شەرت و شۆن | شەرتی بنیامین |
| ٨١ | شەر | ئاسانکراوی ( شرع) |
| ٨٢ | شای کەرەم داران | مەبەست سوڵتان ئیسحاقە |
| ٨٣ | شۆن بەران | ئەهلی لێکۆڵینەوە |
| ٨٤ | شاحەیدەر | مەولا عەلی |



| | | |
|---|---|---|
| ٨٥ | شارەزیول | شارەزوور |
| ٨٦ | عەین و لام و ی | عەلی |
| ٨٧ | عەجەو | بەکوردی کراوی (عجب)ە |
| ٨٨ | عەرش | بارەگای حەزرەتی حەق و یارانی |
| ٨٩ | عالی | مەبەست لە عالی قەلەندەرە |
| ٩٠ | غەرقاو | کەسێك لە ئاوا بخنکێت |
| ٩١ | غافڵ | بێئاگا |
| ٩٢ | فام | تێگەشتن |
| ٩٣ | فاش | ئاشکرا |
| ٩٤ | قەڵەم زەڕین | مەبەست پیر موسی یە |
| ٩٥ | قانا | قانع- رازی |
| ٩٦ | قیصری قیصر | کرداری ژن و مێرد |
| ٩٧ | قاپ ڕۆح | جەستە |
| ٩٨ | قەویل | قبوڵ |
| ٩٩ | قرمزی | شـــاوەیس قـــولی دوەم جلـــوەی دەرکەوتنی سوڵتانە |
| ١٠٠ | کەران | بکەن |
| ١٠١ | کافور | ئاماژەیە بۆ سەرما- هێمای ژنە |
| ١٠٢ | کینە | قین |
| ١٠٣ | کاوە | کەعبە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٤ | کەرا | دەکەن |
| ١٠٥ | گونبەت | میعراج |
| ١٠٦ | گردین | هەموو |
| ١٠٧ | گیرۆ | بگرێت |
| ١٠٨ | گیرە | بیگرە |
| ١٠٩ | گردما | هەموومان |
| ١١٠ | گیلا | دەگەڕێ |
| ١١١ | لالە | پاڕانەوە |
| ١١٢ | لەوح | ئاسمان |
| ١١٣ | لوان | چوە |
| ١١٤ | لازمەن | پێویستە |
| ١١٥ | لاشان | لایان |
| ١١٦ | مویچە | بەشە قوربانی لە جەمدا |
| ١١٧ | مەزهەر | دۆن- یۆرت |
| ١١٨ | میردان | یاران |
| ١١٩ | مەورۆ | دەبرێت |
| ١٢٠ | ملان | دەچن |
| ١٢١ | مەوازو | دەیەوێت |
| ١٢٢ | مەوازان | دەیانەوێت |
| ١٢٣ | مەگێلم | دەگەڕێم |



| | | |
|---|---|---|
| ١٢٤ | مەشوری | دەشۆم |
| ١٢٥ | مەویژان | ئەبێژن |
| ١٢٦ | ماچان | دەڵێن |
| ١٢٧ | ماچمی | دەڵێین |
| ١٢٨ | ماچی | دەڵێیت |
| ١٢٩ | میکایل | پیر میکایلی دەودانی- یەکێکە لە هەفتاو دوو پیر |
| ١٣٠ | مور | گیانەوەر |
| ١٣١ | میر | سەید |
| ١٣٢ | مرغ | رۆح |
| ١٣٣ | ماچۆ | دەڵێت |
| ١٣٤ | نال | نەعل |
| ١٣٥ | نەی | لەناو ئەمە |
| ١٣٦ | نەکەران | نەکەن |
| ١٣٧ | نەبو- نەوا | نەبێت —نەبن |
| ١٣٨ | نوختت | گوفتارت |
| ١٣٩ | نەی سایەی عەلەم | ئاماژەیە بۆ پەرچەمی یارسان |
| ١٤٠ | نەوەس | نەفس |
| ١٤١ | ناوەکام | ناکام |
| ١٤٢ | نەقش یاریشان | مەبەست لە سمێڵە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٣ | وانان | خوێندووه |
| ١٤٤ | وەهەم | لەگەڵ یەکتر |
| ١٤٥ | وەرجە | پێش |
| ١٤٦ | وەرەتاو | خۆرەتاو |
| ١٤٧ | واتە | گوفتار |
| ١٤٨ | وەرچینان | پێشتر |
| ١٤٩ | ویم | خۆم |
| ١٥٠ | وست | خست |
| ١٥١ | وەرین | پێشین |
| ١٥٢ | هاج | سەرشێت |
| ١٥٣ | هاشار | شاراوە |
| ١٥٤ | هورمزگا | ئاگرگە- ئاتەشگەدە |
| ١٥٥ | هیتە | جوت |
| ١٥٦ | یار زەردەبام | بابا یادگار |
| ١٥٧ | یا | سەرەتای دروست بوونی گـەردون _ یا سوڵتان |
| ١٥٨ | یاڵدار | ئەسپ |
| ١٥٩ | یار | هاوەڵ و شوێنکەوتە |
| ١٦٠ | یانە | ماڵ |
| ١٦١ | یاوا | گەیشت |
| ١٦٢ | یاوان | گەیشتووە |
| ١٦٣ | یاوێنی | گەیشتوون |
| ١٦٤ | یاوناش | گەیاندی |
| ١٦٥ | یاونا | دەگەیەنن |
| ١٦٦ | یورت | دۆن |
| ١٦٧ | یۆشان | خۆیان |
| ١٦٨ | یوشا | یەکێکیان |
| ١٦٩ | یەرۆ | رۆژێك |
| ١٧٠ | یە | ئەمە |

## سەرچاوەکان


١ - سام الدين تبريزيان،گرداوری و تدوين، مجمع الكلام سرانجام اهل حق، جلد ٢، دوره بابا هندو، بند١٠و١١و١٣و٣٢ ، دەستنووس.

٢- مركلباخ، راينهولد، ميترا (ايين و تأريخ)، ترجمەی توفيق گلی زاده، تهران، ١٣٨٧، نشر اختران.

٣- شورتهايم، اسمار، گسترش يك ايين ايرانی در اوروپا، ترجمەی نادر قلی درخشانی، چاپ اول، تهران،١٣٨٧.

٤- حسن المقصود في عمل المولود، جلال الدين السيوطي،١٤٢٥ هـ ، من منشورات موقع المسلم ، موسوعة إسلامية صوفية سلفية شرعية

٥- محمد صقر خفاجة، هوميروس، مكتبة نهضة مصر، القاهرة، بدون تأريخ.

٦- السوفسطائيّة في الفكر اليوناني، د. محمد حسين النجم، إصدارات بيت الحكمة ببغداد، ٢٠٠٨.

٧- فلسفة أرسطو والمدارس المتأخرة، دار الثقافة العربية ٢٠٠٦م.

٨- نظرية المعرفة عند أرسطو، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، القاهرة ٢٠٠١م، الفصل ٤.

٩- اديان آسيايي. د.مهرداد بهار. نشر چشمه. تهران. ١٣٧٥ش.

١٠- بيبێك دێبرۆی و دیپاڤالی دێبرۆری، ئوم ريگ ڤيدا، وەرگێڕانی، ئاری ئەنوەر صالح، د. نیگا حسێن رەحیم، د. سایە حەسەن مستەفا، د. کۆزارا حەمەرەشید نادر، پیاچوونەوەی عەبدوڵڵا حەسەن سیوەیلی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥ سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم.

١١- سرزمين هند، علی اصغر حكمت، تهران چاپ اول، ١٣٣٧ش.

١٢- ما للهند. ابوريحان البيرونی. ترجمه علی اكبر دانا سرشت. تهران.بدون سال چاپ.

١٣- ارزش ميراث صوفيه. د.عبدالحسين زرين كوب. أميركبير. تهران. ١٣٦٢ش.

١٤- إحسان إلهی ظهير، التصوف .. المنشأ والمصادر، الطبعة الاولى،١٤٠٦ هـ، اداره ترجمان السنه ،قومی پريس، لاهور — پاكستان.

١٥- نشأة الفلسفة الصوفية وتطورها، دكتور عرفان عبد الحميد ص ٧٤ . ط المكتب الإسلامي بيروت ١٩٧٤ م.

١٦- دفتر كلام حضرت شيخ امير، باهتمام حسين روحتافی، بخط سيد ايمان خاموشی، صحنه ١٣٧٩ ، دەستنووس.

١٧- الكلاباذي، أبو بكر محمد، التصوف لمذهب أهل التصوف، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٠.

١٩- بارت، رۆلان: و. ئیسماعیل زارعی: رەخنە و هەقیقەت، ٢٠٠٧ هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان.

٢٠ - گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر- ژمارە (١) محەمەد عەلی سوڵتانی لە دیمانەیەکدا سازدان- نامق هەورامی.


٢١- كشاورز، كريم: تاريخ ماد، دياكونوف، ترجمە، تهران، چاپ ششم

١٣٨٠، شركت انتشارات علمى و فرهنگى.
٢٢- سلطاني، محمد علي: قيام و نهضت علويان زاگرس، جلد ١ ،تهران ،نشر سها، ١٣٧٦-١٣٧٧، ص ٢٦-٢٧.
٢٣- رۆستەم. ئەیوب: یارسان،٢٠٠٦ –سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان ، ل ٢٦.
٢٤- دفتر درويش نوروز- دەستنووس – بياری پروردگار توانا بتاريخ بيست و هفتم ارديبهشت ماه ، هزارو سيصد و شصت و هفت -١٣٦٧/٢/٢٧ شمسى بدست بنده خاص على نوروزى برابر اصل رونوشت گرديد.
٢٥- دانيشور. فريدون: دفتر نوروزى سورانى، مقدمه و حاشيه نويسى و معانى لغات – تهران ١٣٨٢- چاپ اول.
٢٦- طاهري. طيب: گرداورى، تحقيق و ويراسته: سرانجام ( دفتر اول) مجموعه كلامهاى يارسان، كاكەيى، اهل حق ، اربيل، انتشارات اراس.
٢٧- بۆرەکەیی. سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ ، بەرگی یەکەم .
٢٨- دەفتەری شاخۆشێن – دەستنووسە – لەسەر دەستنووسێکی کۆن ساڵی ١٣٦٨ نووسراوەتەوە.
٢٩- طاهري. طيب: گرداورى، تحقيق و ويراسته: سرانجام ( دفتر اول) مجموعه كلامهاى يارسان، كاكەيى، اهل حق، اربيل، انتشارات اراس.
٣٠- عەبدوڵڵا نەجاتی: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان ٢٠٠٥، وتاری ئەهلی هەق- مینۆرسکی.



٣١- مەحموود پوور. رەووف : خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب، نشر احسان، تاران، ٢٠٠٨ م .
٣٢- نامق هەورامی: زمان سیمۆلۆژیا لە (زەڕنەو ئاسۆی)دا، گۆڤاری هەورامان، ژ ٢٠ ،پایزی ٢٠١٠، مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان دەری دەکات.
٣٣- مەولەوی. عبدالرحیم بن سعید معدوم کورد: دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی مەلاعبدالکریم مدرس، چاپی پێنجەم ١٣٨٦ ، انتشارات کوردستان، سنه.
٣٤- سعيدى. گل بابا: فرهنگ اصطلاحات عرفانى ابن عربى، تهران، چاپ سوم ١٣٨٧، انتشارات شفيعى.
٣٥- شەبەنگی زوانی کوردی هەورامی لەگاساکان تا..- نووسین و لێتوێژینەوە: عادڵ محەمەد پوور-لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان-٢٠٠٨ سلێمانی-چاپخانەی بابان- .
٣٦- موقع الطريقة القادرية العلية - قواعد الطريقة، www.alkadria.com
٣٧- راستگۆ عادل حەمەسەعید، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ماڵپەڕی هەژان - http://www.hezhan.org
٣٨- لغتنامه دعاهاى يارسان-خط سيد ايمان خاموشى- دەستنووس.
٣٩-كلام خان الماس- گرداورى سيد خليل عالى نژاد-دەستنووس.
٤٠- تأريخ و فلسفەى سرانجام، فرهنگ يارسان ( شرحى بر اعتقادات و نحلەهاى فكرى در كردستان)، پژوهش و نوشته، طيب طاهري، چاپ اول٢٠٠٩، چاپخانەى روژهەلات (هەولير).

# پاشکۆکان


هو العلی الاعلی


مجمع الکلام سرانجام اهل حق

جلد دوم

گردآوری و تدوین: سام الدین تبریزیان

سەرەنجامێکی دەستنووس

کۆکردنەوەی سامەدین تەبریزیان




هرکس که سرقش زیاد بسانو   تا فردا دیوان خجل بمانو
صاحب قربانی ویش پخته کرد   چنی آش گوشت کل وجم درو
اگر بمانو ذره اویانه   قبولش نین شای یگانه
خیر خدمتش یکسان بو نبون   باوروی وجم باصدق یقین

٨

صاحب قربانی او هم چون یاران   بشیو بسانو وینه بشی داران
اویش هم وه طور یاران یاور   باید نورو ذره زیاد تر
بشی زیادی مارنو وکس   قبولش نین پادشای الس
پوست قربانی باوران اوجم   هرچه بهاش سبز بکین دردم
گرده دوتیری ژچهل زیاد تر   دوشاهی سفیدی بدان صرف بسر
دوشاهی داود سفیدین یاران   اوسا رایج بی بدان وشاران
جهت بسانان وجم نشینان   مردان اخلاص صاحب یقینان
ختم کران آداب هفت دعای عظیم   زیارت کن جم وه رسم قدیم
آخر آو گرم باوران وجم   پاک بشوران دست جم نشین کل هم
ناتمام مبو کار کردارش   تا قلم زرین ثبت کی طومارش
خواص خواص ارکانش باوران وجا   پی روسفیدی فردا رو عقبی
٢ ونام او طرفه دایس نمانو + باید ذره هم نیاز نمانو

لاپەڕەی سەرەنجامێکی دەستنووس







بەرگی دەستنووسی (هەشت دەروێشی چل تەن)





**لاپەڕەیەک لە فەرهەنگی دیوانی خان ئەڵماس**

**دەستنووسی سەید خەلیلی عالی نەژاد**







**نموونەی لاپەڕەیەکی دەفتەری مەلا فەتتاح کەندولەیی کە لەمۆزەخانەیەکی ئەڵمانیا بە فەرمی تۆمار کراوە**





**دەستنووسی گوفتارەکانی خان ئەڵماس**






**دەستنووسی دیوانی شێخ ئەمیر**





**دەستنووسی دەورەی شائەیاز**






**دەستنوسێکی دانسقەی دیوانی عابدینی جاف**
**کە تێکستەکانی نەرگس خانمی تێدایە**



۴۹ توریز مرمو:

گوهر و دری

یاریمان نیان گوهر و دری


داود و موسی بیان چه ستری

بنیامین مدران شرطش کی تری

- اول و آخرم صاحبکرم . تمام شد ۴۹ بند میباشد.

**نموونەیەکی تری تێکستی دایە تەورێز**
**لە سەرەنجامێکی دەستنووسدا**





یه صبوره چون اورا ابراهیم دیدی

۲۸ گرچک مرمو:

من آن داودم کبودم بود مرکب

به اذن شاه در آن دریا گردیدم سبب

باز گرداندم آن کشتی نیل و تب

گناه قرنخ به صبوره بخش گو داد این مذهب

۲۹ قیصر مرمو:

گنای بیشمار

قیصر نامی گنای بیشمار

خدام سرهنگا یورتش هزار

چنی هزاره بیام و شهیار

۳۰ سرنج مرمو:

۳۱ رمزبار مرمو:

یا شاه آن راه تو نجاتش نبود

آن ذات بیزوالت صفاتش نبود

هرکس براهت زدین بکلول آورد

زخمی ز تو خورد که هیچ شفاش نبود

۳۲ توریز مرمو:

بابا آن نوری که در نور تو نشود تاقی


هرکس در میدان تو سرش نبود سلاقی

آنکس که در ذات تو شکا آورد

مزه طوبا نچشد در روز باقی

۳۳ قیصر مرمو:

**تێکستێکی دایە تەورێزی هەورامی**
**لە دەستنووسی دەورەی بابا سەرهەنگ دا**



۳۲

ناعوث مرمو

ناعوث اعلا — ناعوث نانی ناعوث اعلا

قاضی و احمدم وایمه باوا — قندیلم روشن چراغ شادا

قاضی مرمو

قاضی غضب کر — پری شکداران قاضی غضب کر

نیزه سیم ندست امیر شش پر — تیغ دو سریم نشفت حیدر

ناعوث مرمو

ناعوث خوشین — ناعوث نانی ناعوث خوشین

چه ذرّ آمانی او ذات سنگین — قبالم نسیان نه تاش حورین

حمزه مرمو

یاران نشان — نشاط بکردی یاران نشیان

کوک تنسورم آما و زوان — دعدۀ خوشینم پایه شیره خان

داعجزان مرمو

شیره کریاجور — ندست بله مردم کریا جور


وادمان رسان ندست ای گور — دستی وش آفات وندانش بزر

شیره مرمو

گردنم حرصه — دوستان گیانی گردنم حرصه

بلدی باوردش او شیطه خرسه — چه بله وش موروترسه

**تێکستێکی دایە خەزانی سەرگەتی**
**لە دەستنووسی دەورەی بابا ناوس**



۱

بنام حیدر صاحب جام جم

وز بور حقیقت دفتر

درویش مراد قلخانی

۱

کمان کمانن — اجبار و تاقی کمان کمانن

مولام نه اخر یارم دیوانن — سید یعقوب صیاد بازش هانه بن

دستم دا مانت و قیت وعده تن — راگه نجاتن وعده فرصتن

چتر طاوس رنگ بی نیا — شاه آما و روی دیدار بنیا

نولسر و قندا علیم سوار بی — بازم رحض بی دور یار بی

شرق ذوالفقار بلاچه دور سر — برقا مدا ندو یر یاران دلبر

یه مراد واتن و گفته حیدر


قبضه ذوالفقار شاه نروی سر

**دەستنوسێکی کۆن و مۆرکراوی دەورەی**
**دەروێش مرادی قەڵخانی**




دەستنووسێکی یارسان
لە مۆزەخانەی بەرلین





نموونەی دەستنوسێك لە بەرلین
کە خۆشنووسی ژنێکی کوردە بە ناوی نازدار

# کلام دوره گلە زرده

## از کلامهای دوره پردیوری

١ رزبار مرموا: آومرا ومهری صیاد سلطانا آو مرا ومهری

داود ردوانا موسی ردبری گلشان آورد پادگاوەدری

گل کش کاک احمد بیغش جوهری ها بنیا مینا رزمش پش کری

گوشت وگلە زرده پش و آلوری نچیر ساحبار بی و منددری

اول آخرم میردان بری پالقمه وگلە گرتشان لنگری

اول آبشه پیچان گوهری آخر آبشه هم مویچه م بری

اول آخرمان تیغ واسری گردمان پالقمه بو نیم هدری

شاهد گای میردان خواجای سروری اولمان آگل قاپی حیدری

تێکستێکی ڕەمزبار
لە دەستنووسی دەورەی گڵە زەردە دا



١٢ شاه خوشین مرمو:

از ابر بهاران برآرم دمه را

از گرگ درنده بستانم بره را

دیده هر دو جهان به نیم جو نخرم

صراف هر دو جهانم می شناسم همه را

١٣ ریحانه مرمو:

چاکا حاضربی نه حضور یار

او حاضر مرکو آماپی شکار

یاران باورو پیری خاوندکار

١٤ کاکاریا مرمو:

مستم از خرابات ولی از می نه

نقلم همان نقل حریفم شیٔ نه

ای عالمیان نشان دولت این است

عالم همه از من است و من از وی نه

١٥ ریحانه مرمو:

چه بالا طایی

آما سواری چه بالا طایی

خطایی شاخوشین خوشین خطایی

تیغش مورو چه گاو تا ماهی

١٦ شاه خوشین مرمو:

ریحانه ریحانه سوار دلیر

در این وقت آمدی بحضور شیر

پلنگ کاکا پنجه وستن گیر

١٧ شاه خوشین مرمو:

ریحانه بکش بریم درشون یاران

بردن رهه آمانه نیشان


تا ببینیم دیده خویشان

١٨ چلوی مرمو:

هزار سوار آما یویش دیارا

پلیوش راما چه تر تا بارا

نموونەی تێکستی ڕێحان خانمی لوڕستانی
لە دەستنووسێکی دەورەی شاخۆشین دا



أمر خواجامان بین ونصیوی    چه شاهو بلمی او دالهو کیوی
تاکو مدتی مودی غریوی    ژودما مبو پریت وشیوی
باوانت بی تو دلشان مدیوی    چه هیجراندا مودی گریوی
میان ودالهو بی سرکشی وی    هاچم وچمشان تازه مبودی
وریز سوار بره وچل دچیوی    ببیشو تلمیت پی راگو ریوی
تا بلمی پری دالهو کیوی


خاتون زینب مرمو:

کفتنم چه ویر    سید محمد براو باوانم کفتنم چه ویر
وریز سا بلمی پری شاره زیور    ها دل پنه شان محروشو چه دوبیر
گرگر ملزیو چون آگر تنوبر    پی براو باوان بنیه نم دلگیر
ایشو تا وصوی خاوم بین پژیر    چمان لوانی وچاوانم تییر
هرچیوم مکرد چه خونو خوطیر    ورمم ناماوه نیه نم تقصیر
خورای خور اسرم مویا سرازیر    آخر لوانم پی خواجو خمیر
خمیرم پژاد ناچه و فطیر    ها ژنانم ماست مایم دان وشیر
اون چه خونا بیانم چه ویر    اینا سوچیاوه دسم و کفیر

٤٨٩

**نموونەی تێکستی خاتوون زەینەب**
**لەسەرەنجامێکی دەستنووسدا**







١ سلطان مرمو: پیره بارگایچی بجکوی شنروی تخم کردن لال
بارگات بکیشه بر او شنروی
٢ رمزبار مرمو: و شنرویوه
عاجویم دین و شنرویوه
شنروی سامش ایسا و سیوه
ذات ویش ناسا وچل خوریوه
٣ داود مرمو: برزن نه برزه
شنروی برزا برزن نه برزه
چنش مویره تیرش بورزه
حکم خواجامن ای سره لرزه
٤ یار احمد مرمو: اوکوی شنروی
بارگای شام وستن اوکوی شنروی
وستن او جمنه گوران دوی
نی پاوازوه آوش مجوی
٥ سلطان مرمو: بیانی اوسان

شنروی برزه بچیو نه کریان
٦ عابدین مرمو: بوری ویانه
وستن او کشان ذات یکدانه
٧ احمد مرمو: بچیو نه هاوار
شنروی برزا بچیو نه هاوار
وستشتان وکوه ذات خاوندکار
٨ سلطان مرمو: بیو بلو سر
غلام میو بیو بلو سر
شنروی لرزا بگیروش لنگر
لطف یارپشا ای سروا...
٩ یارا...

**نموونەی تێکستی رەمزبار**
**لە دەستنووسی دەفتەری شنروێ دا**



٤٢
یا ساح سنگین وکان نوه میردان وچیای یکیشان جه تاریکه شوه
روچیاری نما نوامرو جه دیرگاه وقت اروینا
فری کس وروای کاره کردنش طیا ورووه کره تو نمی زما
وسن اودمشق میرزا اقلی مرو زماو زماو ندوستن او دمشق
ودوست غلام کیجیم داسیان اوفرشق وشله واجده داوو توشانی پشک
ای پیر پیش وا بکتر مرو عرضی تومن ای پیر پیش وا
ودستون کلید و درگاه سازی بوزه تا بیوخواجا
تونی دلیل میرزا اقلی مرو بکتر تونمی دلیل
وناز ساتی به پیچه مندیل چنی آوردم حاضرن جلیل
بکتر و میرزا بابا جلیل مرو سمن وساتی وزی وهامپا
یو یو بکردی موی سوا
یا دلدل سوار سمن مرو امانی امان صاحب ذوالفقار
ونازاو وقت توشیت نیچیار بنمانه رمزی باقی آشکار

**نموونەی تێکستی سەمەن خانم**
**لە دەفتەری دەستنووسی دەورەی بابا جەلیل دا**


٢٧
ذره ذات یار بورا او ویر دفتر بوانان ندجله ضفد
برانان پرشون گشت دفترداران چند جامه وجبه آمان ویاران
وینش اایاز ذره وذات یار ودیده میردان بینی آشکار
راستش که سادات عظیم الشان سرشاه ایاز تو نمزانی
خبر بونرا ودیده داران ومیردا حق دایم بیداران
ذات خاوندکار آمان وشین بخامه ایاز آشکار بین
سیدان دورمال جه هوگانی بیان وپابوس ایاز شانی
برانان ایاز ذات مطلق سرکس نزان داننده حق
ودیده میردان یاران اخلاص هرادا اقرارش کردن وایاز

خاتمه یافت گفتار
درویشان دوره شاه ایاز
اول آخر یار

**دەفتەری دەستنووسی دەورەی**
**شا ئەیاز**




دەستنووسێکی دەفتەری شا تەیموور






نموونەی تێکستی عاستا(ڕەمزبار)
لەدەفتەری دەستنووسی دەورەی سیروان دا




**نموونەی تێکستی فاتمە لوڕەی گۆران**
**لە دەستنووسی دەورەی شاخۆشین دا**





**دەستنووسی دەورەی شاخۆشین**
**کە تێکستێکی (فاتمە لوڕەی گۆڕان) ی تێدایە**



چونکه از یاقوت بیم بنیامین دری    گله زرده‌نان او گاو سرّی

پیرستم مرمو

بند ۴۴    سحاک سرور    ابتدا و نام سحاک سرور

هم خدا هم شاه هم ذات حیدر    بواچم شرح عالی قلندر

ایوت اقرارش چیون آورد وجا    قبولشان کرد پیر و پادشاه

گیان تسلیم کردن ایوت حشار    او ژه مرقد ویش گردن قرار

پری یارسان بی و قبله گاه    کوشک شاه دین بیش و بارگاه

ایوت و ظاهر تهی کرد قالب    پری اظهارش یاران بین طالب

بنیامین شرط و رخصت شاه    دامش تنه‌وه ژه سرّ بی آگاه

بیدار کرد نه ملک هندستان یاری    نه زرده بام دا او کرد دیاری

نامش یار احمد ماواش زرده بام    آما و حضور جم سرانجام


ژه هر سامان دا یاری بی آگاه    آما و خدمت سلطان یکتا

نامشان اید بی هفتنهٔ نازار    جم بین و حضور ذات صاحبکار

**کەلامێکی سان سەهاك**

**لە دەستنووسێکی تری دەورەی گڵەزەردە**





١ کاکاردا مرمو:

چه مله گاهی سرم برد او د یار

دیم گوره کناچه منش جه هوار

چمش یوی وا اسرینش هزار

بارش خالقن کاو نمیرو بار

واتم وروه کره ای یومه سالار

چه حالی بین مگریوی و زار

٢ ماماجلاله مرمو:

کاکاردا سوار دانا

یه حکمی آما یحی هفت آسمانا

خلک لرستان به ذولش مزانا

٣ کاکاردا مرمو:

نمامهٔ تو ذول نین به ذولش نمزانا

صایو دلدلو ذوالفقار و شیر غرانا

ایمی کرد و مهمان یانهٔ میرزا آمانا

٤ شاخوشین مرمو:

کاکا تو غلطت وات غلطت وانا

ازیزوانان هیچکس نزانا

صایو هفت طوق زمیو هفت آسمانا

و مرکو جلالهٔ نا و مهمانی آمانا

٥ کاکاریا مرمو:

پاشاه سوارانیم سواران سراون

دلیرانیم دلیران غداون

کور باطنان چنمان نکران گزن

جلاله بکرا خوشینش فرزن

٦ شاخوشین مرمو:

مامام جلاله کاکام رنگینه

دون و دون آمام چینه و چینه

**دەستنووسی دەورەی شاخۆشین**

**کە نموونەی تێکستێکی ماماجەلالەی لوڕستانی تێدایە**

سوارشاه‌خوشین اسمش هزارا خواجام دیارا مرانه رمه
19 شهریار مرمو :
هزارسوارآما یویش هاودرز
پلیوش راما نه‌سما تا ارض
سوارشاه‌خوشین گوش آورداومرز
20 میه زرد مرمو :
هزارسوارآما یویشا نیشان
پلیوش راماچه ماه سیوان
سوارشاه‌خوشین گوش برد نه میان
21 چلوی مرمو :
ای رمه زنی پری شام کردن
خواجام سوارا اسبشا زردن
خواجام خوشینا شفای گرد دردن
22 شهریار مرمو :
مرانه رمه


ریاش درپیشا خواجام چیون شمه
شمش آفتاوا ینه‌نش گمه
23 میه زرد مرمو :
خوشین جبار
هزارسوارآما یویشا جبار
جبارخوشینا ایمشا شکار
ورهمتوه برزنی دیار
24 میه زرد مرمو :
شهریار سرمس
ورهمتوه برزنی سرمس
دیار برزنی وطی دس طی دس
خواجام نی هرمت ونش نیو گس

**نموونەی تێکستی میەزەرد**
**لە دەستنووسە کۆنەکاندا**







**دوو کچ گۆرانی دەڵێن**
یەکێك لە تابلۆکانی ناو دەستنووسی خورشید و خاوەر
کە لە مۆزەخانەیەکی ئەڵمانیا پارێزراوە




لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسی خورشید و خاوەر
بە کوردی– هەورامی  نوسراوە، لە مۆزەخانەیەکی ئەڵمانیا پارێزراوە




کلام دوره بابا حیدر کاکائیم

زات موتلقی نیشتن وشانم

بند_٤) دادا سیمە مرمو

یاران          بیدیوه

نەزاگە، وبلان یک یک بیدیوه

بزانیم زات شاه نشتن وکیوه

وهرکس نشتن شیت بیا لیوه

بند_٥) بابا حیدر مرمو

سیمە رنگینن

یاران بزاندی سیمە رنگینن

سیمە جلالن مامای خوشینن

هم ادای ناوز خورمال نشینن

بند_٦) یوسف کرمانج مرمو

سیمە یارنی

هر نەروی آنل سیمە یارني

٢

نموونەیەکی تێکستی دادا سیمە
لە دەستنووسی دەورەی بابا حەیدەردا




نووسەر لەبەردەم زیارەتگای شای هەورامان(سان سەهاکی بەرزنجی) دا

# پێڕست


| | |
|---|---|
| ژن لە فەلسەفە و عیرفاندا | ٩ |
| ژن لە ئاست و پلەی بیری فەلسەفیدا | ١١ |
| ژنان لە پیاوان نزیکترن لە ڕۆشنبوونەوە | ١٣ |
| سۆفیگەری ژنانە | ١٦ |
| پیر و مامۆستای فەیلەسوفان دەبێ فەیلەسوف بن | ٢٤ |
| پێشگۆس پەرستگای (دەلفی) لە یۆنان | ٢٥ |
| شاگردانی قوتابخانەی فەلسەفی فیساغۆرس | ٢٦ |
| ســۆفــیزم | ٤٩ |
| سۆفیزم لە یۆناندا | ٥١ |
| سۆفیزم لە هیندستان | ٥٣ |
| سۆفیزمی عەرەبی | ٥٦ |
| ئەهلی حەقیقەت | ٥٩ |
| پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری عەرەبیدا | ٦١ |
| سۆفیگەری کوردی | ٦٦ |





| | |
|---|---|
| یــارســان | ٦٩ |
| نامەی سەرەنجام | ٧٢ |
| گرنگی لێکۆڵینەوە | ٧٤ |
| ئامانجی لێکۆڵینەوە | ٧٥ |
| دایە تەورێزی هەورامی | ٧٨ |
| جەلالە خانمی لوڕستانی ٤٠٦ تا ٤٦٧ | ٨٤ |
| ڕێحان خانمی لوڕستانی | ٩٤ |
| فاتمە لوڕەی گۆران | ٩٨ |
| لزا خانمی جاف | ١٠٢ |
| مەی زەرد | ١١١ |
| دایە خەزانی سەرگەتی | ١١٥ |
| دایراکی ڕەزبار | ١٢٢ |
| حەبیبەی شارەزووری | ١٢٩ |
| خاتوو نازداری شیرازی | ١٣٢ |
| نێرگس خانمی شارەزووری | ١٣٥ |
| زەڕبانوی دەرزیانی (خاتون) | ١٤٠ |
| سەمەنی دەودانی | ١٤٢ |

| | |
|---|---|
| خاتوون گوڵێ | ١٤٣ |
| خاتوون زەینەب | ١٤٥ |
| دادا سیمە | ١٥٤ |
| دەرەنجام | ١٦٠ |
| سەرچاوەکان | ١٧٣ |
| پاشکۆ | ١٧٧ |